# قەڵای بڕوادار
# بە
# ویردو یادی پەروەردگار

ئامادەکردنی

حەمزە بەرزنجی

O

إنَّ الحمدَ للهِ نَحمدهُ ونَستعينُهُ ونَستغفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أنفُسِنا وسيّئاتِ أعمالِنا، مَنْ يهدِهِ اللهُ فلا مُضلّ لَهُ، ومَنْ يُضلِل فَلا هاديَ لَهُ، وأشهَدُ أن لا إله إلا الله وحْدَهُ لا شريكَ له، وأشهَدُ أنَّ محمّداً عَبْدُهُ ورَسولهُ.

(ياأيهُّا الذينَ آمنوا اتّقوا اللهَ حَقَّ تُقاتهِ ولا تَموتُنَّ إلاّ وأنْتُم مُسلِمونَ) (آل عمران: ١٠٢)

(ياأيهُّا النّاسُ اتّقوا ربَّكُمُ الّذي خَلَقَكم مِنْ نَفسٍ واحدَةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجالاً كثيراً و نِسآءاً واتّقوا الله الذّي تَسآءلونَ بهِ وَالأرحامَ إنّ الله كانَ عليكمُ رَقيباً) ( النساء:١)

(ياأيُّها الذين آمَنوا اتّقوا اللهَ وقولوا قولاً سَديداً يُصلِحْ لَكُمْ أعمالَكُم ويَغفِر لَكُمْ ذُنوبَكُم وَمَنْ يُطعِ اللهَ وَرَسولَهُ فَقَدْ فازَ فوزاً عَظيماً).( الأحزاب: ٧٠-٧١)

أما بعدُ :

فإنّ أصدقَ الحديثِ كِتابُ الله، وخيرَ الهَدي هَدِيُ مُحمّد(ﷺ)، وشَرَّ الأمُور مُحدَثاتُها، وكُلَّ مُحدَثةٍ بِدعة، وكلَّ بِدعَةٍ ضَلالَةً، وكُلَّ ضَلالَةٍ في النّارْ.

# بەشی یەکەم:

## ناوە جوانە تەواوەکانی خوای گەورە

﴿ وللهِ الأسماءُ الحُسنى فادعوُهُ بِها وذَروا الَّذينَ يُلحِدونَ في أسمآئهِ سَيُجزَونَ ماكانوا يَعمَلونَ ﴾ (الأعراف: ١٨٠) .

**واتە: بۆ خوای گەورەیە جوانترینی ناوەکان. جابەو ناوانە لێی بپاڕێنەوەو وازلەوکەسانە بهێنن کە لە ڕاستێتی ناوەکانی لادەدەن‌و هاوبەشی بۆ پەیدادەکەن‌و ناوی تری لێ دادەتاشن. بەسزای کردەوەی خۆیان دەگەن"[١]**

**وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت:** (( إنّ للهِ تِسعةَ وَتسعينَ إسماً، مَنْ أحصاها دَخَلَ الجَنّةَ ))[٢] . **وەلە ریوایەتێکی تردا :** (( إنّ للهِ تِسعةَ وَتِسعينَ إسماً، مِائةً إلاّ واحِداً، لا يحفظُها أحدٌ إلاّ دخَلَ الجنةَ، وَهُوَ وِترٌ يُحبُّ الوِترَ )).

**واتە: خوای گەورە نەوەدو نۆ ناوی هەیە لە سەد یەکی زیادەیە، هەر کەسێ لەبەری بکات (کە ئەمە وتەی بوخاری و زۆربەی زانایانە، وە ووتراوە: ماناکەی بزانێ و بڕوای پێی هەبێ، وە وتراوە تا ئەتوانێ خۆی بەماناکەی بڕازێنێتەوە) دەچێتە بەهەشتەوە.وە خوای گەورە تاکەو تاکی پێ‌خۆشە.**

**بەڵام زاناکان دەفەرموون: خوای گەورە هەر ئەم نەوەدو نۆ ناوەی نییە و بەس، بەڵکو زیاد لە(١٥٠) ناویان هێناوە لە قورئان و سوننەتدا، وە زیادەی دوای فەرموودەکە کە ناوەکانی هێناوەو ژمارددوویەتی و (ئیمام ترمزی) ڕیوایەتی کردووە لە ئەبی هورەیرەوە (ضعيف) لاوازە . وەك (الحافظ) دەفەرموێت لە (الفتح)دا** (٢١٥/١١). **وە ئیبن تەیمیە لە** (مجموع الفتاوى)(٣٨٢،٣٧٩/٦) **باسی ئەوە**

---

[١] تفسير ابن كثير ٤٤٢/٢.

(٢) أخرجه البخاري: كتاب الدعوات(٦٤١٠) ومسلم: كتاب الذكر والدعاء (٣٦٧٧) .

دەکات کە ئەو زیادەیە ووتەی پێغەمبەر(ﷺ) نییە بە هاودەنگی شارەزایان بە فەرموودەکە، بەڵکو ئیمام ترمذی لە هەندێ شێخی شامیەوە باسی کردووە.

# نەوەدو نۆ ناو لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە

**الله**: ناوی تاکو پیرۆزی خوایە، کۆکەرەوەی ناوو سیفەتەکانییەتی، واتە: پەرستراوی بەحەق.

**الأوّل**: یەکەمین، پێش هەمووشت هەبووە.

**الآخر**: دواهەمین، پاش هەموو شت دەمێنێ.

**الظاهِر**: دیارو ئاشکرایە بۆ خاوەن ژیریەکان بە هۆی بەڵگەکانەوە، دەستەڵاتدار بەزانستی بەسەر هەموو شتێکدا.

**الباطِن**: پەنهانو شاراوەیە لە چاوی بەندەکان و زانایە بە ئاشکراو پەنهانەکان، نزیکە بە زانست و توانای.

**العَليّ**: بەرزی بەدەستەڵات.

**الأعلى**: بڵندە بە هەموو روویەك بە زات و سیفات و قەهری، بڵند بۆتەوە لەسەر عەرشەکەی.

**المُتَعال**: بەرز بەسەر دروستکراوانیەوە، وە خۆپاکگر لە سیفاتی دروستکراوان.

**العَظِيم**: مەزنایەتی و خاوەنی شکۆو دەستەڵات و توانای بێکۆتا، وە لە هەموو گەورەیەك گەورەتر.

**المَجيد**: پایەبەرزی تەواو، ڕێزدارو چاکەکار.

**ألكَبير:** گەورەی بێکۆتا لە گەورەیی داو هەموو شتێك جگە لەو بچوکە.

**السّميع:** بیسەری وەلاٌمگۆی بێ سنوور بە هەموو شتێك.

**البَصير:** بینەری بێ سنوور بە ئاشکراو پەنهان و شارەزا.

**العَلِيم:** زانایە بەبێ فێرکردن بە هەموو دروست کراوان و نهێنی یەکانیان وە زانایە بە چپەو ئاشکرا.

**الخَبير:** شارەزا بە ووردەکاریی شتەکان لەسەر حەقیقەتی خۆی.

**الحَميد:** سوپاس کراوو کاربەجێ لە کرداریدا، شایستەی ستایشە لە خۆشی و ناخۆشیدا.

**العَزيز:** زاڵ، هەرگیز ناشکێ، دەسەڵاتداری بەهێزی بێ وێنە.

**القَدير:** بە توانای بێ سنوور.

**القادِر:** بە توانایە بەسەر هەموو شتێکداو هیچ ماندووی ناکات.

**المُقْتَدِر:** بەتوانای تەواوەو هیچ شتێکی لێ عاصی ویاخی نابێت.

**القَويّ:** بەتوانا بەسەر هەموو توانایەك داو هەرگیز بێدەستەڵاتی ڕووی تێناکات.

**المَتين :** بەهێزی بێنیاز بەهاوتاو بێکۆتا.

**الغَنيّ :** دەوڵەمەندی بێ پێویستی بە بەندەکانی، بەڵکو دروستکراوان موحتاجی ئەون.

**الحَكيم:** کاربەجێی لێزان، بێ هەڵە لە کارەکانی دا.

**الحَليم:** هێدی، ئارامو پاش خەری سزاو بێ پەلەیە، ڕۆژی دەری سەرپێچیکەرە.

**العَفوّ:** لێبووردە لە گوناە.

**الغَفور**: لێخۆش بوو، گوناه پۆش.

**الغَفّار**: لێبووردەی تەنیاو پۆشەری عەیبە و نەنگییە، هەرکات تەوبە بکرێت لە گوناه دەبورێت.

**التّوّاب**: تەوبە وەرگری بەندەکانی کاتێ تەوبە دەکەن.

**الرّقیب**: چاودێر بە بەندەکانیو زاناو ئاگادارە بە کارو کردەوەیان.

**الشّهید**: ئاگادار، هیچی لێ ون نابێو ئاگاداری بەندەکانێتی چی ئەنجام دەدەن.

**الحَفیظ**: پارێزەری زەوی و ئاسمانەکان و بەندەکانی، وە ئاگاداری کردارو ووتەو نیەتی بەندەکانێتی.

**اللّطیف**: نەرمو چاکەکار لەگەڵ دروستکراوان و بەندەکانی و ڕۆزی دەریان.

**القَریب**: نزیکە بە زانستی، وە نزیکە لەو کەسانەی لێی دەپاڕێنەوە بە وەڵامدانەوەیان.

**المُجیب**: وەڵامگۆ، وەڵامی پاڕانەوە دەداتەوە بە بەخشین، وە وەڵامی ناچارو پێگیراو دەداتەوە بە دەرو لێ کردنەوەیان.

**الوَدود**: خۆش ویستراو لەدڵی دۆستەکانیدا، وە بەندە صالحەکانی خۆش دەوێت و لێیان رازی دەبێت و کردەوەیان قبوڵ دەکات.

**الشّاکِر**: سوپاسی کردەوەی کەم دەکاتو رازی دەبێت لێی و وەری دەگرێت و پاداشتی دەداتەوەو لە گوناهی زۆر خۆش دەبێت.

**الشّکور**: سوپاسی چاکەی کەم دەکات و پاداشتی زۆری دەداتەوەو نیعمەتی زۆر دەبەخشێ و بە شوکری کەم رازییە.

**السَیِّد**: سەروەرو گەورەو خاوەنی سەروەری رەها. خاوەنی هەموو شتە.

**الصَّمَد**: جێی مەبەستو جێی نیازە لە هەموو پێویستیەکدا، وەپێویستی بەکەس نییە، وە سیفات تەواوەو کەس لەسەرو ئەوەوە نییەو سەرداری نییە.

**القاهِر**: بەتواناو دەستەڵاتدار بەسەر هەموو شتێك دا.

**القَهّار**: سزادەرو زەبونکەری بێ بڕواو هاوبەش پەیداکەران بەتوانای خۆی.

**الجَبّار**: خاوەن دەستەڵاتی ناچارکار.

**الحَسِيب**: ئەوەندە دەبەخشێت کە بەسیان بێت، لێپرسەرەوەو جێی ڕاز بۆ بەندەکان و بۆیان بەسە.

**الهادي**: ڕێ پیشاندەری کەسانێك کە بیەوێت بۆ ڕێگای ڕاست. ڕێنمویکاری دروستکراوان بۆ بەرژەوەندییەکانیان.

**الحَكَم**: فەرمانڕەوای دادوەر، حوکمڕان لە نێوان هەقو بەتاڵ.

**القُدُّوس**: پیرۆزو پاك لەهەموو عەیبو ناتەواوییەك لە سیفەتەکانیدا و ، ئەو خوایەی کە تەسەور ناکرێت.

**السَّلام**: بێ عەیب، دڵنیاکەری ئەو کەسانەی کە شایستەی سزا نین.

**البَر**: چاکەکاری بەبەزەیی لەگەڵ دروست کراوەکانیدا.

**الوَهّاب**: بەخشەری بێ داوای پاداشت و بەخشەری تەوفیق و چەسپان لەسەر دین.

**الرَّحْمن**: بەبەزەیی ، بەزەییەکەی هەموو شتێکی گرتۆتەوە .

**الرَّحيم**: بەخشندە، بەرامبەر بەو کەسانەی کە ویستی لێیەتی لە ئیمانداران.

**الكَريم**: بەرێزی نیعمەت بەخش بە بەندەکانی و بێ هەڵەو ناتەواوی.

**الأَكرَم**: ڕێزگری دۆستو هەڵبژێردراوەکانیەتیو بەخشەرە بەبێ بەرانبەر.

**الرَّؤوف**: زۆر میهرەبان بەرانبەر بەگوناهباران.

**الفَتّاح**: رِوونکەرەوەی هەق و بەتاڵ و فەوتێنەری بەتاڵ، وە دادوەری نێوان بەندەکان بە هەق، دەروکەرەوەی دەرگاکانی رەحمەت و رۆزی و کارەکان و سەرخەری ئیمانداران و ستەم لێکراوان.

**الرّازق**: ڕۆزی دەری هەموو زیندەوەران .

**الرَّزّاق**: دروستکراوانی دروست کردووەو رۆزی پێ گەیاندوون، رۆزی دانی هەموو دروستکراوانی گرتووەتەوەو کەسیانی تایبەت نەکردووە پێی لە گوێرایەڵانی

**الحَي**: زیندووی بێ سەرەتاو کۆتاییو ئەزەلی .

**القَیّوم**: هەڵسوڕێنەری بوونەوەرو کارو کردارو بێ ئیحتیاج بەکەس و هەموو کەسێك هەژارو موحتاجی ئەوە.

**الرَّبّ**: پەروەردگاری بێ وێنە، دروستکەرو خاوەنی دروست کردن و فەرمانکردن، هەڵسووڕێنەری کارو بوونەوەروپەروەردگاری سەرجەم بەندەکانی.

**المَلِك**: پادشاو خاوەن موڵکی تەواو و دەست رۆیشتوو لە موڵکیدا .

**المَلِيك**: موڵك بەدەستی دروست کراوەکان.

**الواحِد**: یەكو تەنیا، تەنیایە لە زاتی دا.

**الأحَد**: تاك، تەنیای بێ حەوجێ بەکەس. تەنیایە لە زات و سیفاتیدا.

**المُتَكَبِّر**: خۆبەگەورەزان، خۆبەگەورەگر لە خراپەو ستەم، گەورە لەسیفاتی دروست کراوانو تەنیا لەگەورەیدا.

**الخالِق**: دروست کەری دروستکراوانی و داهێنەریان لەسەر شێوازێك کە پێشتر وێنەی نەبووە.

**الخَلاّق**: بەدیهێنەری کاربەجێ.

**البارِيء**: بەدیهێنەری جوانکار.

**المُصوِّر**: وێنەکێش، وێنەکێشەری هەموو دروست کراوان هەریەکەو لەسەر شێوەیەك.

**المُؤمِن**: دڵنیاکەری دۆستەکانی لە سزاو بەخشەری ئەمین بوون لە ترس و خەفەت بە بەندەکانی، وە بەڕاست دانەری بەڵێنەکەی بۆ بەندەکانی.

**المُهَيمِن**: ئاگادارو پارێزەی شتەکان، چاودێری پارێزەر بە ووتەی کرداری دروستکراوانی.

**المُحيط**: تواناو زانستی دەوری هەموو شتێکی داوە.

**المُقيت**: بژێوگەێن و بەخشەری رزق و رۆزییان. دەستەلاَتدار .

**الوكيل**: کار پێسپێردراو، پشتو پەنا.

**الكافي**: بەس، بۆ بەندە ئیماندارەکانی بەسە ئەگەر بیکەنە پشت و پەنا.

**الواسع**: فراوان، ڕۆزیدانی هەموو دروست کراوانی گرتۆتەوەو بەزەییەکەی هەموو شتێکی داپۆشیوە.

**الحَقّ**: پایەدار، ڕاستو ڕەواو هەق بە بوونی.

**الجَميل**: جوانی بێسنوور لە زات و سیفات دا.

**الرَّفيق**: نەرم و بە بەزەییە بە بەندەکانی و ئاسانی دەوێت بۆیان و گرانی ناوێت و لەسەرو توانایانەوە تەکلیفیان لێ ناکات ، بەڵکو دەیانبەخشێ و نەرمە لەگەڵیان.

**الحَيي**: بەشەرم بەجۆرێك هاوتای نییەو لەهیچ شتێك ناچێ.

**السَّتِير**: داپۆشەری عەیبو گوناه.

**الإله**: پەرستراوی هەق.

**القابِض**: ڕۆزی لێگرەوە، وێك هێنەر.

**الباسِط**: ڕۆزی بۆ فراوانکەر . لەدوودەر.

**المُعطي**: بەخشەر. هەموو شتێکی چاکی بەخشیوەو داویەتی.

**المُقدِّم**: پێشخەری دانەر لەشوێنی خۆیداو پێشخەری سزا بۆ کەسێك شایستەی بێت بە حیکمەتی خۆی.

**المُؤخِّر**: دواخەری دانەر لە شوێنی خۆیداو دواخەری سزا بۆ کەسێك شایستەی بێت بە حیکمەتی خۆی.

**المُبين**:ڕۆشن کەرەوە.ڕوون کەرەوەی زاتی خۆی کەبێ هاوەڵە. یان ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای چاکەو کرداری وە ئەو کردەوانەی هۆکاری سزای ئەون.

**المَنّان**: خاوەنی منەتو فەزڵو بەخشین، شایستەی منەت کردنە.

**الوَلي**: یاریدەدەری گوێ ڕایەڵی کەرانی و سەرخەری بەندە ئیماندارەکانی و سەرپەرشتی کاریان و لە ڕۆژی دواییدا خۆی پاداشت و سزایان دەداتەوە.

**المَولى**: پشت و پەناو سەرپەرشتی کاری ئیمانداران.

**النَّصير**: سەرخەری بڕواداران.ە

**الشّافي**: شیفادەری دەردەکان تەنها ئەوە.

**مالِكُ المُلك**: خاوەنی موڵك. چۆن بیەوێ دەیگۆڕێ.

**جامِعُ النّاس**: کۆکەرەوەی خەڵکی لە ڕۆژی دواییدا.

**نُورُ السَّموات والآرض**: **به نوری خۆی كوێران چاو رۆشن دەكات و به هیدایەتی خۆی سەرگەردان رێنموویی دەكات، نورو ڕۆشنكەرو ڕووناكی ئاسمانەكانو زەوییە به هۆی بەڵگەكانیەوە.**

**ذوالجَلالِ والإكرام**: **شایستەی شكۆو رێز، خاوەنی دەستەڵاتو بەخشندە .**

**بَديعُ السَموات والأرضِ**: **داهێنەری ئاسمانەكانو زەوی**[٣] .

---

(٣) **بڕوانە ئەم ناوانە لەگەڵ بەڵگەكانیان لەقورئانو سوننەتدا له كتێبی** (شرح الأسماء الحسنى في ضوء الكتاب والسنة)ی سعيد بن على بن وهف القحطاني، **وە بڕوانە** (معالم التوحيد)**ی د.مروان ابراهيم القيسى..المكتب الإسلامى.**

# بەشی دووەم :

## ❁ چەند تێبینییەك

**ذیکر: بریتییە لە دەربڕینی چەند وشەیەك بە دەم یان لەدەروون دا بەو شێوەیەی کە خوای گەورە پاشان پێغەمبەرەکەی(ﷺ) ڕێیان پێداوەو تیایدا بە گەورە زانین و پاك ڕاگرتن و ستایش کردن و یادکردنی پەروەردگاری تێدایە. وە بەندە لەسەری پاداشت وەردەگرێتەوەو تای تەرازووی چاکەکانی پێ‌دەوڵەمەندو قورس دەکات، وە بەهۆیەوە لە دنیاشدا دەپارێزێ لە شەیگانو خراپە.**

- **برای خۆم، بزانە کە قورئان زیکرە و گەورەترین زیکریشە، خوای گەورە دەفەرمویّ:** ﴿ وَمَنْ أعرَضَ عن ذِكري فإنَّ له مَعيشَةً ضَنكاً وَ نَحشُرُهُ  يومَ القيامةِ أعمى.. ﴾. (طه: ١٢٤)

**واتە: هەرکەسێك پشت هەڵبکات لەم زیکرهی من کە قورئانە ئەوا ژیانێکی ناسۆری دنیاو ناو گۆڕی بۆ هەیەو لە ڕۆژی دواییدا بە کوێری حەشری دەکەین.**(٤)

- **وە نوێژ کردن ذیکرە:** ﴿ يأيُّها الذينَ آمنوا إذا نُودِيَ لِلصّلاة مِنْ يَومِ الجُمُعَةِ فاسعَوا إلى ذِكرِ اللهِ وذَروا البَيعَ..﴾.(الجمعة: ٩)

**واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە کاتێك بانگ درا بۆ نوێژی ڕۆژی هەینی ئەوا بە گرنگی پێ‌دانەوە بچن بەرەو ذیکری خواو دەست لە مامەڵەو کڕین و فرۆشتن هەڵگرن.**(٥)

**هەروەها پاڕانەوەو سڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) ذیکرە و فێرکردنی خەڵکی لە زانستی شەرعی ذیکرە و زۆربەی هەڵس و کەوتەکانی تری ڕۆژانەش زیکری تایبەت بە خۆیان هەیە.**

---

(٤) مختصر تفسير إبن كثير(٢/٤٩٤-٤٩٥).

(٥) مختصر تفسير ابن كثير(٣/٤٩٦-٤٩٧).

١- هەموو زیکرێك تەواو نییە تا بە زوبان نەوترێت و دەرنەبڕدرێت بەجۆرێك خۆی بیبیستێ ئەگەر بیستنی تەواو بوو.

٢- یادکردن(ذکر)ی خوای گەورە بەدڵ و زوبان چاکترە لەوەی تەنها بەدڵ بکرێت ، وە یادکردنی خوا تەنها بەدڵ چاکترە لە یادکردنی خوا تەنها بە زوبان، وە پێویستە کەسی زیکرکەر مانای ئەو ذیکرانە بزانێ و دالغەی لەلایان بێت.

٣- زۆر جار چاك وایە لەکاتی ذیکرکردندا بیپچڕێتو دوایی بچێتەوە سەری لەبەر چەند هۆیەکی گرنگ. وەکو وەڵام دانەوەی سلاوکەرێك یان یەکێك پژمی و ووتی (الحمد لله) پێویستە وەڵامی بداتەوە بە ( يَرحَمُكَ الله) یان وەڵام دانەوەی تەلەفۆن.

٤- لەش گرانو ئافرەتی بێ نوێژو زەیستان (الحائضَة والنفساء) دەتوانن بەدڵو زوبان ژیکر بخوێنێو جائیزە وەکو تەسبیحاتو پاڕانەوە.

٥- خوێندنی قورئان ئەگەر ئایەتێك یان چەند ئایەتێك بێت دروست نییە لەسەر لەش گرانو ئافرەتی بێ نوێژو زەیستان. بەڵام ئەگەر ژیکرێکی دەخوێندو لە ژیکرەکەدا ئایەتێك یان زیاتری تێدابوو ئەوە دروستە بەمەرجێ مەبەستی سوننەتەکە بێت.

٦- ذیکرکردن لە هەموو کاتێکدا چاکەو جائیزە تەنها لەچەند کاتێکی شازدا نەبێت، وەکو کاتی سەرئاوکردن یان کاتی جیماع یان کاتی گوێگرتن لە ووتاری هەینی یان کاتی خەواڵویی.

٧- ئەگەر دەمت پاك نەبوو ئەوا بەئاو پاکی بکەرەوە. وە ئەگەر تامی گۆڕابوو ئەوا بەسیواك پاکی بکەرەوەو ئینجا ذیکر بخوێنە، چونکە ذیکرکردن یان قورئان خوێندن بەدەمی ناخاوێنەوە مەکروهە بەڵام حەرام نییە، وە لە شوێنێکی پاك و بە دەست نوێژەوەو بەشێوەیەکی خشوع دانیشە ئەگەر کرا .

**٨- ذیکری خوا لە هەموو حاڵەتێکدا لەشداو بەهەموو شێوەیەك جائیزە. ئیتر بەوەستانەوە بێت یان دانیشتن یان ڕاکشاوی یان بەڕێگاوە. بەڕۆیشتن یان بەسواری، خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿ الَّذين يَذْكُرونَ اللهَ قِياماً وَقُعُوداً وَعَلى جُنُوبِهِم...﴾. **(آل عمران: ١٩١)**

**واتە: ئەو ئیمانداره ژیرو تێگەیشتوانەی کە یادی خوا دەکەن بە پێوەو لە کاتی دانیشتن و لە کاتێکدا لەسەرلاو تەنیشت کەوتوون.**[٦]

**٩- ئەگەر بۆ کاتێك یان شوێنێکی دیاری کراو چەند ژیکرێك هاتبوو لە فەرموودەی صەحیح دا: ئەوا چاك وایە هەرجارەو یەکێکیان بووترێ، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) وای کردووە. وە چاك وایە خوو نەگرین بە دانەیەکیانەوە. تا لە خێرو پاداشتی هەموویان بێبەش نەبین.**

---

٦) مختصر تفسير ابن كثير(١/٣٤٦).

# بەشی سێیەم:

## پاڕانەوە (الدُّعاء)

**خوای گەورە دەفەرمویت :** ﴿ وَقالَ ربُّكُمُ ادعوني أستَجِب لَكُم. إنَّ الَّذينَ يَستَكبِرونَ عَنْ عِبادَتي سَيَدخُلونَ جَهَنَّمَ داخِرينَ ﴾ . (الغافر: ٦٠)

**واتە: خوای پەروەردگارتان فەرمانتان پێدەکات بە پاڕانەوە و بەڵێنی داونەتێ بە وەڵامدانەوەی . ئەوانەی لە پەرستش و پاڕانەوە لێم و یەکتاپەرستی من یاخین ئەچنە دۆزەخەوە بە بێ ڕێزی و سووکی و ڕیسوایی.**[٧]

**وە دەفەرمویت:** ﴿ و إذا سألَكَ عِبادي عَنّي فإنّي قَريبٌ أُجيبُ دَعوةَ الدّاعِي إذا دَعانِ فَليستَجيبوا لي وَليُؤمِنوا بي لَعَلَّهُم يَرشُدونَ﴾.( البقرة:١٨٦ )

**واتە: ئەگەر بەندەکانم پرسیاریان لێکردی لە بارەی منەوە ئەوە من نزیکم، وەڵامی داواکەر دەدەمەوە ئەگەر داوا بکات، دەبا وەڵامی فەرمانەکانی من بدەنەوەو باوەڕم پێبێنن بەڵکو سەرفرازببن.**[٨]

**پێغەمبەریش(ﷺ)دەفەرمویت:**((الدُّعاءُ هُوَ العِبادَةُ وَقالَ رَبُّكُمُ (ادعوني أستَجِبْ لَكُم )).[٩]

**واتە: پاڕانەوە پەرستشە . پەروەردگارتان دەفەرموێ : لێم بپاڕێنەوە وەڵامتان دەدەمەوە.**

**وە دەفەرمویت(ﷺ):** (( إنّ رَبَّكُم تَبارَكَ وَتَعالى حَييٌ كَريمٌ يَستَحي مِن عَبْدِهِ إذا رَفَعَ يَدَيهِ إليهِ أن يَرُدَّهُما صِفراً )).[١٠]

---

(٧) مختصر تفسير ابن كثير ٢٤٩/٣.

(٨) مختصر تفسير ابن كثير ١٦٤/١.

(٩) أبو داود ٧٨/٢ والترمذي ٢١١/٥ و ابن ماجه ١٢٥٨/٢ و برِوانة صحيح الجامع الصغير ١٥٠/٣ و صحيح ابن ماجه ٣٢٤/٢.

(١٠) أخرجه أبوداود ٧٨/٢ والترمذي ٥٥٧/٥ وابن ماجه ١٢٧١/٢ وقال ابن حجر سنده جيد. وة بروِانة صحيح الترمذى ١٧٩/٣.

**واته: پەروەردگاری پاك و بەرزی ئێوە بەشەرم بەڕێزە شەرمی لێ دێت کاتێك بەندەیەکی هەردوو دەستی بۆ بەرزبکاتەوە و بپاڕێتەوە کە بەبێ ئومێدی و بە بەتاڵی بگەڕێنێتەوە.**

**وە دەفەرموێت(ﷺ):**«ما مِنْ مُسلمٍ يَدعُو اللهَ بدَعوةٍ ليسَ فِيها إثمٌ وَلا قَطِيعةُ رَحِمٍ إلاّ أعطاهُ اللهُ بها إحدَى ثلاثٍ: إمّا أنْ تَعَجَّلَ لَهُ دَعْوَتُهُ.وَإمّا أنْ يَدَّخرها لهُ في الآخرةِ. وَإمّا أنْ يَصرِفَ عَنْهُ مِنَ السُّوءِ مِثلَها. قالوا: إذاً نُكْثِرَ. قالَ: اللهُ أكثَر». (١١)

**واته: هیچ موسڵمانێك نییه کە بپاڕێتەوە لەخوای گەورە بەداواکاریەك کەتاوان و بێ بەزەیی نەبێت ئیلا خوای گەورە یەکێك لەم سێ شتەی دەداتێ:**

**١- یان پاڕانەوەکەی بۆ پێش دەخات و گیرا دەبێت.**

**٢- یان بۆی هەڵدەگرێ بۆ پاداشتی قیامەت.**

**٣- یان بەئەندازەی پاڕانەوەکەی خراپەو بەلای لێ دوور دەخاتەوە. وتیان: کەواته زۆر دەپاڕێینەوە. ئەویش فەرمووی: خوای گەورە زۆرتر پاداشتتان پێدەبەخشێ.**

(١١) الترمذي ٥٦٦/٥ و ٤٦٢/٥ وأحمد ١٨/٣ وانظر صحيح الجامع ١١٦/٥ وصحيح الترمذي ١٤٠/٣.

## لە ئادابەکانی پاڕانەوەو هۆکانی وەڵام دانەوەی[١٢]

١- نییەت پاکی (الإخلاص) بۆ خوای گەورە.

٢- دەبێ بەسوپاس‌و ستایشی خوای گەورەو صلاوات دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) دەست پێ بکات .

٣- جەزم کردن لەپاڕانەوەو بڕوابوون بەوەلاّم دانەوەی.

٤- سووربوون‌و دووبارەکردنەوە (إلحاح) لەپاڕانەوەداو پەلەنەکردن، واتە نەڵێت پاڕامەوەو گیرا نەبوو .

٥- ئامادەبونی دڵ لەکاتی پاڕانەوەدا.

٦- پاڕانەوە لە کاتی خۆشی و ناخۆشی و تەنگاوی‌و پێ‌گیراندا.

٧- جگە لەخوای گەورە لە کەس نەپاڕێتەوە.

٨- نەپاڕانەوە لەکەس‌و کارو سامان‌و منداڵ‌و خۆت بەخراپە .

٩- دەنگ نزم کردنەوە لەکاتی پاڕانەوەدا لە نێوان پەنهان‌و ئاشکرادا.

١٠- دان نان بەتاوان‌و داواکردنی لێ خۆش بوون لەخوا لێی‌و دان نان بەنیعمەت‌و سوپاس کردنی خوای گەورە لەسەری.

١١- زۆر لەخۆنەکردن لەرێکخستنی سەروا لە پاڕانەوەدا (عَدَم تَكلّف السّجع).

١٢- کوڕوزانەوەو خشوع‌و ئومێدو ترسان لەخوای گەورە.

١٣- گەڕاندنەوەی مافی ستەم لێ‌کراوان لەگەڵ تەوبەدا.

١٤- سێ بارە کردنەوەی پاڕانەوەکە.

١٥- ڕووکردنە ڕووگە ( القِبْلة ).

١٦- دەست بەرزکردنەوە لە پاڕانەوەدا.[١٣]

---

(١٢) بڕوانە ئەم ئاداب و هۆکانی وەلاّم دانەوانە لەگەڵ بەڵگەکانیاندا لە ( الذكر و العلاج من الكتاب و السنة) لاپەڕە ٨٨-١٢١.

**١٧- دەست نوێژ شتن پێش پاڕانەوە ئەگەر گونجا.**

**١٨- سنوور نەشکاندن لە پاڕانەوەدا (واتە نەپاڕانەوە بە شتی ستەم و مەحاڵ ودەنگی بەرز یان قوڵکردنەوەی مەسەلەیەك).**

**١٩- دەبێ دوعاکەر لە پێشدا بپاڕێتەوە بۆ خۆی پاشان ئەگەر ویستی بۆ غەیری خۆی بپاڕێتەوە.**[١٤]

---

(١٣) **بۆ شێوازەکانی دەست بەرز کردنەوە لەپاڕانەوەدا:** عن ابن عباس( رضى الله عنهما ) أنّ النبي (ρ) قال:
(( المِسألَةُ أن تَرفَعَ يدَيكَ حَذوَ مَنكبَيكَ أو نَحوَهما، و الإستغفارُ أن تُشيرَ بِأصبعٍ واحِدةٍ، و الإبتِهالُ أن تَمُدَّ يَدَيكَ جميعاً )).
حديث صحيح أخرجهُ أبوداود(١٤٨٩-١٤٩١) مرفوعاً و موقوفاً.

**واتە: بۆ داواکردن و پاڕانەوەی شتێك لە چاکە، یان دوور بوون لە خراپەیەك هەردوو دەستت تا ئاستی شانەکانت یان نزیکی بەرز دەکەیتەوە، وە بۆ داوای لێخۆشبوون کردن لە خوای گەورە بە یەك پەنجە( کە پەنجەی شایەتمانە) ئاماژە دەکەیت، وە بۆ کاتی زۆر ناڕەحەتی و سەغڵەتی و پەرێشانی هەردوو دەستت درێژ دەکەیت.**

**تێبینی:**

**(ابن باز) (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت) دەفەرموێت: (دەست بەرزکردنەوە لەپاڕانەوەدا سوننەتەو یەکێکە لەهۆکانی گیرابوونو وەڵام دانەوەی.. بەڵام سوننەت نییە کەدەست بەرز بکرێتەوە لەو شوێنانەدا کەلەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بەرز نەکراوەتەوە، وەکو دوعای دوای نوێژە فەرزەکانو نێوان هەردوو کوڕنوشەکەو پێش سلاَودانەوەی نوێژو کاتی ووتاردانی ڕۆژیهەینیو جەژنەکان.چونکە پێغەمبەر(ﷺ) لەو کاتەدا دەستی بەرزنەکردۆتەوە. بەڵام ئەگەر دوعای باران بارین (**الاستسقاء**)ی کرد لەخوا لەووتاری ڕۆژی هەینی یان دوو جەژنەکەدا ئەوا ئەتوانێ دەست بەرز بکاتەوە. هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) کردویەتی. بەڵام بۆ نوێژی سوننەت ئەوا هیچ ڕێگریەك نازانم لەبەرزکردنەوەی دەست لەپاڕانەوەی دوای نوێژەکەدا. بەبەڵگەی کارکردن بەهەموو دەلیلەکان. بەڵام باشتر وایە بەردەوام نەبیت لەسەر ئەمە. چونکە ئەمە لەپێغەمبەرەوە(ﷺ) نەهاتووە کە کردبێتی. خۆ ئەگەر بیکردایە لەدوای هەموو نوێژە سوننەتەکانەوە ئەوا هاوەڵان بۆیان نەقڵ دەکردین چونکە هاوەڵان هەموو ووتارو کردەوەکانی پێغەمبەریان(ﷺ) لەسەفەرو مانەوەیو لەهەموو کاتەکانیدا بۆ گەیاندوین ـ خوای گەورە لەهەموویان ڕازیبێت). بڕوانە کتێبی** (فتاوى مهمة تتعلق بالصلاة) **لاپەڕە ٤٧ ـ ٤٩..**

**(١٤) جەسپاوە لەپێغەمبەرەوە (ﷺ) کەسەرەتا بەخۆی دەستی بەپاڕانەوە کردووە. وەهەروەها جەسپاویشە کەبەخۆی دەستی پێنەکردووە وەکو پاڕانەوەی بۆ:** (أنس وابن عباس وأم اسماعيل) **و غەیری ئەوان وەبڕوانە**

٢٠- دەبێ تەوەسول بکات بۆ لای خوا بەناوە جوانەکانیو سیفەتە بەرزەکانی یان بەکردەوەیەکی چاك کەدوعاکەر خۆی ئەنجامی دابێت یان بە پاڕانەوەی پیاوچاکێکی زیندووی ئامادە کەبۆی بکات.

٢١- دەبێ خواردنو خواردنەوەو پۆشاکی حەلاڵ بێت.

٢٢- نابێ بپاڕێتەوە بەتاوان یان بێبەزەیی.

٢٣- دەبێ فەرمان بکات بەچاکەو بەرگری بکات لەخراپە.

٢٤- دوورکەوتنەوە لەهەموو جۆرە یاخی بوونێکی خوای گەورە.

---

**درێژەی ئەم مەسەلەیە لەشەرحی نەوەویدا بۆ** ( صحيح مسلم ) (١٤٤/١٥) **وە**(تحفة الاحوذي) **شەرحی** (سنن الترمذي) ٣٢٨/٩ والبخاري مع الفتح ٢١٨/١.

# چەند کات و شێوازو شوێنێك
# کە پاڕانەوەی تیایدا وەڵام دەدرێتەوە [١٥]

١- شەوی قەدر.

٢- کۆتایی نیوەشەو.

٣- لەپاش هەموو نوێژە فەرزەکانەوە.[١٦]

٤- لەنێوان بانگ و قامەتدا.

٥- کاتێك لەهەموو شەوێکدایە.

٦- لەکاتی بانگدان بۆ نوێژە فەرزەکان.

٧- لەکاتی باران باریندا.

٨- لەکاتی تێکرژانی سوپاکان لە جیهاددا .

٩- کاتێك لە ڕۆژی هەینی دایە: وە ڕاست ترین ووتە لەمەدا ئەوەیە کە کۆتایی کاتە لەکاتەکانی عەسری ڕۆژی هەینی، وە واردیش بووە کە ئەگونجێ لەو نێوانەدا بێت کە ئیمام لە کاتی ووتارداندا دائەنیشێ تا نوێژەکە تەواو دەبێ.

١٠- لەکاتی خواردنەوەی ئاوی (زەمزەم) لەگەڵ نیەتێکی ڕاستدا،( لەکاتی نەخۆشیدا دەخورێتەوە بەڵام بۆ دوعاکردن لەم کاتەدا بەڵگەم نەدیوە لەسەری )

---

[١٥] بڕوانە ئەم کاتو شێوازو شوێنانە لەگەڵ بەڵگەکانیان بەدرێژی لە ( الذكر و الدعاء و العلاج بالرقى من الكتاب والسنة) لاپەڕە ١٠١ ، ١١٨ .

[١٦] ابن تەیمیە( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئاماژە بەوە دەکات کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانی کرد بەمەعاژ کە لە پاش هەموو نوێژەکانەوە بڵێ: (( اللهُمّ أعِنّي على ذِكرِكَ وشُكرِكَ وحُسنِ عبادتِكَ )) وە باسی ئەوە دەکات کە(دُبر الصلاه) واتای پێش سڵاودانەوەیەو مانای دوای تەواو بوونی نوێژەکەش دەگەیەنێ. بەڵام لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) نەهاتووە کە لە دوای تەواو بوونی نوێژە فەرزەکانەوە بە کۆمەڵ پاڕابنەوە خۆ ئەگەر بیکردایە دەگەیشت پێمان. بۆ زیاتر شارەزا بوون بڕوانە(مجموع الفتاوى)(٢٨٩/١٢،٢٩٣،٣٠٣) کەواتە وا باشە موسڵمان زۆربەی دوعاکانی لە ناو نوێژەکەی دا بێت.

**١١- لە کوڕنوش دا (السجود).**

**١٢- لەکاتی بەخەبەرهاتن لەشەوداو پاڕانەوە بە سوننەتی ( مأثور) لەوکاتەدا.**

**١٣- ئەگەر لەسەر پاکێتی (دەست نوێژ) خەوتو پاشان لەشەودا بەخەبەرهاتو پاڕایەوە.**

**١٤- لەکاتی پاڕانەوەدا بە:** (( لا إلهَ إلاّ أنتَ سُبْحانَكَ إنّي كُنْتُ مِنَ الظالِمينَ)).

**١٥- پاڕانەوەی خەڵکی لەپاش مردنی کەسێك.**

**١٦- پاڕانەوە لەدوای ستایشی خواو صڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لەتەحیات دا .**

**١٧- لەکاتی پاڕانەوە لەخوا بەو ناوە گەورەیەی (الإسمُ الأعظَم) کە ئەگەر هەرکەسێك پێی بپاڕێتەوە وەڵام دەدرێتەوەو ئەگەر داوای پێ بکرێ پێی دەبەخشرێ.**[١٧]

**١٨- پاڕانەوەی موسڵمان بۆ برا موسڵمانەکەی بەپەنهانی.**

**١٩- پاڕانەوە لەڕۆژی عەرەفەدا لەعەرەفە.**

**٢٠- پاڕانەوە لەمانگی ڕەمەزان دا.**

**٢١- لەکاتی کۆبوونەوەی موسڵماناندا لەکۆڕی زیکردا.**

**٢٢- پاڕانەوە لەکاتی بەڵاو موسیبەتدا بەووتنی:** (( إنا لله وإنا إليهِ راجعونَ اللهُم اجْرْني في مُصيبَتي وأخلِف لي خيراً مِنْها )).

**٢٣- پاڕانەوە لەکاتی ڕووکردنی دڵ بۆلای خوای گەورە و تاوسەندنی دڵسۆزی (الإخلاص).**

---

[١٧] **بڕوانە ناوە گەورەکەی خوای گەورە لە لاپەرەکانی دواتردا.**

**٢٤- پاڕانەوەی ستەم لێکراو لەو کەسەی ستەمی لێکردووە.**

**٢٥- پاڕانەوەی باوك لە کوڕەکەی بەچاکەو خراپە.**

**٢٦- پاڕانەوەی گەشتیار (المُسافر).**

**٢٧- پاڕانەوەی ڕۆژووەوان هەتا بەربانگ دەکاتەوە.**

**٢٨- پاڕانەوەی ڕۆژووەوان لەکاتی بەربانگ کردنەوەدا.**

**٢٩- پاڕانەوەی ناچارو لێقەوماوو پێگیراو.**

**٣٠- پاڕانەوەی پێشەوای دادپەروەر.**

**٣١- پاڕانەوەی کوڕی چاکەکار لەگەڵ دایكو باوکیدا.**

**٣٢- پاڕانەوە لەدوای دەست نوێژ ئەگەر پاڕایەوە بە سوننەتی(مأثور)ی ئەوکاتە.**

**٣٣- پاڕانەوەی دوای ڕەجم کردنی (الجَمرةُ الصُّغرى).**

**٣٤- پاڕانەوەی دوای ڕەجم کردنی (الجَمرةُ الوسطى).**

**٣٥- پاڕانەوە لەناو کەعبەدا. هەرکەس نوێژی کرد لەناو(الحِجر)دا ئەوا هەر بە ( البَيت ) حسابە.**

**٣٦- پاڕانەوە لەسەر (صەفا).**

**٣٧- پاڕانەوە لەسەر (مەروە).**

**٣٨- پاڕانەوە لەلای ( المَشعَرُ الحَرام دا.**

**وە بڕوادار هەردەم لە پەروەردگاری خۆی دەپاڕێتەوە لە هەر شوێنێکدا بێت** ﴿وإذا سألَكَ عِبادي عَنيّ فإنّي قَريبٌ أُجيبُ دَعوَةَ الدّاعِ إذا دَعانِ... ﴾، **بەڵام ئەم کات و شوێن و شێوازانە پێویستییان بە چاودێری و گرنگی پێدانی زیاتر هەیە.**[١٨]

---

**(١٨) بۆ مەبەستی زیاتر شارەزابوون بڕوانە** (الدعاء ويليه العلاج...) **لا ٦ - ١٧.**

## ناوە گەورەکەی خوای پەروەردگار( إسمُ اللهِ الأعظَم )

١- (( أللهُمّ إنّي أسألُكَ بأنّ لَكَ الحَمْدُ. لآ إلهَ إلاّ أنْتَ (وَحدَكَ لا شَريكَ لَكَ) المَنّان (يا) بَديعَ السّمواتِ وَالأرض. ياذا الجَلالِ والإكرام. يا حَيُّ يا قَيّوم. إنّي أسألُكَ (الجَنةَ وأعُوذ بِكَ مِنَ النّار)))[١٩].

**واتە: خوایە من دەپاڕێمەوە و داوات لێ دەکەم بەوەی کەسوپاس‌و ستایش هەر بۆ تۆیە. هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لەتۆ ، تەنهای بێهاوەڵی، خاوەنی فەزڵ‌و منەتی . ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکان‌و زەوی . ئەی خاوەن پایەی بەرزو رێز. ئەی زیندووی مشوورگێڕی هەڵسوڕێنەری بوونەوەر. من داوای بەهەشتت لێ دەکەم‌و پەنات پێدەگرم لەئاگری دۆزەخ.**

٢- (( اللهُمّ إنّي أسألُكَ بأنّي أشْهَدُ أنَّكَ أنتَ اللهُ لا إلهَ إلاّ أنتَ الأَحَدُ. الصّمَدُ. الّذي لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَد. وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً أحد )) .[٢٠]

**واتە: خوایە من داوات لێ دەکەم بەوەی کەمن شایەتی دەدەم کەتۆ ئەو خوایەیت کە هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لەتۆ. تەنیای جێی مەبەستی، ئەو خوایەی کەکەست لێ نەبوەو لەکەس نەبوویت‌و کەس هاوشێوەی تۆ نییە.**

٣- (( رَبِّ اغفِرلي. وَتُبْ عَليَّ إنّكَ أنْتَ التَّوّابُ الغَفُور )) .[٢١]

**واتە: پەروەردگار لێم خۆشببەو تۆبەم لێوەرگرە، بەڕاستی هەرتۆ تەوبە وەرگری لێبووردەی.**

---

(١٩) أبوداود ٨٠/٢ وابن ماجه ١٢٦٨/٢ والنسائي ٥٢/٣ والترمذي ٥٥٠/٥ وة برِوانة صحيح النسائي ٢٧٩/١.

(٢٠) أبوداود ٧٩/٢ والترمذي ٥١٥/٥ وابن ماجه ١٢٦٧/٢ وأحمد ٣٦٠/٥ **وه بڕوانه** صحيح السنن الترمذي ١٦٣/٣.

أبوداود. والترمذي واللفظ له. والنسائي وابن ماجه ١٣٥٣/٢. **وه بڕوانه** صحيح ابن ماجه ٣٢١/٢ وصحيح الترمذي ١٥٣/٣.

## بەشی چوارەم :

# فەزڵ و گەورەیی (زیکر) کردن

**خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿ فاذكُروني أذكُركُم وَاشكُروا لي وَلا تَكفُرونِ ﴾ (البقرة: ١٥٢).

**واتە: ذیکر و یادم بکەن، باس و یادتان دەکەم و بێ باوەڕی مەکەن بەرامبەرم.**(٢٢)

**وە پێغەمبەر**(ﷺ) **دەفەرموێت:** (( مَثَلُ الّذي يَذكُرُ ربَّهُ وَالّذي لا يَذكُرُ ربَّهُ مَثَلُ الحَيِّ والميّت )).(٢٣)

**واتە: نمونەی ئەو کەسەی کە یادی پەروەردگاری دەکات و ئەوکەسەی کە یادی پەروەردگاری ناکات وەکو نمونەی زیندوو مردوو وایە.**

**وە دەفەرموێت** (ﷺ): (( ما مِن قومٍ يَقومونَ منْ مَجلِسٍ لا يَذكرونَ اللهَ فيه إلاّ قاموا عَن مِثلِ جيفةِ حِمار وَكان لَهُم حَسرةً )).(٢٤)

**واتە: هەر کۆمەڵێك لەمەجلیسێك هەستنو یادی خوایان نەکردبێ تیایدا. ئەوا وەکو ئەوە وایە کە لەسەر لاکی گوێ درێژێك هەڵسنو لەڕۆژی دواییدا دەبێتە پەشیمانی بۆیان.**

---

(٢٢) مختصر تفسير ابن كثير ١٤٢/١.

(٢٣) البخاري مع الفتح ٢٠٨/١١ و مسلم **بە لەفظی:** (( مَثَلُ البَيتِ الّذي يَذكُرُ الله فيه والبيتِ الّذي لا يَذكُر الله فيهِ مَثَل الحَيّ وَالميّت )) ٥٣٩/١.

**واتە: نمونەی ئەو ماڵەی یادی خوای تێدا دەکرێتو ئەو ماڵەی یادی خوای تێدا ناکرێ وەکو نمونەی زیندوو و مردوو وایە.**

(٢٤) أبوداود ٢٦٤/٤ وأحمد ٣٨٩/٢ **بڕوانە** صحيح الجامع ١٧٦/٥.

**وە دەفەرموێت** (ﷺ): ((ألا أُنبّئكم بِخَير أعمالِكُم. وأزكاها عِنْدَ مَليكِكُم. وأرفَعِها في درجاتِكُم وَخيرٍ لَكُم مِن إنفاقِ الذَّهَبِ والوَرَقِ. وَخَيرٍ لَكُم من أن تَلقَوا عَدوَّكُم فَتَضْرِبُوا أعناقَهُم وَيَضرِبوا أعناقَكُم؟ قالوا بلى. قال: (ذِكرُ الله) )).(٢٥)

**واتە: ئایا هەواڵتان بدەمێ بەچاکترینی کردەوەکانتانو پاکترینیان لەلای خوای گەورەتانو بەرزترینیان لەپلەتانداو چاکتر لەبەخشینی ئاڵتونو زیوو. وەچاکتر لەوەی کەبگەن بەدوژمنەکەتانو بدەن لەگەردنیانو بدەن لەگەردنتان؟ ووتیان: بەڵێ فەرمووی: یاد (ذیکر)کردنی خوای گەورە.**

**وە دەفەرموێت** (ﷺ): (( ما جَلَسَ قَومٌ مَجْلِساً لَمْ يَذكرُوا اللهَ فيهِ. لَمْ يُصَلُّوا عَلَى نَبيِّهِم إلاّ كانَ عَلَيهِم تِرَةٌ .فإنْ شآءَ عَذّبَهُم وَإنْ شآءَ غَفَرَلَهُم )).(٢٦)

**واتە: هیچ کاتێك کۆمەڵێك دانانیشن لەمەجلیسێکدا کە ذیکری خوای تێدا نەکەنو صلاواتیان تیایدا نەدابێ لەسەر پێغەمبەرەکەیان (ﷺ) ئیلا دەبێتە خراپیو ناتەواویو پەشیمانی بۆیان، ئەگەر خوای گەورە ویستی بێت سزایان دەداتو ئەگەر ویستی بوو لێیان خۆش دەبێ.**

(٢٥) الترمذي ٥/٤٥٩ وابن ماجه ٢/١٢٤٥ **وە بڕوانە** صحيح ابن ماجه ٢/٣١٦ وصحيح الترمذي ٣/١٣٩.

(٢٦) الترمذي. وة بڕوانة صحيح الترمذي ٣/١٤٠.

## بەشی پێنجەم:

# لە هەڵسو کەوتە دووبارە بووەکانی ڕۆژانە

### ❁ هەستان لە خەو

١- (( ألحَمدُ للهِ الّذي أحْيانا بَعْدَ ما أماتَنا وَإليهِ النُّشوُر ))[٢٧].

**واتە:سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ژیاندینییەوە دوای ئەوەی کە مراندینی (مەبەست بە مراندنێکی مەجازییە کە خەوتنە) وە زیندوبونەوەش هەر بۆ لای ئەوە.**

**٢- پێغەمبەر** (ﷺ) **دەفەرموێت: هەرکەسێك بەشەو بەخەبەر هات بڵێ:** (( لا إلهَ إلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَريكَ لَهُ. لهُ المُلكُ ولَهُ الحَمْدُ وهوَ عَلَى كُلِّ شيءٍ قَدير. سُبحان اللهِ والحَمدُ للهِ وَلا إلهَ إلاّ اللهُ، وَاللهُ أكبرُ. وَلا حَولَ وَلا قُوةَ إلاّ باللهِ العَليِّ العَظِيم )) **واتە: هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لە**(الله)**. تەنهایەو بێ هاوەڵە. موڵكو ستایش و سوپاس هەر بۆ ئەوەو بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە. پاکی هەربۆ خوایەو سوپاس بۆ خواو هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لە** (الله) **وەخوا گەورەیەو هیچ گۆڕانو هێزێك نییە مەگەر بەخوای بەرزی مەزنەوە. ـ پاشان بپاڕێتەوەو بڵێ** (ربِّ اغفِرلي) **پەوەردگار لێم خۆش ببە. خوا لێی خۆش دەبێت) وەلیددەفەرموێت: یان فەرمووی: (ئەگەر بپاڕێتەوە وەڵامی دەدرێتەوەو ئەگەر هەڵسێتو دەست نوێژ بشۆرێو پاشان نوێژ بکات نوێژەکەی وەردەگیرێ).**[٢٨]

٣- (( ألحَمْدُ للهِ الّذي عافانِي في جَسَدِي وَرَدَّ عَلَيَّ رُوحي وَأذِنَ لي بذِكرِهِ )) .[٢٩]

**واتە: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە لەش ساغی کردم و ڕۆحی بۆ گەڕاندمەوە بواری دام ذیکرو یادی بکەم.**

---

(٢٧) البخاري مع الفتح ١١٣/١١ ومسلم ٢٠٨٣/٤.

(٢٨) البخاري مع الفتح ٣٩/٣ وغيره واللفظ لابن ماجه بروانة صحيح ابن ماجه ٣٣٥/٢.

(٢٩) الترمذي ٤٧٣/٥ وانظر صحيح الترمذي ١٤٤/٣.

**٤- خوێندنی ئەم ئایەتانە لە سورەتی** (آل عمران) :﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمواتِ والأرضِ واختِلافِ اللّيلِ والنّهارِ لآياتٍ لأولي الألباب* الّذينَ يَذكُرونَ اللهَ قياماً وقُعوداً وعَلَى جُنوبِهِم وَيَتَفكَّرونَ في خَلقِ السَّمواتِ والأرضِ ربَّنا ما خَلَقْتَ هذا باطِلاً سُبحانَكَ فقِنا عَذابَ النّارِ* رَبّنا إنّكَ مَنْ تُدخِلِ النّارَ فقَدْ أخزَيتَهُ وَما لِلظّالِمينَ مِنْ أنصارٍ* رَبّنا إنّنا سَمِعْنا مُنادياً يُنادي لِلإيمانِ أن آمِنُوا بربِّكُم فآمَنّا رَبَّنا فَاغفِرْ لَنا ذنُوبَنا وكَفِّرْ عَنّا سيِّئاتِنا وَتَوفَّنا معَ الأبرارِ* رَبّنا وآتِنا ما وَعَدتّنا عَلَى رُسُلكَ وَلا تُخزِنا يومَ القيامةِ إنّكَ لا تُخلِفُ الميعادَ* فاستَجابَ لَهُم رَبُّهُم أنّي لا أُضيعُ عَمَلَ عاملٍ مِنكم مِنْ ذَكَرٍ أو أُنثى بَعَضُكم مِنْ بَعضٍ فالَّذينَ هاجَروا وأُخرِجوا مِنْ ديارِهِم وأُوذوا في سَبيلي وَقاتَلوا وَ قُتِلوا لأُكَفِّرَنَّ عَنْهُم سَيِّئاتِهِم وَلأُدخِلنَّهُم جنّاتٍ تَجري مِنْ تَحتِها الأنهارُ ثَواباً مِنْ عِندِاللهِ وَاللهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الثَّوابِ* لا يَغرّنّكَ تقَلُّبُ الّذينَ كَفَروا في البِلادِ* مَتاعٌ قَليلٌ ثُمَّ مأواهُم جَهَنَّمُ وبِئسَ المِهادُ* لكِنِ الّذينَ اتَّقَوا رَبّهُم لَهُم جَناتٌ تَجري مِنْ تَحتِها الأنهارُ خالِدينَ فِيها نُزُلاً مِنْ عِندِاللهِ وَما عِندَاللهِ خَيرٌ للأبرارِ* وإنَّ مِنْ أهلِ الكِتابِ لَمَنْ يؤمِنُ باللهِ وَما أُنزِلَ إليكُم وَما أُنزِلَ إليهِم خاشِعينَ للهِ لا يَشتَرونَ بآياتِ اللهِ ثَمَناً قَليلاً أولئكَ لَهُم أجرهُم عِنْدَ رَبّهِم إنّ اللهَ سَريعُ الحِسابِ* يا أيّها الّذينَ آمَنوا اصبِروا وَصابِروا وَرابِطوا وَأتّقوا اللهَ لَعَلَّكُم تُفلِحونَ ﴾.[٣٠]

**❁ پێش خەوتن**

(٣٠) البخاري مع الفتح ٨/٢٣٧ ومسلم ١/٥٣٠.

**١- ( ئەگەر چووە ناو جێگەی نوستن دەستی بدات لەیەكو پاشان فووی پێدابكاتو سورەتی** ﴿ قل هو الله أحد﴾ **و** ﴿ قل أعوذ برب الفلق ﴾ **و** ﴿ قل أعوذ برب الناس ﴾ **ی پیادا بخوێنێ.**

**پاشان دەستی بهێنێ بەسەر ئەو شوێنەدا ئەتوانێ لە لەشی. وە لەسەری لەگەڵ دەمو چاوی و پێشەوەی لەشیەوە دەست پێبكات، وە ئەمە سێ بارە بكاتەوە)**[٣١]

بِسم اللهِ الرحمن الرحيم

﴿ قُلْ هوَ اللهُ أحَدٌ* اللهُ الصَّمَدُ* لَمْ يَلِدْ ولَمْ يُولَد* ولَمْ يكُنْ لَهُ كُفُواً أحَدٌ﴾

بِسم اللهِ الرحمن الرحيم

﴿ قُلْ أعوذُ بِرَبِّ الفَلَقِ * مِنْ شَرِّ ما خَلَقَ * وَمِنْ شَرّ غاسِقٍ إذا وَقَبَ * وَمِنْ شَرِّ النفّاثّاتِ في العُقَدِ* وَمِنْ شَرِّ حاسِدٍ إذا حَسَدَ ﴾.

بِسم اللهِ الرحمن الرحيم

﴿ قُلْ أعوذُ بِرَبِّ النّاسِ * مَلِكِ النّاسِ * إلهِ النّاسِ * مِنْ شَرِّ الوَسواسِ الخَنّاسِ * الّذي يُوَسوِسُ في صُدورِ النّاسِ * مِنَ الجِنَّةِ وَ النّاسِ ﴾.

**٢- ((ئەگەر چویتە سەر جێگاكەت** (آيَةَ الكُرسي) **بخوێنەو تەواوی بكە. چونكە پارێزەرێكت لەلایەن خواوە لەگەڵدا دەبێت و شەیتان نزیكت ناكەوێتەوە تا بەیانی)).**[٣٢]

أعوذ باللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرَّجيم

﴿ اللهُ لا إلهَ إلاّ هُوَ الحَيُّ القَيّومُ لا تأخُذُهُ سِنَةٌ وَ لا نَومٌ لَهُ ما في السَّمواتِ وَما في الأرضِ مَنْ ذا الّذي يَشفَعُ عِندَهُ إلاّ بِإذنهِ يَعلَمُ ما بينَ أيديهِم وَما خَلْفَهم وَلا يُحيطونَ بشَيءٍ مِنْ عِلمِهِ إلاّ بِما شآءَ وَسِعَ كُرسيُّهُ السَّمواتِ والأرضِ ولا يَؤدُهُ حِفظُهُما وهوَ العَليُّ العَظيمُ ﴾.

**٣- (( هەركەسێ دوو ئایەتی كۆتایی سورەتی** (البقرة) **بخوێنی لە شەودا ئەبێتە پاراستن بۆی و بەسیەتی )).**[٣٣]

---

(٣١) البخاري مع الفتح ٦٢/٩ ومسلم ١٧٢٣/٤ ضونكة ثيَغةمبةر (ρ) ئاواى دةكرد.

(٣٢) البخاري مع الفتح ٤٨٧/٤.

أعوذ باللهِ مِنَ الشيطانِ الرّجيم

﴿ آمَنَ الرَّسولُ بمآ أُنزلَ إليهِ مِنْ رَبِّهِ وَالمؤمنونَ كُلٌّ آمَنَ باللهِ وَملآئِكتهِ وَكُتُبه وَرُسُلِهِ لا نُفَرِّقُ بينَ أحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقالوا سَمِعنا وَأطَعْنا غُفرانَكَ رَبَّنا وَإليَكَ المصيرِ* لا يُكَلّفُ اللهُ نَفْساً إلاّ وُسْعَها لَها ما كَسَبَتْ وَعَليها ما اكتَسَبَتْ رَبَّنا لا تُؤاخِذنا إنْ نَسينا أو أخطَأنا رَبَّنا وَلا تَحمِلْ عَلَينا إصراً كَما حَمَلْتَهُ عَلى الّذينَ مِنْ قَبلِنا رَبّنا وَلا تُحمِّلنا ما لاطاقَةَ لَنا بِهِ وَاعفُ عنّا وَاغفِرْ لَنا وَارحَمْنا أنتَ مَولانا فانصُرْنا على القَومِ الكافِرينَ ﴾.

**٤- ﴿ قُلْ يا أيّها الكافرونَ ﴾ بخوێنە چونکە بۆت دەبێتە (بەرائەت لە شیرك) (٣٤)، واتە: ڕزگار بوون یان قوتار بوون لە هاوبەشی پەیدا کردن(وە سوود بەخشە بۆ یەکتاپەرستی).**

بسم اللهِ الرحمن الرحيم

﴿ قُلْ يا أيُّها الكافِرونَ * لا أعبُدُ ما تَعبُدونَ * وَلا أنتُم عابِدونَ مآ أعبُدُ * وَلا أنا عابِدٌ ما عَبَدتُم * وَلا أنتُم عابِدونَ مآ أعبُد* لَكُم دينُكُم وَ لِيَ دينِ ﴾

**٥- ( ئەگەر لەسەر جێگاکەت هەستایت و گەڕایتەوە سەری. سێ جار بە لوێچێکی کراس و جلەکەت جێگاکەت بتەکێنە. وە (** بسم الله**) بکە چونکە تۆ نازانی دوای خۆت چی تێچووە لە زیندەوەرو شتی زیان بەخشن وە کە ڕاکشایت بڵێ : ((** بِاسمِكَ

---

(٣٣) البخاري مع الفتح ٩/٩٤ ومسلم ١/٥٥٤.

**(٣٤) لە (** فروهی کوری نوفل **) ەوە هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەی پێغەمبەری خوا شتێکم فێربکە کە چوومە سەر جێگاکەم بیڵێم. ئەویش فەرمووی:فەرموودەکە)** رواه الترمذي وابوداود وقد صححه الالباني في صحيح السنن الترمذي ١٤٥/٣. وفي صحيح سنن أبي داود ٩٥٣/٣ - ٩٥٤ رقم(٥٠٥٥) و فِيهِ: عن فروة بن نوفل عن أبيه. **وە زیادەیەکی لەگەڵە لە( سنن أبی داود)دا ئەویش ئەمەیە: (پاشان بە کۆتایی پێهێنانی بنوو، چونکە بۆت دەبێتە بەرائەت لە شیرك).**

رَبِّي وَضَعْتُ جَنبي وَبِكَ أَرفَعُهُ فإنْ امسَكْتَ نَفسِي فارحَمْها . وَإنْ أَرسَلْتَها فاحْفَظْها بِما تَحْفَظُ بِهِ عِبادَكَ الصّالِحِينَ )).(٣٥)

**واتە: بەناوی تۆ پەروەردگارم تەنیشتم داناو بەناوی تۆوە بەرزی دەکەمەوە . ئەگەر نەفسی منت گرتەوە بەزەیت پێدا بێتەوە . وە ئەگەر ناردتەوە ئەوا بیپارێزە بەوەی کەبەندە صاڵحەکانتی پێ دەپارێزی.**

٦- (( اللهُمّ إِنّكَ خَلَقْتَ نَفْسِي وَأَنْتَ تَوَفّاها، لَكَ مَماتُها وَمَحْياها. إنْ أحيَيْتَها فاحفَظها . وإْن أَمَتَّها فاغْفِرْلَهَا. اللهُمّ إنِّي أَسأَلُكَ العافيةَ )).(٣٦)

**واتە: خوایە تۆ نەفسی منت بەدیهێناوەو تۆ دەیمرێنی. مردنو ژیانی بۆ تۆیە . ئەگەر ژیاندت بیپارێزەو ئەگەر مراندت لێی خۆش ببە. خوایە داوای پارێزراویی لەش ساغیت لێ دەکەم.**

**٧- پێغەمبەری خوا(ﷺ)ئەگەر بیویستایە بخەوێت دەستی ڕاستی دەخستە ژێر ڕوومەتیو دەیفەرموو:**((أَللهُمّ قِني عَذابَكَ يَومَ تَبْعَثُ عِبادَكَ )).(٣٧) **واتە: خوایە بمپارێزە لەسزاکەت لەو ڕۆژەدا کەبەندەکانت زیندوو دەکەیتەوە.**

٨- (( بِاسمِكَ اللهُمَّ أَمُوتُ وَأَحيا)). (٣٨)

**واتە: بە ناوی تۆوە خوایە دەمرم و دەژیم.**

**٩- ((ئایا شتێکتان پێ بڵێم کە چاکتر بێت بۆ هەردووکتان لەخزمەتکارێك، ئەگەر چوونە سەر جێگا(٣٣) جار**(سُبحانَ الله)**و (٣٣) جار**(الحَمْدُلله) **و (٣٤) جار**(الله أكبر) **بکەن ئەوە چاکترە بۆ ئێوە لە خزمەتکار )).**(٣٩)

---

(٣٥) البخاري ١١/١٢٦ ومسلم ٤/ ٢٠٨٤ .

(٣٦) اخرجه مسلم ٤/٢٠٨٣ وأحمد بلفظه ٢/٧٩ .

(٣٧) أبوداود بلفظه ٤/٣١١ وانظر صحيح الترمذي ٣/١٤٣ .

(٣٨) البخاري مع الفتح ١١/١١٣ ومسلم ٤/٢٠٨٣ .

١٠- (( اللّهُمَّ رَبَّ السَّمواتِ السَّبْعِ. وَرَبَّ العَرشِ العَظيم. وَربَّنا وَرَبَّ كُلِّ شَيءٍ. فالِقَ الحَبِّ وَالنَّوى. ومُنزِلَ التَّوراةِ والإنجيلِ. والفُرقانِ. أعوذُ بِكَ مِنْ شَرِّكُلِّ شَيءٍ أنْتَ آخِذُ بناصِيَتِهِ. اللّهُمَ أنْتَ الأَوَّلُ فليس قَبْلَكَ شَيءٌ. وَأنْتَ الآخِرُ فليس بَعْدَكَ شَيءٌ. وَأنتَ الظّاهِرُ فلَيسَ فَوقَكَ شَيء. وَأنتَ الباطِنُ فَلَيسَ دُونَكَ شَيءٌ. إقضِ عَنّا الدَّينُ وأغنِنا مِنَ الفَقرِ )).(٤٠)

**واتە: خوایە پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکانو پەروەردگاری عەرشی گەورە. پەروەردگارمانو پەروەردگاری هەموو شتێك. تەقێنەری تۆوی دانەویڵەو ناوكو دابەزێنەری تەوراتو ئینجیلو قورئان، پەنادەگرم پێت لەخراپەی هەموو شتێك کە ناوچەوان و چارەنوس و نسیبی بەدەست تۆیە. خوایە تۆ یەکەمینیو کەس لەپێش تۆوە نییەو تۆ دوایەمینیو کەس لەدوای تۆوە نییەو تۆ بەدەستەڵات و زاڵ و دیارو ئاشکرایت بە زانستت و کەس لەسەرو تۆوە نییەوتۆ پەنهانی بەسەر هەموو شتێك دا بەزانستت وبەئاگای بەشاراوەکانو جێ نیاز نییە جگە لە تۆ. سا قەرزاریمان لەسەر هەڵگرەو بێنیازو دەوڵەمەندمان بکە لە هەژاری.**

١١- (( ألحَمْدُ للهِ الّذي أطْعَمَنا وَسَقَانا. وَكَفانا. وآوانا. فكَم مِمَّن لا كافِيَ لَهُ وَلا مؤويَ )).(٤١)

**واتە: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە تێری کردین و تێرئاوی کردین و پێویستی نەخستینە غەیری خۆی و کیفایەتی داین و جێنشینی کردین. زۆر کەس هەیە خوا بە بەس نازانێ.( بە هاوبەش دانان بۆی). وە مولگەی نیشتەجێی نییە.**

---

**(٣٩) پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەمەی بە ئیمامی عەلی و فاتیمەی کچی فەرموو کاتێ داوای خزمەتکاریان لێکرد کە بۆیان بگرێ/ البخاری مع الفتح ٧١/٧ ومسلم٢٠٩١/٤.**

(٤٠) مسلم ٤/ ٢٠٨٤.

(٤١) مسلم ٢٠٨٥/٤.

١٢- (( اللّهُم عالِمَ الغَيبِ وَالشَّهادَةِ. فاطِرَ السَّمواتِ وَالأرضِ .رَبَّ كُلِّ شَيءٍ وَمَلِيكَهُ. أشْهَدُ أنْ لا إلهَ إلاّ أنْتَ. أعوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسي وَمِنْ شَرّ الشَيطانِ وَشِرْكِهِ. وأنْ أقترِفَ عَلى نَفْسي سُوءاً أو أجُرَّهُ إلى مُسلِمٍ )).(٤٢)

**واته: خوایه ئەی زانای غەیبو ئاشکرا. ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەوی. پەروەردگارو پاشای هەموو شتەکان. شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك نییه بە هەق جگە لەتۆ . پەنا دەگرم پێت لە خراپەی نەفسم. وە لە خراپەی شەیگانو هاوبەش دانانی. وە لەوەی کە خراپەیەك بهێنم بەسەر نەفسمدا یان بیئاڵێنم لە موسڵمانێکەوە.**

١٣- **پێغەمبەر(ﷺ) نەدەخەوت هەتا سورەتی** (ألسّجدة) ﴿ آلم.. تنزيل .. ﴾ **و** ﴿ تَبارَكَ الّذي بِيَدِهِ المُلكُ.. ﴾ **ی دەخوێند.**(٤٣)

**١٤- ئەگەر چوويتە سەرجێگای نوستن دەست نوێژی نوێژ بشۆرەو پاشان لەسەرلای ڕاستت ڕابکشێو پاشان بڵێ:**

(( اللهُمّ أسلَمْتُ نَفْسي إليكَ. وَفَوَّضْتُ أمري إلَيكَ. وَوَجَّهْتُ وَجْهي إليكَ. وألجَأْتُ ظَهْري إليكَ. رَغْبَةً وَرَهْبَةً إلَيكَ. لامَلْجأَ وَلا مَنجا مِنكَ إلاّ إلَيكَ. آمنتُ بِكِتابِكَ الّذي أنْزَلْتَ وَبِنَبِيِّكَ الّذي أرْسَلْتَ )).(٤٤)

---

(٤٢) أبوداود ٤/٣١٧ وانظر صحيح الترمذي ٣/ ١٤٢.

(٤٣) الترمذي والنسائي وانظر صحيح الجامع ٤/٢٥٥. **لەگەڵ سوورەتی**( الأسراء ) و( الزمر) دا . الصحيحة(٢/٦٤٢) رقم الحديث: ( ٦٤١).

**(٤٤) ئەگەر ئەمە بڵێیتو بمریت لەسەر فیترە ت دەمری. (وە باكۆتا شتێك بێت کەدەیڵێیت). البخاری مع الفتح ١١/ ١١٣ ومسلم ٤/٢٠٨١.**

**تێبینی/ سوننەتە ئەگەر لەشێگران بوو دەست نوێژ بشۆری پێش خەوتن. لە عبدالله وە فەرمووی: عومەر پرسیاری لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد: ئایا یەکێك لە ئێمە ئەتوانێت بخەوێت بە لەش گرانییەوە؟ فەرمووی: (( بەڵێ ئەگەر دەست نوێژی هەڵگرت ))البخاری ١/٣٩٣، وە هەروەها بوخاری ڕیوایەتی کردووە لەعائیشەوە لە کرداری پێغەمبەرەوە(ﷺ) کە خۆی وای کردووە ١/٣٩٣ .**

**واتە: خوایە نەفسم تەسلیمی تۆ کردو کاروباری خۆم دایە دەستی تۆ، وە ڕووم کردە تۆو پشتم بەست بەتۆ. بە پێ خۆشبوون حەز پێکردن و بەترسان لە تۆ. هیچ حەشارگەو شوێنی ڕزگاربونێك نییە مەگەر بۆلای تۆ. باوەڕم هێناوە بەکتێبەکەت کە داتبەزاندۆتە خوارەوە، وە بەو پێغەمبەرەت (ﷺ) کەناردوتەو ڕەوانەت کردووە.**

## ۞ وەرگەڕان لەسەر جێگا لە شەودا لە بارێکەوە بۆ بارێکیتر

**لە عائیشەوە( ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەگەر لە شەودا وەربگەڕایەتە سەرلایەکی تری دەیفەرموو:** (( لا إلَهَ إلاّ اللهُ الواحِدُ القَهّار. رَبُّ السَّمواتِ وَالأرضِ وَما بَيْنَهُما العَزيزُ الغَفّار )).[٤٥]

**واتە:هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە (الله) ی تاکی سزا دەری بێ بڕواو موشریکین. کە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەویو ئەوەی لە نێوانیاندایەو دەستەڵاتداری لێ بوردەیە.**

## ۞ داچڵەکین لە خەودا و خەو لێنەکەوتن

(( أعوذُ بِكَلماتِ اللهِ التّامّات مِنْ غَضَبِهِ وَعِقابِهِ. وشَرِّ عِبادهِ وَمِن هَمَزاتِ الشّياطينِ وأن يَحضُرونِ )).[٤٦]

**واتە: پەنا ئەگرم بە ووشە تەواوەکانی خوای گەورە لەخەشم و سزایو لە خراپەی بەندەکانی و لە شێتی شەیگانەکان و لەو کاتانەی کە لە ژیاندا دێنە لام بۆ گومڕاکردنم یان کاتێ لەسەر مەرگ دام دێنە لام.**

---

(٤٥) أخرجه الحاكم وصححه ووافقه الذهبي ٥٤٠/١ والنسائي في عمل اليوم والليلة وابن السني وصححه الالباني. وانظر صحيح الجامع ٢١٣/٤.

(٤٦) أبو داود ٤/ ١٢ وأنظر صحيح الترمذي ١٧١/٣. وهو حديث حسن، حسّنَهُ الألباني في صحيح أبي داود برقم(٣٢٩٤) بلفظ متقارب.

# ئەگەر خەونی ڕاست و خۆش(الرؤيا) یان خەونی درۆو ناخۆش (الحُلم)ت بینی

خەونی خۆش و چاك لە لایەن خواوەیەو خەونی ناخۆش لە شەیتانەوەیە . ئەگەر یەكێك لە ئێوە خەونی خۆشی بینی با لە لای خۆشەویستی خۆی نەبێ باسی نەكات... فەرموودەكە...[٤٧] وە كورتەی ئەو شتانەی كە دەیكات لەكاتی بینینی خەونی ناخۆش دا ئەمانەن:

١- سێ جار تف دەكات بە لای چەپیدا. [٤٨]

٢- سێ جار پەنا دەگرێ بەخوای گەورە لە شەیتان و لە خراپەی ئەوەی كە بینوویەتی. [٤٩]

٣- لە لای كەس باسی ناكات و نایگێڕێتەوە. [٥٠]

٤- لەسەرئەو لایە وەردەگەڕێ كە لەسەری بووە. [٥١]

٥- هەڵدەستێو نوێژ دەكات ئەگەر ویستی. [٥٢]

---

(٤٧) مسلم بلفظه ١٧٧٢/٤ والبخاري ٢٤/٧.

(٤٨) مسلم ١٧٧٢/٤.

(٤٩) مسلم ٤/ ١٧٧٢، ١٧٧٣.

(٥٠) مسلم ١٧٧٢/٤. ئەمەش لەوانەیە حیكمەتەكەی ئەوە بێت تا حەسوودی پێ نەبرێت.. و الله اعلم.

(٥١) مسلم ١٧٧٣/٤.

(٥٢) مسلم ١٧٧٣/٤.

## ❁ زیکری بەیانیان و ئێواران و کاتی خوێندنیان

**خوای گەورە دەفەرموێت:**﴿ ياأيُّها الّذينَ آمنَوا اذكرُوا اللهَ ذِكراً كَثيراً * وَسَبِّحوُه بُكرَةً وَأصيلاً ﴾. (الأحزاب: ٤١ ، ٤٢)

**واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە زیکری خوا بکەن بە زیکرێکی زۆرو تەسبیحاتی ئەو بکەن و بە پاك ڕایگرن لە بەیانیان و ئێواران دا.**[٥٣]

(بُكرة): **لە زمانی عەرەبیدا بە نێوان نوێژی بەیانی و خۆرهەڵاتن دەوترێ.**[٥٤]

(أصيل): **الجوهری دەڵێت: ئەو کاتەیە لە پاش نوێژی عەسرەوە تاوەکو نوێژی شێوان(مەغریب).**[٥٥]

**وە خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿وَسَبِّح بِحَمدِ ربِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمسِ وقَبْلَ الغرُوُب﴾( ق: ٣٩)

**واتە: تەسبیحات و ستایشی خوای پەروەردگارت بکە لە پێش خۆر کەوتن و پێش ئاوابوونیدا.**

(ابن القيم) **(ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت) دەفەرموێت: ئەمەش ڕاڤەی ئەو مانایەیە کە لە فەرموودەکاندا هاتووە: کە دەفەرموێ هەرکەسێ لە بەیانیان و ئێواراندا ئاوا و ئاوا بڵێ، مەبەست بە بەیانی و ئێوارە لە فەرموودەکاندا پێش هەڵهاتنی خۆرو پێش ئاوا بوونیەتی. وە ئەمە کاتی ووتنی زیکرەکانی دوای بەیانی و دوای عەسرە.**[٥٦]

---

(٥٣) مختصر تفسير ابن كثير ١٠١/٢.

**(٥٤) بڕوانە (مختار الصحاح) للرازی (ب ك ر) و هەروەها (غ د ا).**

**(٥٥) بڕوانە (الصحاح) للجوهری (أ ص ل) هەروەها** (مختار الصحاح) للرازي (أ ص ل). وأنظر لسان العرب ١٧/١١.

(٥٦) الوابل الصيب لابن القيم ص ١٩٢.

عن انس يرفعه: (( لإنْ أقعُدَ مَعَ قَومٍ يَذكرونَ اللهَ تَعالى مِن صَلاةِ الغَداةِ حَتّى تَطلُعَ الشَّمسُ أحَبُّ إليّ مِنْ أنْ أعتِقَ أربعةً مِنْ وَلَدِ إسماعيل. ولأن أقعُدَ مَعَ قَومٍ يَذكرونَ اللهَ مِنْ صَلاةِ العَصْرِ إلى أنْ تَغرُبَ الشَّمسَ أحبُّ إليّ مِن أنْ أعتِقَ أربعة ))(٥٧)

**واتە: ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵێکدا دانیشم کە زیکری خوای گەورە بکەن لەنوێژی بەیانییەوە تا خۆرهەڵاتن لام خۆشترە لەوەی کە چوارکەس لەنەوەکانی ئیسماعیل پێغەمبەر**(عليه الصلاة و السلام) **ئازاد بکەم، وەئەگەر لەگەڵ کۆمەڵێك دابنیشم کە زیکری خوای گەورە بکەن لەنوێژی عەسرەوە تا خۆرئاوا دەبێ لام خۆشترە لەوەی چوار کەس ئازاد بکەم.**

## ۞ زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران

**١- ( هەر کەسێك بەیانیان** (آية الكُرسي) **بخوێنێت لە جنۆکە دەپارێزرێ هەتا ئێوارەی لێ دەبێتەوە. وە هەر کەس ئێوارە بیخوێنێ دەپارێزرێ لێیان تا بەیانی )** (٥٨).

**٢- لە عبداللە ی کوڕی خوبەیبەوە فەرمووی: پێغەمبەر**(ﷺ) **فەرمووی:** (قُلْ) **واتە: بڵێ . وتم: ئەی پێغەمبەری خوا چی بڵێم ؟ فەرموی:** ﴿ قُلْ هوَ اللهُ أحَد ﴾ **و** ﴿الفَلَق﴾ **و** ﴿ الناس ﴾ **بخوێنە ئێواران و بەیانیان سێجار بەستەو لە هەموو شتێك دەپارێزرێیت.**(٥٩)

---

(٥٧) أبوداود برقم (٣٦٦٧) وحسَّنَهُ الألباني. صحيح أبوداود ٦٩٨/٢.

(٥٨) أخرجه الحاكم ٥٦٢/١ وصححه الالباني في صحيح الترغيب والترهيب ٢٧٣/١وعزاه الى النسائي والطبراني وقال: إسناد الطبراني جيد. **بڕوانە لاپەڕە(٣٢) بۆ** (آية الكرسي).

(٥٩) أخرجه أبوداود ٣٢٢/٤ والترمذي ٥٦٧/٥ وانظر صحيح الترمذي ١٨٢/٣. وهو حديث حسن.

**٣- بەیانیان بڵێ:** (( أصبَحناَ وأصبَحَ الملكَ للهِ(٦٠) ، وَالحمدُ للهِ لا إله إلاّ اللهُ وَحدَهُ لا شريَكَ لَهُ. لهُ الملكُ وَلَهُ الحَمدُ وَهُوَ عَلَى كُلّ شَيءٍ قَديرٌ. رَبِّ أسألُكَ خَيرَ ما في هذا اليَوم وَخَيرَ ما بَعدَهُ.(٦١) وَأعوذ بكَ مِنْ شرِّ ما في هذا اليَوم وَشرِّما بَعْدَهُ. رَبِّ أعوذ بكَ مِنَ الكَسَلِ وَسُوءِ الكِبَر. رَبّ أعوذُ بِكَ مِنْ عَذابٍ في النّارِ وَعَذابٍ في القَبرِ)).(٦٢)

**واتە: بەیانیمان بەسەردا هات و موڵك بەیانی بەسەردا هات بۆ خوای گەورە، وە ستایش بۆ خوایەو هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە (الله) تەنهایەو هاوبەشی نییە. موڵك و سوپاس بۆ ئەوەو بەسەر هەموو شتێكدا بە توانایە. پەروەردگار داوای خێری ئەمڕۆو خێرو چاکەی دوای ئەمڕۆت لێ دەکەم و پەنات پێ ئەگرم لە خراپەی ئەوەی لەمڕۆدایەو لە دوای ئەمڕۆدایە. پەروەردگار پەنات پێ ئەگرم لە تەمبەڵی و لەش قورسی و خراپەی تەمەن پیری. پەروەردگار پەنات پێ ئەگرم لە سزایەك لە ئاگری دۆزەخ و سزایەك لە گۆڕدا توشم ببێت.**

٤- (( أللهمَّ بِكَ أصبَحنا. وَبِكَ أمسَينا **))**.(٦٣) وَبِكَ نَحيا وَبِكَ نَموتُ وَإلَيكَ النُّشور )).(٦٤)

**واتە: خوایە بە ناوی تۆوە بەیانیمان بەسەردا هات و ئێوارەمان بەسەردا هاتوو بەناوی تۆوە دەژیم و دەمرم و زیندوو بوونەوە بۆ لای تۆیە.**

---

(٦٠) **وە ئێواران بڵێ:** (( أمسينا وأمسَى الملكُ للهِ.......)).

(٦١) **وە ئێواران بڵێ:** (( رَبِّ أسألُكَ خيرَ ما في هذهِ اللّيلةِ وَ خَيرَ ما بَعدَها وَ أعوذ بِكَ مِنْ شَرِّمافي هذهِ اللَّيلةِ وَشَرِّ ما بَعْدَها.......)) .

(٦٢) مسلم ٤/٢٠٨٨.

(٦٣) وة **ئێواران بڵێ:** (( اللهُمَ بِكَ أمْسَينا وَ بِكَ أصْبَحْنا وَ بِكَ نَحْيا وَ بِكَ نَموتُ وَ إليكَ المَصير )) **واتە: خوایە بەناوی تۆوە ئێوارەمان بەسەرداهات و بە ناوی تۆوە بەیانیمان بەسەرداهات و بە ناوی تۆوە دەژیم و دەمرم وە چارەنوس بۆلای تۆیە.**

(٦٤) الترمذي ٥/ ٤٦٦ وانظر صحيح الترمذي ١٤٢/٣.

٥- (( اللهمَّ أنتَ رَبِّي لآ إلهَ إلاّ أنتَ خَلَقْتَني وَأنا عَبدُكَ، وَأنا على عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ ما استَطَعْتُ. أعوذُ بِكَ مِنْ شرِّ ماصَنَعْتُ. أبوءُ لَكَ بِنِعمَتِكَ عَلَيَّ وَأبوءُ بَذنبي. فاغفِر لي فإنَّهُ لا يَغفِرُ الذُّنوبَ إلاّ أنتَ )).[٦٥]

**واتە: خوایە تۆ پەروەردگارمی هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە تۆ . بەدیتهێناوم و من بەندەی تۆم و من لەسەر پەیمان و بەڵێنەکەمم کە بەتۆم داوە تا بتوانم. پەنات پێ دەگرم لەخراپەی ئەوەی ئەنجامم داوە لە گوناە. دان ئەنێم بە نیعمەتەکانتدا لەسەرم و دان ئەنێم بە گوناهەکانمدا. ساخوایە لێم خۆش بە ، بە ڕاستی کەس لە گوناە خۆش نابێ جگە لە تۆ.**

٦- (( اللهُمَّ عافِني في بَدَني. اللهمَّ عافِني في سَمعي. اللهُمَّ عافِني في بَصَري. لآ إلهَ إلا أنتَ. اللهمَّ إنِّي أعوذُ بِكَ مِنَ الكُفرِ وَالفَقْرِ. وأعوذُ بِكَ مِن عَذابِ القَبرِ لآ إلهَ إلا أنتَ)) **بەیانیان و ئێواران سێ جار.**[٦٦]

**واتە: خوایە لەش و بیستن و بینینم پارێزراو بکە هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لەتۆ. خوایە پەنات پێ ئەگرم لە بێ باوەڕی و هەژاری و پەنات پێ ئەگرم لە سزای گۆڕ، هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە تۆ.**

٧- (( اللهُمَّ إنِّي أسأَلُكَ العَفْوَ وَالعافيةَ في الدُّنيا وَالآخرة. اللهُمَّ إني أسأَلُكَ العَفوَ وَالعافِيَة في دِيني. وَدُنيايَ وَأهلي. وَمالي. أللهُمَّ استُر عَوراتي. وآمِن روعاتي. اللهُمَّ احفَظني مِنْ بَينِ يَدَيَّ وَمِنْ خَلفي. وَعنْ يميني وَعَن شِمالي. وَمِنْ فوقي. وَأعوذُ بعَظمَتِكَ أَنْ أُغتالَ مِن

---

**(٦٥) هەرکەسێ ئێوارە بەیەقینەوە پێی بیڵێ و شەو بمرێ دەچێتە بەهەشتەوە. وە هەرکەسێ بەیانی بە یەقینەوە بیڵێ و ئەو ڕۆژە بمرێ دەچێتە بەهەشتەوە**/أخرجه البخاري ١٥٠/٧.

[٦٦] رواه أحمد (٤٢/٥) وأبوداود (٣٢٤/٤) والنسائي في عمل اليوم والليلة (ص١٤٦) رقم (٢٢) وابن السني في عمل اليوم والليلة (ص٣٥) رقم (٦٩) والبخاري في(الأدب المفرد) رقم (٧٠١) وحسَّنَهُ سماحة الشيخ عبدالعزيز بن باز(رَحِمَهُ اللهُ) في تحفة الاخيار (ص٢٦) والعلامة الالباني في صحيح الجامع (٣٣٨٢).

تحَتي )) **بەیانیان و ئێواران**[٦٧] **واتە: خوایە من داوای لێ ٚخۆش بوون و پارێزراویت لێ دەکەم لە دنیاو دوا ڕۆژدا. خوایە داوای لێ بووردن و پارێزراویت لێدەکەم لە دین و دنیاو کەس و کارو ماڵ و سەروەتمدا. خوایە عەیبم داپۆشەو ترس و دڵەڕاوکێ و وەرست بوونم مەهێڵە. خوایە بمپارێزە لە بەردەممەوەو لە دوامەوەو لە ڕاستم و چەپم و سەرەوەم. وەپەنا ئەگرم بە گەورەیی تۆ کە لە ژێرەوە سزا بدرێم و پێ بکرێم.**

٨- (( اللهُمَّ عالِمَ الغَيبِ وَالشَّهادةِ. فاطِرَ السّمواتِ وَالأرضِ. رَبَّ كُلِّ شَيءٍ وَمَليكَهُ. أشهَدُ أن لآ إله إلا أنتَ. أعوذُ بكَ مِنْ شَرِّ نفسي. وَمِنْ شَرِّ الشَّيطانِ وَشِركِهِ.وَأن أقتَرِفَ على نَفسي سُوءاً أو أجُرَّهُ إلى مُسلمٍ )) **بەیانیان و ئێواران.**[٦٨]

**واتە: خوایە زانای نهێنی و ئاشکرای. بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی پەروەردگارو پادشای هەموو شتێك. شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لەتۆ. پەنا ئەگرم پێت لە خراپەی نەفسم و لە شەڕو خراپەو هاوبەش دانانی شەیتان. وە لەوەی کە نەفسم تووشی خراپەیەك بکەم یان بیئاڵێنم لە موسڵمانێکەوە.**

٩- (( بِسمِ اللهِ الّذي لا يَضُرُّ مَعَ اسمِهِ شَيءٌ في الأرضِ وَلا في السّمآءِ وَهَوَ السَّمِيعُ العَلِيم )) **بەیانیان و ئێواران سێجار.**[٦٩]

---

[٦٧] رواه أبوداود برقم(٥٠٧٤) وصحَّحَهُ الألباني في صحيح أبو داود برقم(٤٣٣٩) وابن ماجه وصحَّحه ووافقه الذهبي. وحَسَّنَهُ الحافظ في (آمالي الأذكار) أنظر صحيح ابن ماجه ٣٣٢/٢ وصحيح الكلم الطيب (ص٣٤) رقم (٢٣) للعلامة الألباني.

[٦٨] الترمذي وأبوداود وانظر (صحيح الترمذي) ١٤٢/٢. وصحيح الكلم الطيب(ص٣٢،٣٣) للعلامة الألباني.

(٦٩) **هەركەسێ بەیانیان سێ جار و ئێواران سێجار بیڵێ هیچ زیانی پێ ناگەیەنێ/** أخرجه أبوداود رقم(٣٢٣/٤) وصحّحَهُ الألباني في صحيح أبي داود برقم(٤٢٤٤) والترمذي ٤٦٥/٥ وابن ماجه وأحمد. انظر صحيح ابن ماجه ٢/ ٣٣٢ وصحيح الترمذي ١٤١/٣. وحَسَّن إسناده العلامة ابن باز في تحفة الاخيار (ص٣٩).

**واتە: بە ناوی ئەو خوایەی لەگەڵ ناوی ئەودا هیچ شتێك زیان ناگەیەنێ نە لە زەوی‌و نە لە ئاسماندا ئەو خوایە بیسەرو زانایە.**

١٠- **بەیانیان یەك جار بڵێ:** (( رَضيتُ باللهِ رَبّاً.وَبالإسلامِ دِيناً وَبمحَمدٍ (ρ) نَبيّاً )).[٧٠] **واتە: ڕازیم بە (الله) کە پەروەردگارم بێ و ئیسلام دین و بەرنامەم بێت و موحەمەدیش(ﷺ) پێغەمبەرو پێشەوام بێت.**

١١- (( يا حَيُّ يا قَيّومُ بِرَحْمَتِكَ أستَغيثُ. أصلِح لي شأْنِي كُلّهُ، وَلا تَكِلني إلى نَفْسي طَرْفَةَ عَينٍ )) **بەیانیان و ئێواران.**[٧١]

**واتە: ئەی زیندووی ڕاگرو هەڵسوڕێنەری بوونەوەر، بە بەزەیت داوای فریاکەوتنت لێ دەکەم. هەموو کاروبارم چاك بکەو بۆ چاولێك نانێك مەمدەرە دەستی نەفسی خۆم.**

١٢- (( أصبَحنا عَلى فِطرَةِ الإسلامِ[٧٢] وَعلى كَلِمَةِ الإخلاصِ.وَعلى دينِ نَبيّنا مُحَمّدٍ(ﷺ). وَعلى مِلّةِ أبينا إبراهيم حَنيفاً مُسْلِماً وَما كانَ مِنَ المُشْرِكِينَ )).[٧٣]

---

(٧٠) **هەر کەسێ بەیانیانی هەموو ڕۆژێك بڵێ ......(فەرموودەکە)... من کەفیل‌و گرنتی دەدەمێ کە دەستی بگرم تا دەیبەمە بەهەشتەوە).** أورده المنذري في الترغيب ٢٢٩/١ وقال: رواه الطَبَراني بإسنادٍ حَسَنٍ. انظر سلسلة الصحيحة مجلد (٦) رقم (٢٦٨٦).**وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە هەر کەسێك بەیانیان و ئێواران سێ جار بیڵێ ئەوا مافە لەسەر خوای گەورە(کە خوای گەورە خۆی بە مافی داناوە) کە لە ڕۆژی دوایدا ڕازی بکات** / رواه أحمد ٣٣٧/٤والنسائي وابن السني وأبوداود والترمذي وحسنه ابن باز في تحفة الأخيار/ص٣٩ **بەڵام شێخی ئەلبانی(ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت) ئەم لەفزەی بە** ضه عيفى **داناوە/ بڕوانە** ضعيف الجامع(٥٧٣٥) و (٥٧٣٤).

(٧١) رواه النسائي والبزار والحاكم وصححه و وافقه الذهبي ٥٤٥/١ ورواه ابن السن برقم (٤٨) وحَسّنَهُ الارنؤوط في الزاد ٢/ ٣٧٥ وصححه الالباني في صحيح الترغيب والترهيب ١/ ٢٧٣.

(٧٢) **ئێواران بڵێ:** (( أمسَينا عَلَى فِطرَةِ الإسلامِ...... )).

(٧٣) رواه أحمد ٤٠٧,٤٠٦/٣ وأيضاً ١٢٣/٥ والدارمي ٢٦٢/٢ وابن السني في عمل اليوم والليلة ص ١٢ رقم (٣٤). وانظر صحيح الجامع الصغير ٢٠٩/٤ . رقم (٤٦٧٤) للعلامة الالباني. وحَسَّنَهُ ابن حجر في نتائج الأفكار ٣٧٩/٢.

**واتە: بەیانیمان بەسەردا هات لەسەر فیطرەتی ئیسلام و ووشەی دڵسۆزی ئیخلاص کە بریتییە لە(**لا إله إلا الله**)، وە دینی پێغەمبەرمان محمد(ﷺ)و لەسەر میللەتی باوکمان ئیبراهیم پێغەمبەر(**عليه الصلاة والسلام**) کە لای دابوو لە بەتاڵەوە بۆ هەق و موسڵمان بووەو لە هاوبەش دانەران نەبووە.**

**١٣-** (( سُبحانَ اللهِ وَبِحَمدِهِ )) **سەد جار.**[٧٤]

**واتە: تەواوی و بێ کەم و کوڕی و سوپاس و ستایش بۆ خوایە.**

**١٤-** (( لآ إلهَ إلاّ الله وَحْدَهُ لا شَريكَ لَهُ. لَهُ المُلكُ وَلَهُ الحَمدُ، وَهوَ على كُلِّ شَيءٍ قَديرٌ )) **(دە)جار**[٧٥]**. یان (یەك جار لە کاتی بێ تواناییدا)**[٧٦].

**واتە: هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە (**الله**) تاکی بێ هاوبەشەو موڵك و سوپاس هەر بۆ ئەوەو بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە.**

---

**(٧٤) (هەرکەسێ بەیانیان(سەد)جارو ئێواران(سەد) جار بیڵێ لەرۆژێکدا کەس لە رۆژی دواییدا بەکردەوەی لەم باشترەوە نایەت مەگەر کەسێك وەك ئەمی وتبێ یان زیکری زیاتری وتبێ). مسلم ٢٠٧١/٤.**

[٧٥] **(هەرکەسێك (دە) جار دوای نوێژی بەیانی بیڵێ ئەوا (دە) چاکەی بۆ دەنووسرێو (دە) خراپەی لەسەر لادەچێو(دە)پلە بەرزدەبێتەوە. وە بەئەندازەی رزگارکردنی دوو کۆیلە لەنەوەکانی ئیسماعیل پێغەمبەر(**عليه الصلاة و السلام**) چاکەی دەکات. وە ئێوارانیش بیڵێ هەروەهایە. وە دەبێتە پارێزەرێك بۆی لە شەیتان تاکوو رۆژی لێدەبێتەوە).** النسائي في عمل اليوم والليلة برقم (٢٤) وانظر: صحيح الترغيب والترهيب ٢٧٢/١ وتحفة الاخيار لابن باز ص (٤٤) ورواه الخطيب في تأريخ (٤٧٢/١٢و٣٨٩) وقال العلامة الالباني في (سلسلة الصحيحة) رقم (١١٣): وهذا إسناد صحيح رجاله ثقات رجال مسلم غير قران هذا وهو ثقة. أ. هـ.

**(٧٦) (هەرکەسێك بەیانیان (یەك) جار بیڵێ خوای گەورە بەئەندازەی ئەو کەسە خێری بۆدەنووسێ کە بەندەیەکی رزگارکردبێ لەنەوەکانی ئیسماعیل پێغەمبەر(**عليه الصلاة و السلام**). وە (دە) خراپەی لەسەر لادەباتو (دە) پلە بەرزی دەکاتەوەو پارێزراو دەبێ لە شەیتان هەتا ئێوارەی لێدەبێتەوە. وە ئەگەر ئێوارە بیڵێ بەو جۆرەیە هەتا بەیانی لێدەبێتەوە).** أبوداود ٤/ ٣١٩ وابن ماجه وأحمد ٦٠/٤ وأنظر صحيح الترغيب والترهيب ٢٧٠/١ وصحيح أبوداود ٩٥٧/٣. وصحيح ابن ماجه ٢/ ٣٣١ وزاد المعاد ٣٧٧/٢.

**١٥-** (( سُبحانَ اللهِ وَبِحَمدِهِ: عَدَدَ خَلْقِهِ. وَرِضا نَفسِهِ. وَزِنَةَ عَرشِهِ. وَمِدادَ كَلِماتِهِ )) **(تەنها بەیانیان سێجار).**[٧٧]

**واتە: پاکی و بێ کەم و کورتی و گەورەیی سوپاس بۆخوای گەورە: بە ئەندازەی ژمارەی دروستکراوەکانیو ڕەزای خۆی و قورسایی و سەنگینی عەرشەکەی و زۆرو درێژی ووشەکانی.**

**١٦-** (( أعوذُ بِكَلِماتِ اللهِ التّامّات مِنْ شَرِّ ما خَلَقَ )) **سێ جار تەنها ئێواران.**[٧٨]

**واتە: پەنا ئەگرم بە ووشە تەواوەکانی خوای گەورە لە خراپەی دروستکراوەکانی .**

**١٧-** عن أبي الدَّرداء (τ) قال: قالَ رسول الله(ﷺ): (( مَنْ صَلّى عَلَيَّ حينَ يُصبِحُ عَشراً وَحينَ يُمسي عَشراً أدرَكَتْهُ شَفاعَتي يَومَ القِيامَةِ )).[٧٩]

**واتە: هەر کەسێك کاتێ بەیانی بەسەردا دێت(دە جار) و کاتێك ئێوارەی بەسەردا دێت(دەجار)سلاواتم لەسەر بدات شەفاعەتی منی بەردەکەوێ لە ڕۆژی دواییدا.**

---

[٧٧] مسلم ٤/٢٠٩٠

**(٧٨) هەرکەسێ ئێواران سێ جار بیڵێ ئەوا ئەو شەوە پێوەدان زیانی پێ ناگەینێ/**أخرجه أحمد ٢/ ٢٩٠. والنسائي في عمل اليوم والليلة برقم (٥٩٠) وابن السني برقم (٦٨) وانظرصحيح الترمذي٣/٢٨٧. وصحيح ابن ماجه ٢/٢٦٦وتحفةالاخيار ص(٤٥).

[٧٩] قال الهيثمي في (مجمع الزوائد) ١٠/ ١٢٠: رواه الطبراني باسنادين أحدهما جيد. وَحَسّنَهُ العلامة الالباني في صحيح الجامع (٦٢٣٣) وانظر صحيح الترغيب والترهيب ٢٧٣/١. رقم (٦٥٩). وَحَسّنَهُ الأرناؤوط. وأنظر ترتيب أحاديث (صحيح الجامع الصغير) ٤٢٤/٢. **بەلاّم دواتر بە ضةعيفى داناوە لە** ضعيف الترغيب والترهيب ذمارة(٣٩٦) و الضعيفة **ژمارە**(٥٧٨٨)

## ❁ خواردن و خواردنەوە

**پێش خواردن بڵێ** (بِسم الله). **واتە: بە ناوی خوا. بەڵام ئەگەر بیرت چوو ئەوا هەرکاتێ بیرت کەوتەوە بڵێ:** (( بِسْمِ اللهِ فِي أَوَّلِهِ وَآخِرِهِ )).[٨٠]

**واتە: بە ناوی خوای گەورە لە سەرەتاو کۆتاییدا.**

**یان پێش خواردن بڵێ:** (( أللهُمّ بارك لنا فيهِ وَأطعِمنا خَيراً مِنهُ )).

**واتە: خوایە بەرەکەت بڕژە بەسەرماندا لەمەداو لەم خواردنە چاکترمان بدەرێ. بەڵام ئەگەر شیرت خواردەوە لە سەرەتادا بڵێ:** ((أللهُمّ بارِك لَنا فيهِ وَزِدنا مِنهُ)).[٨١]

**واتە: خوایە بەرەکەت بڕژە بە سەرمان دا لەمەداو لەمەمان بۆ زیاد بکە.**

**(وە بە دەستی ڕاستت و لەبەردەمی خۆتەوە بخۆ ).[٨٢] (وە بەسێ پەنجەی گەورەو شایەتمان و ناوەڕاست بخۆو دوایی پێش دەست سڕین) هەرسێکیان بلێسەرەوە).[٨٣]**

**وە (قاپەکەش بلێسەرەوەو هەرچیەکت لەدەست کەوتە خوارەوە لە پارو هەڵی بگرەوەو پاکی بکەرەوەو بیخۆو فڕێی مەدە بۆ شەیتان).[٨٤]**

**وە ( بە پێوە خواردنەوەو خواردن نەخۆیت).[٨٥]**

**وە (بە ڕاکشانیشەوە خواردن مەخۆ).[٨٦]**

---

[٨٠] أخرجه ابوداود ٣٤٧/٣ والترمذي ٢٨٨/٤ وأنظر صحيح الترمذي ١٦٧/٢.

[٨١] الترمذي ٥/ ٥٠٦ وأنظر صحيح الترمذي ٢/ ١٥٨. **چونکە لە شیر چاکتر نییە.**

[٨٢] البخاري ٤٥٨/٩ ومسلم (٢٠٢٢).

[٨٣] مسلم (٢٠٣٢). **چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش دەست سڕین هەرس پەنجەکانی دەلێسایەوە.**

[٨٤] مسلم (٢٠٣٤).

(٨٥) مسلم (٢٠٢٤) – (١١٣). **بەڵام شتخواردن بەدەم ڕێگاوەو بە ڕۆیشتنەوە دروستەو هاوەڵەکان(ڕەزای خوای گەورەیان لێ بێت) کردویانە/** رواه الترمذي(١٨٨١) وقال: حديث حسن صحيح عن إبن عمر(رضي الله عنهما) **هەرچەندە لەوانەیە(عورفەن) هەندێ ناوچە بە جوانی نەزانن.**

**وە کە تەواو بوویت و لێبوویتەوە بڵێ:**

(( أَلحَمدُ للهِ الّذي أطعَمَني هذا وَرَزَقَنيه مِن غَيرِ حَولٍ مِنّي وَلا قُوّة )).(٨٧)

**واتە: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ئەم خواردنەی دامێ و ڕزق و ڕۆزی دام بە بێ گۆڕان و توانای خۆم.**

**یان بڵێ:**

(( أَلحمدُ للهِ حَمْداً كَثيراً طَيِّباً مُبارَكاً فيهِ غَير( مَكفيٍّ وَلا) مُوَدَّعٍ وَلا مُستَغنىً عَنهُ رَبَّنا )).(٨٨)

**واتە: سوپاس و ستایش بۆ خوا، ستایشێکی زۆری پاکی پیرۆز بێ، خوای گەورە بەسمانەو وازمان لێنەهێنراوەو وەلا نەنراوین و کەس نییە بێ نیاز بێ پێی پەروەدگارمان.**

**یان بڵێ:** (( أَلحَمدُ للهِ الّذي أطعَمَ وَسَقَى وَسَوَّغَهُ وَجَعَلَ لَهُ مَخْرَجاً ))(٨٩)

---

(٨٦) **چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:** (( لا آكُلُ مُتَّكِئاً )) رواه البخاري(٩/٤٧٢). **ئیمامی الخگابی دەفەرموێت: مەبەست بە**(المتّكِيء)**لێرەدا بریتییە لە دانیشتن لەسەر پارچە دۆشەك و شتی نەرم. وە مەبەستی ئەوەیە کەوا لەسەر ئەو پارچە قوماشانە دانانیشێ وەکو کەسێك بیەوێ زۆر بخوات بە ئیسراحەت، بەڵکو بە شێوەیەکی لەسەر پەلەیی دائەنیشێ و بە پێی پێویست دەخوات. ئەمە ووتەی**(الخطابی)**یە. وە غەیری ئەویش ئاماژە دەکەن بەوەی کە**(المتّكِيء)**: ئەو کەسەیە کە ڕاکشاوەو لەسەر تەنیشتی کەوتووە.** والله أعلم/ **بڕوانە ریاچ الصالحین**(ص/٢٦٥).

(٨٧) **هەرکەسێ ئەمە بڵێ خوا لە گوناهەکانی لەوە پێشی خۆش دەبا**/ أخرجه أصحاب السنن الأربع إلا النسائي وانظر صحيح الترمذي ٣/١٥٩. وصحيح سنن أبي داود ٢/٧٦٠ وهو حديث حسن.

**بەڵام وەك تێبینییەك فەرموودەی:** (( الحَمدُ للهِ الّذي أَطعَمَنا وَسَقانا وَجَعَلَنا مُسلِمينَ )) **فەرموودەیەکی زەعیفە بڕوانە** تخريج الكلم الطيب **لاپەڕە ١٨٨**).

(٨٨) البخاري ٦/٢١٤ والترمذي بلفظه ٥/ ٥٠٧. وفي روايةٍ: (( أَلحَمدُ للهِ الّذي كَفانا وَأَروانا غيرَ مكفيّ ولا مَكفور)) رواه البخاري (٥٤٥٩).

**واتە: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە خواردنی داینێ و تێرئاوی کردین و دابەزاندنی خواردنەکەی ئاسان کردووە لە گەرووداو دەرچەی بۆ داناوە.**

**یان بڵێ:** (( أللهُمّ أطعَمْتَ وَأسقَيتَ وَأقنَيتَ. وَهَدَيتَ وَأحيَيْتَ. فلَكَ الحَمدُ على ما أعطَيتَ ))[٩٠]

**واتە: خوایە تۆ خواردن و خواردنەوەت داوەو ماڵ و هەموو شتێکی ترت بەخشیوەو هیدایەتت داوەو ژیاندووتە. سا ستایش و سوپاس بۆ تۆیە لەسەر ئەوەی کە بەخشیوتە.**

**( وە ئەگەر ئاو یان شیرت خواردەوە بە دانیشتنەوە بیخۆرەوە).**[٩١]

**وە (هەناسەی لەسەر مەدەو فووی لێ مەکە).**[٩٢]**وە(سێ هەناسە بدە لە دەرەوەی جامەکە لە کاتی خواردنەوەدا).**[٩٣]

**وە ئەگەر یەکێك ئاوی دایتێ یان ویستی ئاوت بداتێ بڵێ:** (( أللهُمَّ أطعِمْ مَن أطعَمَني وَاسقِ مَن سَقاني )).[٩٤]

**واتە: خوایە خواردن بدە بەو کەسەی خواردنی دامێو ئەو کەسە تێرئاو بکە کەئاوی دامێ.**

**وە( ئەو کەسەی کە ئاو دەگێڕێت با خۆی کۆتا کەس بیخواتەوە).**[٩٥] **وە ( ئەگەر حەزت لە خواردنێك نەبوو عەیبی لێ مەگرەو یان بیخۆ یان وازی لێ بێنە).**[٩٦]

---

(٨٩) رواه أبو داود(٣٨٥١) وصححه الألباني انظر(صحيح سنن أبي داود ٢/٧٣٠).

(٩٠) رواه أحمد وصححه الالباني: سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم (١٧).

(٩١) مسلم (٢٠٢٤) – (١١٣).

(٩٢) الترمذي (١٨٨٩) وقال: حديث حسن صحيح، وأخرجه أبو داود (٣٧٢٨) وابن ماجه (٣٤٢٨) وإسناده صحيح عن ابن عباس (رضى الله عنهما).

(٩٣) البخاري ١٠/٨١ ومسلم (٢٠٢٨).

(٩٤) مسلم ٣/١٢٦.

(٩٥) الترمذي (١٨٩٥) وقال: حديث حسن صحيح. وأخرجه مسلم (٦٨١) في حديث مُطَوَّل.

**(لە كاتی ئاوو شیر گێڕاندا لە لای ڕاستەوەی خۆتەوە دەست پێ بكە).** (٩٧)

**( ئادەمیزاد هیچ دەفرێكی پڕ نەكردووە لە وورگی خراپتر بێت، وە چەند پاروویەك بەسە بۆ مرۆڤ كە پشتی ڕاگیر بكات ئەگەر نا با سێ یەكی گەدەی دابنێ بۆ خواردن و سێ یەكی بۆ خواردنەوەو سێ یەكی بۆ هەناسە).** (٩٨)

**( وە ئەگەر مێشكێك كەوتە ناو خواردنەوەی یەكێكتانەوە با هەمووی نوقم بكات و دەری بهێنێتەوە تیادا. چونكە لە باڵێكیدا دەردو لە باڵەكەی تریدا دەرمان هەیە).** (٩٩)

**تێبینی: دەستنوێژگرتن پێش نان خواردن سوننەتە بۆ كەسی لەش گران.**(١٠٠)

## ۞ نزا و پاڕانەوەی میوان بۆ خاوەن ماڵ

(( أللهُمّ بارِكْ لَهُمْ فِيما رَزَقْتَهُم وَاغفِرْ لَهُم وَارحَمْهُم )).(١٠١)

**واتە: خوایە بەرەكەت بخەرە ئەو ڕۆزییەی داوتنەتێو لێیان خۆش بەو بەزەیت پێیان دا بێتەوە.**

---

(٩٦) **جونكە پێغەمبەر(ﷺ) هەرگیز عەیبی لە خواردن نەگرتووە/** البخاري ٤٧٧/٩ ومسلم (٢٠٦٤).

(٩٧) البخاري ٥/ ١٤٨ و ١٠/ ٦٦ ومسلم (٢٠٢٩).

(٩٨) رواه الامام أحمد والترمذي(٢٣٨١) والنسائي وابن ماجه وقال الترمذي: حديث حسن، عند المقدام بن مَعد يكرب(τ) انظر أربعين النووية.

(٩٩) أخرجه البخاري والدارمي وابن ماجه واخرون والزيادة للبخاري. انظر سلسلةالاحاديث الصحيحة رقم (٣٨).

(١٠٠) رواه أبوداود ٢٢٢/٣٧٥/١ وانظر سلسلة الأحاديث الصحيحة(٦٧٤/١) رقم الحديث(٣٩٠).

(١٠١) مسلم ١٦١٥/٣.

## ❀ لە کاتی بینینی نۆبەرەی میوەدا

(( اللهُمّ بارِكْ لَنا في ثَمَرِنا. وَبارِك لَنا في مَدينَتِنا، وَبارِك لَنا في صاعِنا، وَبارِك لَنا في مُدِّنا )).[١٠٢]

**واتە: خوایە بەرەکەت بخەیتە ناو میوەمانەوەو بەرەکەت بخەرە شارەکەمانەوەو بەرەکەت بخەرە دەفری** (صاع) **مانەوە (کە چوار مشت دەگرێت)و بەرەکەت بخەرە ناو** (مُدّ) **واتە مشتمانەوە.**

## ❀ داماڵین و داکەندنی پۆشاك و جل

**( پەردەی نێوان چاوی جنۆکەو داوێن(عەورەتی) ئادەمیزاد ئەوەیە کە کاتێ یەکێکیان پۆشاکی دانا بڵێ(**بِسمِ اللهِ**).**[١٠٣]

## ❀ چوونە سەر ئاو

**لە پێش چوونە ژورەوە بڵێ:** (( (بِسمِ اللهِ) اللهُمّ إِنِّي أعوذُ بِكَ مِنَ الخُبُثِ وَالخَبائِثِ )).[١٠٤]

**واتە: بەناوی خوا، خوایە پەنات پێ ئەگرم لە شەیتانە نێرەو مێیەکان. وە کە هاتیتە دەرەوە بڵێ:** (( غُفرانَكَ )).[١٠٥] **واتە: خوایە لێم خۆش بە— ماوەیەکە یادی تۆم نەکرد-.**

---

**(١٠٢) وە پاشان دەیدات بە بچوکترین مناڵ لەو شوێنەدا/ مسلم ٢/١٠٠٠.**

(١٠٣) رواه الطبري في الأوسط وصحَّحَهُ الألباني(صحيح الجامع ٣/٢٠٣).

(١٠٤) أخرجه البخاري ١/٤٥ ومسلم ١/٢٨٣ (الخُبُث) **بە سکونی سەر (باو)ەکەو بە چەمەش دەخوێندرێتەوە. وە زیادەی** (بسم الله) **لەو فەرموودەیەدا نییە بەڵکو** أخرجها سعيد بن منصور، (انظر الفتح الباري ١/٢٤٤) **وەپێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (پەردەی نێوان چاوی جنۆکەو داوێنی ئادەمیزاد ئەوەیە کە کاتێ چووە سەر ئاو بڵێ** (بسم الله). رواه الطبراني في الاوسط وصححه الالباني (صحيح الجامع ٣/٢٠٣)

**تێبینی: زانایان پێیان وایە چاك وایە لە پێش دا قاچی چەپ پێش بخرێت بۆ چوونە ژورەوەو قاچی ڕاستیش پێش بخرێت بۆ هاتنە دەرەوە.**

## ❁ جل و بەرگ لەبەر کردن

**لە پێش دا لای ڕاست لەبەر بکە،**(١٠٦) **وە بڵێ** (( أَلحَمدُ للهِ الّذي كَساني هذا وَرَزَقَنيهِ مِن غَيرِ حَولٍ مِنّي وَلا قُوَّةٍ )).(١٠٧)

**واتە: ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ئەم پۆشاکەی پۆشیم و پێی بەخشیم بە بێ هیچ گۆڕان و توانای خۆم.**

## ❁ لەبەر کردن و پۆشینی جل و بەرگی نوا

(( اللهُمّ لَكَ الحَمْدُ. أنتَ كَسَوتَنيهِ. أسأَلُكَ مِنْ خَيرِهِ وَخَيرِ ما صُنِعَ لَهُ. وَأعوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهِ وَشَرِّ ما صُنِعَ لَهُ )).(١٠٨)

**واتە: خوایە ستایش بۆ تۆیە تۆ پۆشیمت و پۆشتەت کردم، داوای چاکەی ئەم پۆشاکەت لێ ئەکەم ( کە بریتییە لە مانەوە لە ژیاندا) وە داوای ئەو خێرو چاکەیەت لێ دەکەم کە بۆی دروستکراوە( کە بریتییە لە لادانی بەلای ئەو کارەدا کە ڕەزامەندی خوای گەورەی تیایە) ، وە پەنات پێ ئەگرم لە خراپەی و ئەو**

---

(١٠٥) أبوداود ٣٠/١ رقم (٣٠) والترمذي ١٢/١ رقم (٧) وقال: حديث حسن غريب، وابن ماجه ١١٠/١ رقم (٣٠٠). وصحّحَهُ الألباني في صحيح أبي داود برقم(٢٣).

(١٠٦) أبوداود (٤١٤١) وسنده صحيح وأخرجه الترمذي (١٧٦٦) وصحَّحَه ابن حبا (١٤٧). وهو حديث صحيح. انظر زاد المعاد ٣٨٧/٢ وصحيح الترمذي ٥/١.

(١٠٧) (**هەرکەسێك ئەمە بڵێ خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێ** أخرجه أهل السنن الا النسائي انظر إرواء الغليل ٤٧/٧ هذا حديث حسن. وانظر(صحيح أبي داود ٧٦٠/٢) .

(١٠٨) أبو داود ٤/ ١٢ وأنظر صحيح الترمذي ١٧١/٣. وهو حديث حسن. وانظر مختصر شمائل الترمذي للألباني ص/٤٧

**خراپەیەی بۆی دروست كراوە ( كە بریتییە لە لادانی بە لای ئەوەی بە خۆ بەزل زانین و فیزەوە لەبەری بكات).**

## ❀ ئەگەر بەكێك بەرگی نوای لەبەر كردبوو

**١- پێی بڵێ:** (( تُبلي وَيُخلِفُ اللهُ تَعالى )).[١٠٩] **واتە: یاخوا بیرزێنیت (ئەوەندە لەش ساغ و تەمەن درێژ ببێ و بیدرێنیت) وە خوای گەورە پۆشاكی تر بخاتەوە شوێنی.**

**٢-** (( إلبِس جَديداً. وَعِشْ حَميداً. وَمُتْ شهيداً )).[١١٠] **واتە: یاخوا پۆشاكی تازە لەبەر بكەیت و بە سوپاس كراوی و بژیت و بە شەهیدی سەربنێیتەوە و بمریت.**

## ❀ لە پێكردنی نەعل و پێڵاو

**لە پێشدا لای ڕاست لە پێ بكەو لە كاتی داكەندندا لای چەپدابكەنە.[١١١]**

**وە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەهی كردووە لە لەپێ كردنی نەعل بە پێوە.[١١٢] وە بە یەك تاكەوە مەڕۆ بە ڕێدا. یان هەردووكی لە پێ بكە یان هەردووكیان دابكەنە.[١١٣]**

---

(١٠٩) اخرجه ابوداود (٤١/٤)رقم(٤٠٢٠) وانظر صحيح أبي داود٢/٧٦٠ وسنده صحيح، **ئەمە ووتەی هاوەڵەكانی پێغەمبەرە(ﷺ) كە بە یەكتریان فەرمووە هەروەها لە وتەی پێغەمبەر(ﷺ) هاتووە بە لەفزی:** (أبلي و أخلِقي) **ڕیوایەت كراوە وە بە**(وأخلِفي) **بە**(فاء) **دوو یان سێ جار بیڵێ/** واخرجه البخاري كتاب الجهاد ١٨٨ واللباس ٢٢ والادب ١٧.

(١١٠) ابن ماجه ١١٧٨/٢ والبغوي ٤١/١٢ وانظر صحيح ابن ماجه ٢٧٥/٢ وهو صحيح.

(١١١) البخاري ٢٦٣/١٠ ومسلم (٢٠٩٧).

(١١٢) أبوداود (٤١٣٥) بإسنادٍ حَسَن عن جابر ورجاله ثقات وهو حديث صحيح بشواهده عن أبي هريرة وعبدالله بن عمر وأنس(رضي اللهُ عنهم).

**تێبینی: ئیمامی** (المناوي) **دەفەرموێت: فەرمودەكە بۆ ڕێنیشاندان و ئیرشادە. چونكە بە دانیشتنەوە لە پێكردنی ئاسان ترە. بۆیە ئیمامی**(الطِّيبي)**وە غەیری ئەو نەهییەكەیان تایبەت كردووە بە لەپێكردنی ئەو پێڵاوەی كە لە پێكردنی بە پێوە ناڕەحەتەوەو ماندووت دەكات وەكو( ناسومە و خوف)( كە قەیتانی هەیە)**

## ❁ چوونە دەرەوە لەماڵ

١- (( بِسمِ اللهِ، تَوَكّلْتُ عَلَى اللهِ. لا حَوْلَ وَلا قُوةَ إلاّ باللهِ )).[114] **واتە: بە ناوی خوا پشتم بەخوای گەورە بەست و هیچ گۆڕان و توانایەك نییە مەگەر بەخوای گەورەوە.**

٢- (( اللهُمّ إِنّي أعوذُ بِكَ أن أضِلَّ أو أُضَلّ. أو أَزِلّ أو أُزَلَّ. أو أَظلِمَ أوأُظلَمَ. أو أجهَلَ أو يُجْهَلَ عَلَيَّ )).[115]

**واتە: خوایە پەنات پێئەگرم لەوەی خەڵك گومڕا بکەم یان گومڕا بکرێم. یان هەڵە بکەم یان هەڵەم لەگەڵ بکرێ، یان ستەم بکەم یان ستەمم لێ بکرێ. یان نەفامی بکەم یان نەفامیم لەگەڵ دا بکرێ.**

## ❁ گەڕانەوە بۆ ماڵێ

---

**نەك( قابقاب و سرموزە ) وە خوای گەورەش زاناترە بە حیکمەتی تەشریع و نەهیەکانی/بڕوانە** سلسلة الصحيحة للألباني(٢/ ٣٥٠).

(١١٣) البخاري ١٠/ ١٦١،٢٦٢ ومسلم (٢٠٩٧).

(١١٤) **(ئەگەر لە ماڵ دەرچێت و ئەمە بڵێ ئەوا پێی دەوترێت: هیدایەت درایت و کیفایەت کرایت و پارێزرایت، وە شەیتانی لێ دوور دەخرێتەوە. وە شەیتانێکی تر دەڵێ: تۆ چ دەستەڵاتێکت هەیە بەسەر کەسێك دا کە هیدایەت درابێت و کیفایەت کرابێت و پارێزرابێت/** رواه أبوداود ٤/ ٣٢٥ رقم(٥٠٩٥) و الترمذي رقم(٣٤٢٦) وصحّحَهُ الألباني في صحيح الجامع برقم(٦٤١٩) وانظر صحيح الترمذي٣/ ١٥١.

(١١٥) أخرجَهُ أهل السنن وانظر صحيح الترمذي ٣/ ١٥٢ وصحيح ابن ماجه ٢/ ٣٣٦

**خوای گەورە دەفەرمویێت:** ﴿ فإذا دَخَلتُم بُيُوتاً فَسَلِّموا على أنفُسِكُم تَحِيَّةً مِنْ عِندِ اللهِ مُبارَكةً طَيِّبةً.. ﴾ (النور: ٦١)

**واتە: ئەگەر چوونە ماڵێکەوە سڵاو لە یەکتری و خۆتان بکەن بەسڵاوێکی خوایی پیرۆزو بەفەڕ و پاك.**[١١٦]

**پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمویێت: (( سێ کەس هەموویان مسۆگەر زامنن لە ژێر چاودێری خوای گەورەدان)) وە لەوانە:** (( رجُلٌ دَخَلَ بَيتَهُ بِسَلامٍ فَهوَ ضامِنٌ على الله عزَّ وَجلَّ )).[١١٧]

**واتە: پیاوێك بگەڕێتەوە ماڵەوە بە سڵاو کردن زامنە لەلایەن خواوە. وە عائیشە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرمویێت:پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر بگەڕایەتەوە ماڵەوە بە سیواك دەستی پێدەکرد- واتە: یەکەم شت سیواکی دەکرد-.**[١١٨]

## ۞ لە کاتی ڕۆیشتن دا بەرەو مزگەوت

(( أللهُمَّ اجعلْ في قَلبي نُوراً. وَفي لِساني نوراً. وَفي سَمعي نُوراً. وَفي بَصَري نوراً. وَمِنْ فَوقي نُوراً. وَمِنْ تَحتِي نُوراً. وعنْ يَميني نُوراً. وَعَنْ شِمالي نُوراً. وَمِنْ أمامي نوراً. وَمِنْ خَلفي نوراً. وَاجعل

---

[١١٦] تفسير القرآن العظيم ٣/ ٢٧٠ – ٢٧١.

[١١٧] صحيح (صحيح سنن أبي داود ٢/ ٤٧٣) **وە لەفەرموودەی صەحیح دا هاتووە: (ئەگەر پیاوێك گەڕایەوە ماڵەوەو یادی خوای گەورە کرد لەکاتی چوونە ژوورەوەو نان خواردنیدا. ئەوا شەیگان بەهاوەڵەکانی دەڵێت: لێرە نەجێگەو نەشێوو خواردنتان نییە) مسلم ژمارە (٢٠١٨).**

[١١٨] صحيح مسلم / كتاب الطهارة باب ١٥/ رقم (٤٤).

في نفسي نوراً. وأعظِمْ لي نوراً. وَعَظِّم لي نوراً. واجعَلْ لي نوراً. وَاجعلني نوراً. اللهُمَّ أعطِني نوراً. وَاجعَلْ في عَصَبِي نُوراً. وَفي لحَمِي نُوراً. وفي دَمي نوراً. وفي شَعرِي نوراً وفي بِشرِي نوراً ))[١١٩]

(( وَزِدْني نُوراً. وَزدني نُوراً. وَزِدْني نُوراً ))[١٢٠]

(( وَهَبْ لي نوراً على نور )).[١٢١]

**واتە: خوایە لەدڵم دا نور بەرپابکەی، وە لە زوبانمو بیستنو بینینو سەرەوەو خوارەوەم و ڕاستو چەپمو پێشەوەو پاشەوەمو لەدەرونمدا، وە نورم بۆ گەورەبکەیتو نورم تیا گەورەبکەیتو نورم بۆ بکەیتو بمکەیتە نور. خوایە نورم پێ ببەخشیو لەدەمارمدا نورم بدەیتێ. وە لە گۆشتو خوێنو موو پێستمدا. وەنورم بۆ زیاد بکە - سێ جار – وەنور لەسەر نورم پێ ببەخشە. یان بە کورتی بڵێ:**

(( أللّهُمَّ اجعَلْ في قَلبي نُوراً، وَفي لِساني نوراً، وَاجعَلْ في سَمْعي نُوراً. وَاجعَلْ في بَصَري نوراً. وَاجعَلْ مِنْ خَلفي نُوراً. وَمنْ أمامي نُوراً.وَاجعَلْ مِنْ فوقِي نوراً ومِنْ تَحتي نوراً.اللهُمّ أعطِني نوراً )).[١٢٢]

**واتە: خوایە نور بخەیتە دڵ و زوبان و بیستن و بینین وپاش و پێش و سەرو خوارەوەم. سا خوایە نورم پێ ببەخشی.**

## ❀ چوونە ناو مزگەوت

[١١٩] **هەموو ئەم خاڵانە هاتووە لە** البخاري ١١٦/١١ رقم ٦٣١٦ ومسلم ٥٢٦/١ ، ٥٢٩،٥٣٠ برقم ٧٦٣.

[١٢٠] أخرجه البخاري في الادب المفرد برقم ٦٩٥. ص ٢٥٨ وصَحَّحَ إسنادَهُ الألباني في صحيح الأدب المفرد برقم ٥٣٦.

[١٢١] ابن حجر **هێناویەتی لە**(فتح الباري)**دا و داویەتە پاڵ** ابن أبي عاصم لة(كتابالدعاء). **بڕوانە(الفتح ١١/١١٨). وە فەرموویەتی: لە کۆی جیاواز ڕیوایەتەکانەوە بیست و پێنج خاڵ هاتووە.**

[١٢٢] رواه مسلم ٥١/٦ وابن خزيمة في صحيحه(٤٤٨).

(( أعوذُ باللهِ العَظيم وَبوَجهِهِ الكَريم. وَسُلطانهِ القَديم. مِنَ الشَّيطانِ الرَّجيم))[١٢٣] (( بسمِ اللهِ والصَّلاةُ )) [١٢٤](( والسَّلامُ عَلَى رَسُولِ اللهِ ))[١٢٥]؟، (( اللهُمّ افتَحْ لي أبوابَ رَحمَتِكَ )).[١٢٦]

**واتە: پەنا ئەگرم بەخوای مەزنو بە ڕووی بەڕێزیو دەستەڵاتی هەربووی بەردەوامی لە شەیگانی نەفرەت لێ کراوی لە ڕەحمەت دەرکراو. بەناوی خوای گەورەو درودو سڵاو لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ). خوایە دەرگاکانی رەحمەتی خۆتم لێ بکەرەوە.**

## ۞ هاتنە دەرەوە لە مزگەوت

((بسمِ الله. والصَّلاة والسَّلامُ عَلَى رَسولِ الله. اللهُمَّ إنيّ أسأَلُكَ مِنْ فَضلِكَ.اللهُمَّ أعصِمْني مِنَ الشَّيطانِ الرَّجيمِ )).[١٢٧]

**واتە: بەناوی خوا، درودوو سڵاو لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ)،خوایە من داوای فەزڵی خۆتت لێدەکەم. خوایە بمپارێزە لە شەیتانی نەفرەت لێ کراو.**

**<u>تێبینی</u>: بۆ چوونە مزگەوت قاچی ڕاست پێش دەخرێت. بەڵام بۆ هاتنە دەرەوە قاچی چەپ پێش دەخرێت.**

## ۞ بینینی ئەو کردەوانەی کە لە مزگەوتدا دروست نین

---

**(١٢٣) ئەگەر ئەمە بڵێ شەیگان دەڵێ: بەدرێژایی هەموو ڕۆژەکە پارێزراوەلێم** /حديث صحيح (أنظر صحيح سنن أبي داود ١/٩٣) وانظر صحيح الجام برقم ٤٥٩١.

(١٢٤) رواه ابن السني برقم (٨٨) وحَسّنَهُ الألباني.

(١٢٥) أبوداود ١/١٢٦ وانظر صحيح الجامع ١/٥٢٨.

(١٢٦) مسلم ١/٤٩٤.

(١٢٧) **بڕوانە تەخریجی ڕیوایەتەکانی فەرموودەی چوونە ناو مزگەوت لە پەراوێزی لاپەڕە(٦٤)دا . وە زیادەی:** (( اللهُمَّ أعصِمْني مِنْ الشَّيطانِ الرّجيمِ)) لإبن ماجه وهو صحيح . انظر صحيح ابن ماجه ١/١٢٩.

**ئەگەر کەسێك لە مزگەوتدا جاڕی بۆ شتێکی وون بوو ئەدا پێی بڵێ:(( لا رَدَّها اللهُ عَلَيكَ )). واتە: خوا بۆت نەگەڕێنێتەوە.**

**وە ئەگەر بینیت کڕین و فرۆشتن دەکرا لە مزگەوتدا پێی بڵێ:(( لا أَربَحَ اللهُ تِجارَتَكَ )).(١٢٨)**

**واتە: خوای گەورە قازانج نەخاتە ناو ئەو بازرگانییەتەوە، چونکە مزگەوت بۆ ئەوە نەکراوە.**

**وەدروست نییە تف و بەڵغەم و چڵم و شتی پیس ڕۆبکرێتە ناو مزگەوت چونکە تاوانەو کەفارەتەکەشی پاك کردنەوەیەتی(١٢٩)**

**وە نەهی کراوە لەوەی کە شیعری ناجائیزی تێدا بووترێت.(١٣٠) وە هەروەها دروست نییە دەنگ بەرز کردنەوە تیایدا.(١٣١) وە هەر کەسێك پیاز یان سیر یان کەوەر (یان توور یان شتی بۆن ناخۆشی تری خوارد) با نزیکی مزگەوت نەکەوێتەوە. چونکە مەلائیکەتەکان ئەزێت ئەچێژن بەو شتەی کە مرۆڤ ئەزێتی پێ دەگا.(١٣٢)**

## ❀ پێش دەست نوێژ

(١٢٨) الترمذي (١٣٢١) وقال حديث حسن. والدارمي ٣٢٦/١ وصحَّحَهُ ابن حَبان (٤١٣) والحاكم ٥٦/٢ ووافقه الذهبي عن أبوهريرة (τ).

(١٢٩) البخاري ٤٢٨/١ ومسلم (٥٢٢).

(١٣٠) أبوداود (١٠٧٩) والترمذي (٣٢٢) وقال حديث حسن. واخرجه النسائي ٤٧/٢– ٤٨ وسنده حَسَن، عن عمرو بن شعيب عن أبيه عن جده (τ).

(١٣١) البخاري ٤٦٥/٧.

(١٣٢) البخاري ٤٩٨/٩ ومسلم (٥٦٤).

**بڵێ:** (( بِسمِ اللهِ )).[١٣٣]

**تێبینی: ئەو ویردو زیکرانەی خەڵکی عەوام دەیڵێن لە کاتی شۆردنی هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی دەست نوێژدا هیچ بنچینەیەکی نییەو لە فەرموودەدا نەهاتووە.[١٣٤] وە هیچ دوعاو نزایەکی تایبەتیش نییە بە کاتی دەست نوێژ شتنەوە.**

## ❁ نزای دوای دەست نوێژ

١- (( أشهَدُ أن لآ إلهَ إلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَريكَ له. وَأشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسولُهُ.. )).[١٣٥]

**واتە: شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە(الله) تاکی بێهاوبەشە. وە شایەتی دەدەم کە محمد(ﷺ)بەندەو نێردراوی خوایە.**

٢- (( أللهمّ اجعَلني مِنَ التّوّابِينَ. واجعَلني مِنَ المتَطَهِّرينَ )).[١٣٦] **واتە: خوایە بمگێڕی لە تەوبەکاران‌و بمگێڕی لە خۆپاك کەرەوەکان.**

٣- (( سُبحانَكَ اللهُمّ وَبِحَمْدِكَ أشهَدُ أن لا إلهَ إلاّ أنتَ أستَغْفِرُكَ وَأتوُبُ إليكَ )). [١٣٧]

---

(١٣٣) أبوداود ٧٥/١ رقم (١٠١) وابن ماجه ١٤٠/١ رقم (٣٩٩) وغيرهم عن أبي هريرة. وفي سنده مجهولان: يعقوب بن سلمة وأباه ولكن الحديث حسن بمجموع طرقه.. والله اعلم. وانظر ارواء الغليل ٢٢/١. و(صحيح الترمذي ١٠١/١).

(١٣٤) انظر الوابل الصيب ص(٣١٦) والأذكار للنووي ١١٦/١.

**(١٣٥) (هەرکەسێك دەست نوێژی تەواو بشۆرێ و ئەمە بڵێ هەر هەشت دەرگاکە بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە لەکامیانەوە ئارەزوو بکات دەچێتە ناوی/ مسلم٢٠٩/١.**

(١٣٦) الترمذي ٧٨/١ رقم(٥٥) وانظر صحيح الترمذي ١٨/١ وهو صحيح. صَحَّحَه الألباني في سنن الترمذي رقم(٤٨).

**(١٣٧) (هەرکەس دەست نویژ بگرێ و پاشان ئەمە بڵێ لەلاپەڕەیەکدا بۆی دەنوسرێتەوە، پاشان مۆر دەکرێت بە مۆرێك ناشکێت تا ڕۆژی قیامەت/ رواه الحاكم ٥٦٤/١ وهو صحيح وانظر النسائي في عمل اليوم والليلة ص ١٧٣ وانظر إرواء الغليل ١٢٥/١و ٩٤/٢ ورواه الحاكم ٥٦٤/١ انظر صحيح الترغيب والترهيب(٢٢٠).**

**واتە: پاکیو بێگەردی و سوپاس بۆ تۆیە خوایە، شایەتی دەدەم کەهیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لەتۆ، داوای لێخۆش بوونت لێدەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ لات .**

## ❁ وەڵام دانەوەی بانگ بێژ

١- **بانگ بێژ هەرچییەکی ووت تۆش دەیڵێیتەوە جگە لە ووتنی:** ((حيَّ على الصَّلاة_حيَّ على الفَلاح )) **كە دەبێ بڵێی:** ((لا حَولَ وَلا قوةَ إلاّ بالله )).[١٣٨]

٢- **وە بڵێ:** (( وَأنا أشهَدُ أن لا إله إلا اللهُ وَحدَهُ لا شَريكَ لهُ. وَأنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسولُهُ. رَضيتُ باللهِ ربّاً. وَبِمُحمّدٍ رَسولاً. وَبالإسلامِ ديناً )). [١٣٩]

**ئەمە دوای شایەتمانی بانگ بێژ دەوترێت.** [١٤٠]

## ❁ دوای بانگ

١- **دوای وەڵام دانەوەی بانگ بێژ صلاوات بدە لەسەر پێغەمبەر** (ﷺ).[١٤١]

٢- **پاشان بڵێ:** (( اللّهُمّ رَبَّ هذهِ الدَّعوَةِ التّامّة . وَالصّلاةِ القائِمَة . آتِ مُحَمَّداً الوَسيلَةَ وَالفَضِيلَةَ. وَابْعَثهُ مَقاماً مَحْمُوداً الَّذي وَعَدْتَهُ )).[١٤٢]

---

**(١٣٨) هەر کەس ئاوا لە دڵییەوە بیڵێ دەچێتە بەهەشتەوە/** البخاري ١٥٢/١ ومسلم ٢٨٨/١.

**(١٣٩) هەرکەسێ کە گوێی لە بانگ بێژبوو بیڵێ خوای گەورە لە گوناهەکان خۆش دەبێ** /مسلم ٢٩٠/١.

**(١٤٠)** ابن خزيمة ١/ ٢٢٠.

(١٤١) مسلم ١/ ٢٨٨. **بۆ شێوازی سڵاوات بڕوانە لاپەڕەکانی دواتر،**

(١٤٢) **هەر کەسێك ئەم پاڕانەوەیە بڵێ کاتێ بانگ دەبیستێ بەر شەفاعەتی پێغەمبەر(ﷺ) دەکەوێت** البخاري/ ١٥٢/١ **وە زیادەی:** (( إنّكَ لا تُخْلِفُ المِيعادَ )) للبيهقي ٤١٠/١ ، و(العلامة ابن باز) لة(تحفة الاخيار) ص ٣٨ **ئیسنادەکەی بەحەسەن داناوە. بەڵام ئەم زیادەیە** ضه عيفه **هەروەك هاتووە لە** الإرواء ٢٦٠/١ **وە** (الفتح) **دا.**

**واته: خوایه پەروەردگاری ئەم بانگەوازە تەواوو نوێژە دامەزراوە. ببەخشە بە پێغەمبەرمان محمد(ﷺ) پلەی بەرزی (الوسيلة) (کە شوێنێکە لەبەهەشت دایە بۆ کەس نابێ جگە لەبەندەیەك لەبەندەکانی خوای گەورە، وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئومێدم وایە کە ئەو کەسە من بم) وە (الفضيلة) کە پلەیەکی زیادەیە بەسەر دروست کراواندا. وە بیبەرە ئەو شوێنە سوپاس کراوەی کە بەڵێنت پێ داوە ( کە پلەی شەفاعەتی گەورەیە لە ڕۆژی دواییدا).**

**٢- بپاڕێرەوە بۆ خۆت لەنێوان بانگ و قامەت دا. چونکە پاڕانەوەی ئەو کاتە ڕەت ناکرێتەوە.** (١٤٣)

## ❁ فەزڵی بانگ وتن

**١- بانگ بێژ لە ڕۆژی دواییدا لە هەموو کەسێك گەردن و ملی بەرزو درێژترە.** (١٤٤)

**٢- وە هەموو شتێك لە مرۆڤ و جنۆکەو شتی تر شایەتی بۆ دەدەن لە ڕۆژی دواییدا.** (١٤٥)

**٣- وە هەر موسڵمانێك(١٢) ساڵ بانگ بدات( بە بێ بەرانبەر) ئەوا بەهەشتی بۆ واجب دەبێو بە هەموو بانگێك لە ڕۆژێکدا(٦٠) چاکەو بە هەموو قامەتێك(٣٠) چاکەی دەست گیر دەبێ.** (١٤٦)

## ووتەی پێش نوێژ(إمام) بۆ نوێژ خوێنان

(١٤٣) رواه البخاري ٥١٧/٢٤٤/٨. وانظر صحيح أبوداود(٤٨٩).

(١٤٤) مسلم ٣٨٧ عن معاوية (t).

(١٤٥) البخاري ٧٢/٢، ٧٣.

(١٤٦) حديث حسن. أخرجه ابن ماجه رقم(٧٢٨) والدارقطني والحاكم والبيهقي عن ابن عمر (رضي الله عنه)، انظر (تخريج الاذكار) لابن حجر العسقلاني جزء/١.وصحّحَهُ الألباني في السلسلة الصحيحة ١٦/١.

**پێش دەست پێکردنی نوێژو لە کاتی چاك کردنی ڕیزەکانیان دا دەڵێت:** (( سَوّوُا صفُوفكُم فإنَّ تَسوِيةَ الصَّفِّ مِنْ تَمامِ الصَّلاةِ )). (١٤٧)

**واتە: ڕیزەکانتان ڕێك بخەن چونکە بە ڕاستی ڕێك و پێکی ڕیز لە تەواوی نوێژەوەیە.**

## لە نوێژ و دوای نوێژدا

## سوننەتی دەست پێکردنی نوێژ(الإستفتاح)

١- (( اللّهُمّ باعِدْ بَيني وَبَينَ خَطاياي كَما باعَدْتُ بَينَ المَشْرِقِ وَالمَغْرِب. اللهُمّ نَقّني مِنْ خَطاياي كَما يُنَقّى الثّوبُ الأبيَضُ مِنَ الدَّنَسِ. اللهُمّ اغسِلْني مِنْ خَطاياي بِالثَّلْج وَالماءِ وَالبَرَدِ )).(١٤٨)

**واتە: خوایە نێوان منو گوناهەکانم دوور بخەرەوە وەك چۆن ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوات لەیەك دوورخستۆتەوە. خوایە لەگوناهەکانم پاکم بکەرەوە هەروەکو چۆن کراسی سپی لەچڵك پاك دەبێتەوە. خوایە لە گوناهەکانم بمشۆرەوە بە بەفرو بارانو تەرزە.**

٢- ((سُبحانَكَ اللهُمَّ وبِحَمْدِكَ. وتَبارَكَ اسمُكَ. وتَعالى جَدُّكَ. وَلا إِلَه غَيرُكَ)).(١٤٩)

---

(١٤٧) البخاري ١٧٤/٢ ومسلم (٤٣٣) عن أنس. **وە لەریوایەتی البخاریدا:** (( فَإنَّ تَسويَةِ الصّفُوفِ مِنْ إقامَةِ الصَّلاةِ )) . **واتە: ڕێكو پێکی ریزەکان لە تەواویو دامەزراوی نوێژەکەوەیە.**

**تێبینی: ریز ڕێکخستن بەم جۆرەیە: شان دەدەن لە شانی یەك و پێو تەنیشتی ئەژنۆ دەدەن لە یەك، چونکە هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) ئاوایان دەکرد.** أنظر(سلسلة الصحيحة ٤٠١/١) والحديث رواه أبو داود(٦٦٢) وإبن حبان وأحمد وسندهُ صحيح كما قال الألباني). **وە پێویستە ریزی یەکەم تەواو بێت ئەوجا ڕیزی دووەم دروست بکرێت. وە هەروەها بۆ ڕیزەکانی تریش بەهەمان شێوە چونکە مەلائیکەتەکانیش بەم شێوازە دەوەستن لەلای پەروەردگار.**

(١٤٨) البخاري ١٨١/١ و مسلم ٤١٩/١.

**واتە:خوایە پاکیو بێگەردیو ستایش بۆتۆیە، وە ناوی تۆ پیرۆزەو فەڕو بەرەکەتی زۆرەو دەستەڵاتت گەورەو بڵندەو هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لە تۆ.**

٣-(( وَجَّهْتُ وَجهيَ لِلّذي فَطَرَ السَّمَواتِ وَالأرضَ حَنيفاً مُسلماً وَما أنا مِنَ المشركينَ.إنّ صَلاتي وَنُسُكي وَمَحيايَ ومَماتي لله رَبِّ العالمينَ.

لا شريكَ لَهُ وَبِذلكَ أُمِرتُ وَأنا مِنَ المسلمينَ. اللهم أنتَ الملِكُ لا إلهَ إلاّأنتَ. أنْتَ رَبّي وَأنا عَبْدُكَ. ظَلَمْتُ نَفْسِي. وَاعترفْتُ بِذَنبي، فاغفِرْ لي ذنوبي جَميعاً، إنَّهُ لا يَغفِرُ الذُّنوبَ إلاّ أنتَ. وَاهدِني لأَحسَنِ الأخْلاقِ لا يَهدي لأحْسَنِها إلاّ أنتَ وَاصرفْ عَنّي سَيِّئَها لايَصْرِفُ عَنّي سَيِّئَها إلاّ أنتَ. لَبَّيكَ وسَعْدَيكَ. وَالخيرُ كُلُّهُ بِيَدَيكَ. والشَّرُّ لَيسَ إلَيكَ. أنا بِكَ وَإلَيكَ. تبارَكْتَ وَتَعالَيْتَ.أستغفِرُكَ وأتوبُ إليكَ )).(١٥٠)

**واتە: بە پاکی و دڵسۆزی ڕووم کردە ئەو خوایەی ئاسمانەکانو زەوی بەدیهێناوەو من لەهاوبەش دانەران نیم. بەڕاستی نوێژو سەربڕینو ژیانو مردنم تەنها بۆ پەروەردگاری جیهانیانەو بەوە فەرمانم پێکراوەو من لەموسڵمانانم. خوایە تۆ پادشایت هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لە تۆ، تۆ پەروەردگارمیو من بەندەی تۆم، ستەمم لەنەفسم کردووەو دان ئەنێم بە گوناهمدا ساخوایە لەهەموو گوناهەکانم خۆش بە، بەڕاستی جگە لە تۆ کەس لە گوناه خۆش نابێ. وەڕێنمویم بکە بۆ چاکترین ڕەوشت، کەس ڕێنمویی ناکات بۆ چاکترینی ڕەوشت و ئاکار جگە لەتۆ. وە کردەوەی خراپم لێ دوور بخەرەوە کەس کردار خراپیم لێ دوور ناخاتەوە جگە لەتۆ . خوایە(لَبَّيكَ) واتە : وەڵامی دوای وەڵامم هەیە بۆت لە گوێڕایەڵیتداو (سَعدَيكَ) واتە: شوێن کەوتەی دوای شوێن کەوتەم بۆ دینەکەت،**

(١٤٩) أخرجه أصحاب السنن الاربعة وانظر صحيح الترمذي ٧٧/١. وصحيح إبن ماجه ١٣٥/١.

(١٥٠) أخرجه مسلم ٥٧/٦.

**چاکە هەمووی بەدەستی تۆیەو خراپەش نادەمە پاڵ تۆ،وە من بەتۆوە هەمو بۆلای تۆ دەگەڕێمەوە. پاکیو بێگەردیو بڵندی بۆ تۆیە. داوای لێخۆش بوونت لێ دەکەمو دەگەڕێمەوە بۆلات.**

٤-((اللهُمَ رَبَّ جبرائيلَ. وَميكائيلَ، وَإسرافيلَ. فاطِرَ السَّمواتِ وَالأرضِ. عالِمَ الغَيبِ والشَّهادَةِ. أنْتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبادِكَ فِيما كانُوا فيه يَختلِفونَ. إهدِني لِما اختُلِفَ فيهِ مِنَ الحَقِّ بإذنِكَ إنّكَ تَهدي مَنْ تَشاءُ إلى صِراطٍ مُستَقيم ))(١٥١)

**واتە: خوایە، پەروەردگاری جبرائیلو میکائیلو ئیسرافیل. بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی. زانای غەیبو ئاشکرا. تۆ حوکم دەکەیت لەنێوان بەندەکانت دا لەو شتەدا کەجیاوازن تیایدا. سارێنمویم بکەی بۆ ئەو حەقەی کەخەڵکی تیایدا جیاوازن بەئیزنی خۆت واتە (دامەزراوم بکە لەسەری). بەڕاستی تۆ ڕێنمویی هەرکەسێك بتەوێ دەیکەیت بۆ سەر ڕێگای ڕاست.**

٥- (( ألحَمْدُلله حَمْداً كَثيراً طَيّباً مُبارَكاً فيه ))(١٥٢)

**واتە: سوپاسو ستایش بۆ خوای گەورە سوپاسێکی زۆری پاکی پیرۆزبێ.**

٦- (( الله أكبرُ كَبيراً . وَالحَمدُللهِ كَثيراً . وَسُبحانَ اللهِ بُكْرَةً وَأصِيلاً ))(١٥٣)

---

(١٥١) أخرجه مسلم ١/٥٣٤.

(١٥٢) **پیاوێك بەم دوعایە دەستی پێکرد. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بينيم دوازدە مەلائیکەت هەڵپەیان بۆکرد تا کامیان بەرزی بکەنەوە/رواه مسلم ١/٤١٩.**

(١٥٣) **لە ابن عمرەوە** (رضي الله عنه) **فەرمویەتی: ( لەکاتێکدا ئێمە نوێژمان دەکرد لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لەکۆمەڵەکەدا پیاوێك ئەمەی فەرمووـ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کێ بوو ئاواو ئاوای ووت؟ پیاوێك لەکۆمەڵەکە فەرموی: من بووم ئەی پێغەمبەری خوا. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: سەرم سووڕما لێی دەرگاکانی ئاسمانی بۆ کرانەوە). مسلم ١/٤٢٠.**

**واتە: خوا گەورەیەو. زۆر سوپاس و ستایش بۆ خوا، وە پاکیو بێگەردی بۆ خوا لەبەیانیانو ئێواران دا.**

**٧- پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر هەڵبسایەو شەونوێژی بکردایە دەیفەرموو:** (( اللهُمَ لَكَ الحَمْدُ أنْتَ نُور السَّمواتِ والأرضِ ومَنْ فيهنَّ. ولَكَ الحَمْدُ أنْتَ قَيّمُ السَّمواتِ والأرضِ وَمَنْ فِيهنَّ. (وَلَكَ الحَمْدُ أنْتَ رَبُّ السّمواتِ وَالأرضِ وَمَنْ فيهنَّ) (وَلَكَ الحَمْدُ لَكَ مُلْك السّمواتِ وَالأرضِ وَمَنْ فيهنَّ) ( وَلَكَ الحَمْدُ أنْتَ مَلِكُ السّمواتِ وَالأرضِ) (وَلَكَ الحَمْدُ) (أنتَ الحَقُّ. ووعْدُكَ الحَقُّ. وَقَولُكَ الحَقُّ. ولِقاؤُكَ الحَقّ. وَالجَنّةُ حَقٌّ. وَالنّارُ حَقٌّ. وَالنَّبيّونَ حَقٌّ. وَمُحَمّدٌ (ﷺ) حَقٌّ. وَالسّاعَةُ حَقٌّ) (اللهُمّ لَكَ أسْلَمْتُ. وَعَليكَ تَوَكّلْتُ. وَبِكَ آمَنْتُ. وَإليكَ أَنَبْتُ. وَبِكَ خاصَمْتُ. وَإليكَ حاكمْتُ. فاغفِرلي ماقَدَّمْتُ. وَما أخَّرْتُ. وَما أسرَرتُ. وَما أعلَنْتُ) (أَنْتَ المقَدِّمُ. وَأَنْتَ المؤَخّرُ لا إلهَ إلاّ أنتَ) (أنتَ إلهي لا إله إلاّ أنْتَ) )).[١٥٤]

**واتە: خوایە ستایش بۆ تۆیە. تۆ نوری ئاسمانەکان و زەویو هەموو ئەو شتانەی کەتیایدان،وە ستایش بۆ تۆیە تۆ هەڵسوڕێنەری ئاسمانەکان و زەویو هەموو ئەو شتانەی کەتیایدان، ستایش بۆ تۆیە تۆ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەویو ئەو شتانەی کەتیایدان. ستایش بۆ تۆیە موڵکی ئاسمانەکان و زەویو چی تێدایە هی تۆیە. ستایش بۆ تۆیە تۆ پادشای ئاسمانەکان و زەویت. ستایش بۆ تۆیە. تۆ ڕەواو ڕاستیو بەڵێنەکەت ڕاستەو ووتەکەت ڕاستەو گەیشتن پێت ڕاستەو بەهەشت ڕاستەو ئاگری دۆزەخ ڕاستەو پێغەمبەران**(عليهم الصّلاةُ والسّلام) **ڕاستن و محمد** (ﷺ) **ڕاستەو ڕۆژی دوایی ڕاستە. خوایە تەسلیمی تۆبووم و پشتم بەتۆبەستو ئیمانم بەتۆ هێناوەو گەڕامەوە بۆلای تۆو بە پشتیوانی تۆوە بەپەرچی دوژمنانم دەدەمەوە وە حوکمی کێشەی خۆم و ئەو کەسەی مل نادات بۆ هەق دێنمەوە بۆلای**

(١٥٤) البخاري مع الفتح ٣/٣و ١١٦/١١و ٣٧١/١٣، ٤٢٣، ٤٦٥ ومسلم مختصراً بنحوه ٥٣٢/١.

**تۆ. سا لەو گوناهانەم خۆش بە کەپێشم خستوەو لەوانەش کەدوام خستووەو ئەوەی بەپەنهانی ئەنجامم داوەو ئەوەی ئاشکرام کردووە. تۆ پێشخەری و تۆ دواخەریو هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لەتۆ. تۆ پەرستراوی منی هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لەتۆ.**

## نزای چەمینەوەکان(الرّکوع)

١- (( سُبحانَ ربِّيَ العَظيم )) **سێجار.**[١٥٥]

**واتە: پاکی و بێ کەم و کورتی و گەورەیی بۆ پەروەردگاری مەزنمە.**

٢- (( سُبحانكَ اللهُمّ رَبَّنا وَبِحَمدِكَ اللهُمّ اغفِر لي )).[١٥٦]

**واتە: پاکی و بێ کەم و کورتی و گەورەیی بۆ تۆیە پەروەردگارم سوپاس و ستایش لایەقی تۆیە. ساخوایە لێم خۆش بە.**

٣- (( سُبّوحٌ قُدّوسٌ رَبُّ المَلائِكَةِ وَالرُّوحِ )).[١٥٧]

**واتە: خوایە تەسبیحات و پیرۆزی بۆ تۆیە پەروەردگاری مەلائیکەتان و ڕۆح.**

٤- (( اللهُمّ لَكَ رَكَعْتُ. وَبِكَ آمَنتُ. وَلَكَ أسلَمتُ. خَشَعَ لَكَ سَمعي وَبَصَري. وَمُخِّي. وَعَظْمي. وَعَصَبي. وَما استَقَلّ بِهِ قَدَمي )).[١٥٨]

**واتە: خوایە بۆ تۆ چەمیمەوەو ئیمانم بەتۆ هێناو تەسلیمی تۆ بووم و بیستن و بینینم و مۆخ و ئێسقان و دەمارو هەموو ئەم لاشەیەم کە قاچەکانم هەڵیان گرتووە مل کەچی تۆ بوو.**

---

(١٥٥) أخرجه أهل السنن وأحمد. وانظر صحيح الترمذي ٨٣/١. **وە زیادەی** (( و بِحَمدِهِ )) **صەحیحە** برِوانة( صفة صلاة النبي(ﷺ) ص/١٣٣) الطبعة الثانية من الجديدة ١٤١٧هـ – ١٩٩٦ م .

(١٥٦) البخاري ٩٩/١ ومسلم ٣٥٠/١.

(١٥٧) مسلم ٣٥٣/١ وأبوداود ٢٣٠/١.

(١٥٨) مسلم ٥٣٤/١ والأربعة إلاّ ابن ماجه.

**٥-** (( سُبحانَ ذي الجَبَروتِ. وَالمَلَكوتِ. والكِبرياءِ. والعَظَمَةِ )).[١٥٩]

**واتە: پاکی و بێ عەیبی بۆ تۆیە ئەی خاوەنی قەهرو تەصەروفی بێسنوورو موڵك و گەورەیی‌و مەزنی.**

## نزای هەستانەوە لە چەمینەوەکان

١- (( سَمِعَ اللّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ )).[١٦٠]

**واتە: خوای گەورە ستایشی ئەو کەسەی بیست کە ستایشی کردو سوپاس و پێزانینی بۆ دەربڕیوە.**

**٢-** (( رَبَّنا لَكَ الحَمْدُ. [١٦١]حَمْداً كَثيراً، طَيِّباً مُبارَكاً فيهِ )).[١٦٢]

**واتە: پەروەردگارمان ستایش بۆ تۆیە. ستایشێکی زۆری پاکی پیرۆز.**

٣- (( مِلءَ السّمواتِ وَالأرضِ، وَما بَيْنَهُما، وَمِلءَ ما شِئتَ مِنْ شَيءٍ بَعْدُ. أهلَ الثَّناءِ والمجدِ. أحَقُّ ما قالَ العَبْدُ. وَكُلُّنا لَكَ عَبْدٌ، اللهُمَّ لا مانعَ لِما أعطيتَ، وَلا مُعطيَ لِما مَنَعْتَ، وَلا يَنفَعُ ذا الجدِّ مِنكَ الجَدُّ )).[١٦٣]

---

(١٥٩) أبوداود ٢٣٠/١ والنسائي وأحمد وإسناده حَسَن.

(١٦٠) البخاري مع الفتح ٢٨٢/٢.

(١٦١) **وە هەندێ جار دەڵێ:** (رَبّنا لَكَ الحَمْدُ) رواه البخاري برقم(٧٩٦) **( كە هەرکەسێك لە دوای ئیمامەوە بیڵێ و ووتنی ئەم لەگەڵ وتنی مەلائیکەتەکاندا یەکگیر ببێ، ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێ)، وە هەندێ جار بۆ ئەم دووانە ووشەی** (اللهُمّ) **لە پێشیەوە زیاد دەکات/ مسلم ٣٤٦/١.**

(١٦٢) **کابرایەك ئەمەی فەرموو: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ( کێ ئەمەی ووت؟ فەرمووی: من. فەرمووی: بینیم سی و ئەوەندە مەلائیکەت هەڵپەیان بۆ کرد تا کامیان بینوسن).** البخاري مع الفتح ٢٨٤/٢. **وە یان بڵێ:** (..... مُبارَكاً عَلَيهِ كَما يُحِبُّ رَبُّنا وَ يَرضَى) البخاري ٣١٧/١ ومالك وأبوداود. **وە هەندێ جار لەشەو نوێژدا دەڵێ** (لِرَبِّيَ الحَمْدُ. لِرَبِّيَ الحَمْدُ) **ئەمە دووبارە دەکاتەوە/** رواه النسائي بسندٍ صحيح (الارواء ٣٣٥).

(١٦٣) مسلم ٣٤٦/١.

**واتە: پڕ بەئاسمانەكانو پڕ بەزەویو پڕ بەنێوانیانو پڕ بەو شتەی كەجگە لەمان بتەوێ. ئەی خاوەنی ستایشو پایە بەرزی، ڕەواتربێ لەوەی كەبەندە دەیڵێو هەمووشمان بەندەی تۆین. خوایە ڕێگر نییە بۆ ئەو شتەی كە تۆ دەیبەخشیو بەخشەر نییە بۆ ئەو شتەی تۆ دەیگریتەوەو هیچ خاوەن سامان و دەوڵەمەندیو پلەو پایەیەك ماڵ و منداڵ و پلەو پایەكەی سوودی پێناگەیەنێ و ڕزگاری ناكا لە تۆ(واتە : بەڵكو كردەوەی چاكی سوودی پێدەگەیەنێو ڕزگاری دەكات ).**[164]

# نزای كڕنوشەكان(السّجود)

١- (( سُبحانَ ربِّيَ الأعلى )) **سێجار.** [165]

**واتە: پاكی و بێ كەم و كورتی و گەورەیی بۆ پەروەردگاری زۆر بەرزم.**

٢- (( سُبحانَكَ اللهُمَّ رَبَّنا وَبِحَمدِكَ اللهُمَّ اغفِر لي )).[166]

**واتە: خوایە پاكی و بێ كەم و كورتی و گەورەیی بۆ تۆیە پەروەردگارمان ستایش لایەقی تۆیە. سا خوایە لێم خۆش بە.**

٣- (( سُبّوحٌ قُدّوسٌ رَبُّ الملآئِكَةِ وَالرُّوحِ )).[167]

**واتە: ئەی خوایە پاكی و بێ كەم و كورتی و گەورەیی و پیرۆزی لایەقی تۆیە پەروەردگاری مەلائیكەكان و ڕۆح.**

---

[164] انظر شرح مسلم ٥/٩٠.

[165] أخرجه أهل السنن وأحمد وانظر صحيح الترمذي ٨٣/١. **وە زیادەی**( وَبِحَمدِهِ ) **صەحیحە. بڕوانە** ( صفة صلاة النبي(ﷺ) ص١٤٦) .

[166] البخاري ٩٩/١ ومسلم ٣٥٠/١.

[167] مسلم ٣٥٣/١ وأبوداود ٢٣٠/١.

٤- (( اللهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ. وَبِكَ آمَنْتُ. وَلَكَ أسلَمتُ، سَجَدَ وَجهِيَ للّذي خَلَقَهُ. وَصَوّرهُ. وَشَقَّ سَمْعَهُ وبَصَرَهُ. تَبارَكَ اللهُ أحسَنُ الخالِقينَ )).(١٦٨)

**واتە: خوایە کوڕنووشم بۆ تۆ بردو باوەڕم بە تۆ هێناو تەسلیمی تۆ بووم، ڕووم کوڕنوشی برد بۆ ئەو خوایەی کە بەدی هێناوەو وێنەی کێشاوەو بیستن و بینینی بۆ داڕشتوە. پاکی و بێ کەم و کورتی و گەورەیی بۆ(اللہ)ی چاکترینی بەدیهێنەران.**

٥- (( سُبحانَ ذي الجَبَروتِ.وَالمَلَكُوتِ. والكِبرياَءِ. وَالعَظَمَةِ )).(١٦٩)

**واتە: پاکی و بێ کەم و کورتی و گەورەیی بۆ تۆیە ئەی خاوەنی قەهرو تەصەروفی بێ سنوورو موڵك و گەورەییو مەزنی.**

٦- (( أللهُمَّ اغفِر لي ذَنبي كُلَّهُ. دِقَّهُ وَجِلَّهُ. وَأَوَّلَهُ وَآخِرهُ، وَعَلانيَتَهُ وَسِرَّهُ )).(١٧٠)

**واتە: خوایە لەهەموو گوناهەکانم خۆش ببە: بچوك و گەورەی. سەرەتاو کۆتایی و ئاشکراو پەنهانی.**

٧- (( اللهُمَّ إنّي أعوذ بِرضاكَ مِنْ سَخَطِكَ. وَبِمُعافاتِكَ مِنْ عُقوبَتِكَ. وَأعوذ بِكَ مِنْكَ. لآ أُحصي ثَناءً عَلَيكَ. أنتَ كَما أثْنَيت عَلَى نَفسِكَ )).(١٧١)

**واتە: خوایە: پەنا ئەگرم بە ڕەزای تۆ لە تووڕەبوونت. وە پەنا ئەگرم بە لێبووردەیت لە سزادانت، وە پەنا ئەگرم پێت. ناتوانم ستایشی تۆ بژمێرم، تۆ بەو جۆرەی کە خۆت ستایشی خۆتت کردووە.**

---

(١٦٨) مسلم ٥٣٤/١ وغيره.

(١٦٩) أبوداود ٢٣٠/١ وأحمد. والنسائي وصححه الألباني في صحيح أبي داود ١٦٦/١.

(١٧٠) مسلم ٣٥٠/١.

(١٧١) مسلم ٥٣٢/١.

## نزای دانیشتنی نێوان دوو سوجدەکان

١- (( رَبِّ اغفِر لي. رَبِّ اغفِر لي )).[١٧٢]

**واتە: پەروەردگار لێم خۆش بە. پەروەردگار لێم خۆش بە.**

٢-((اللّهُمَّ اغفِرْ لي. وَارحَمْني. وَاهدِني . وَاجبُرِني . وَعافِني. وَارزُقْني. وَارفَعْني )).[١٧٣]

**واتە: خوایە لێم خۆشببەو ڕەحمم پێبکەو ڕێنمایم بکەو نوقسانیم تەواو بکەو پارێزراوو لەش ساغم بکەو ڕۆزیم بدەو پلەم بەرز بکەرەوە.**

## نزای کوڕنوشی قورئان خوێندن (سُجودُ التِّلاوة)

١- (( سَجَدَ وَجهيَ لِلّذي خَلَقَهُ. وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ بِحَولِهِ وَقُوّتِهِ {فتبارَكَ اللهُ أحسنُ الخالِقينَ} )).[١٧٤]

**واتە: ڕووم کوڕنوشی بردبۆ ئەوخوایەی بەدی هێناوە وبیستن و بینینی بۆ داڕشتووە بە گۆڕین و توانای خۆی. پاکی و بێ کەم و کورتی و گەورەیی بۆ ئەو(الله)ی کە چاکترینی بەدیهێنەرانە.**

٢- (( اللّهُمّ اكتُبْ لي بها عِندَكَ أجراً، وَضَعْ عَنّي بِها وزراً. وَاجْعَلْها لي عِندَكَ ذخراً.وتَقَبَّلَها مِنّي كما تَقَبَّلْتَها منْ عَبدِكَ داود )).[١٧٥] **واتە: خوایە بەهۆی ئەم کوڕنوشەوە لەلای خۆت پاداشتم بۆ بنوسەو بەهۆیەوە گوناهم لەسەر لاببەو لە لای خۆت پاداشتەکەیم بۆ هەڵگرە. وە لێم وەربگرە هەروەك چۆن لە بەندەی خۆت(داود) پێغەمبەرت وەرگرت**(عليه الصلاة و السلام).

---

(١٧٢) أبوداود ٢٣١/١ رقم(٨٧٤) والنسائي ١٩٩/٢ وابن ماجه(٨٩٧) وصحَّحَهُ الألباني في إرواء الغليل برقم (٣٣٥) وانظر صحيح ابن ماجه ١٤٨/١.

(١٧٣) أخرجه اصحاب السنن الا النسائي وانظر صحيح الترمذي ٩٠/١ وصحيح ابن ماجه ١٤٨/١

(١٧٤) الترمذي ٤٧٤/٢ وأحمد ٣٠/٦ والحاكم وصححه ووافقه الذهبي ٢٢/١ والزيادة له.

(١٧٥) الترمذي ٤٧٣/٢ والحاكم وصَحَّحَهُ ووافقه الذهبي ٢١٩/١.

## تەحییات (التّشهُّد)

(( التَّحيّاتُ للهِ. والصَّلَواتُ. والطيّباتُ.السَّلامُ عَلَيكَ أيُّها النَّبيُّ[١٧٦] وَرَحمةُ اللهِ وَبَرَكاتُهُ. السّلامُ عَلَينا وَعَلَى عِبادِ اللهِ الصّالحِين. أشْهَدُ أنْ لا إلهَ إلاّ اللهُ وَأشهَدُ أنَّ مُحَمّداً عَبْدُهُ وَرَسولُهُ )).[١٧٧]

**واته: (موڵكو مانەوەو گەورەیی) و (درودو پاڕانەوەو لاڵانەوە) و ووشەی پاك و چاك هەر بۆ خوایە . سڵاوو و ڕەحمەتو بەرەكەتی خوات لەسەربێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) . سڵاو لەسەر ئێمەش‌و لەسەر هەموو بەندە چاكەكانی خوای گەورە . شایەتی دەدەم كە هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لە(الله). وە شایەتی دەدەم كە محمد (ﷺ) بەندەو نێردراوی خوایە.**

## صڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لە دوای تەحییات

(( اللّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمّدٍ. كَما صَلَّيتَ عَلَى إبراهيمَ. وَعَلَى آلِ إبراهيمَ. إنّكَ حَميدٌ مَجيدٌ. اللهُمَّ بارِكْ عَلَى مُحَمّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمّدٍ. كَما بارَكْتَ عَلَى إبراهيمَ. وَعَلَى آلِ إبراهيمَ. إنّكَ حَميدٌ مَجيدٌ )).[١٧٨]

**واته: خوایە درودو ڕەحمەت بڕێژە بەسەر محمد(ﷺ)و خانەوادەو كەس و كاری محمد(ﷺ). هەروەك درودت ڕژان بەسەر ئیبراهیم‌و كەس‌وكاری ئیبراهیم دا(علیه الصلاة والسلام). بەڕاستی تۆ سوپاس كراوو خاوەن شكۆو بەرزیت. خوایە فەڕو**

---

**(١٧٦) ئەمە دەقی فەرمودەیەكی پێغەمبەرە(ρ)، بەڵام دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا(ρ) هاوەڵەكان( ڕەزای خوایان لێ بێت) دەیان فەرموو:** ((... السّلامُ عل النَّبيّ وَ رَحمَةُ الله وَ بَرَكاتُهُ )) رواه البخاري. فتح الباري (٢/٣٩٩) رقم الحديث (٣٩٩) وانظر صفة صلاة النبي(ﷺ) ص ١٦٢.

(١٧٧) البخاري مع الفتح ١/١٣ ومسلم ١/٣٠١.

(١٧٨) البخاري مع الفتح ٦/٤٠٨.

**پیرۆزی بڕژە بەسەر محمد(ﷺ)و کەس‌وکاری محمد(ﷺ)دا. هەروەك فەڕو پیرۆزیت ڕژاندوە بەسەر ئیبراهیم‌و کەس‌وکارەکەیدا**(عليه الصلاة والسلام)**. بە ڕاستی تۆ سوپاس کراوو خاوەنی شکۆو بەرزیت.**

**٢-** (( اللّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمّدٍ وَعَلَى أزواجِهِ وَذُرِيَّتِهِ. كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إبراهيمَ. وَبارِكْ عَلَى مُحَمّدٍ وَعَلَى أزواجِهِ وَذُرِيتِهِ. كَمَا بارَكْتَ عَلَى آلِ إبراهيم. إنّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ )).(١٧٩)

**واتە : خوایە درود بدە لەسەر محمد**(ﷺ)**و خێزان‌و نەوەکانی هەروەك درودت داوە لەسەر کەس‌وکاری ئیبراهیم** (عليه الصلاةوالسلام) **. وەبەرەکەت بڕژە بەسەر محمد**(ﷺ)**و خێزان‌و نەوەکانیدا. هەروەك ڕژاندوتە بەسەر کەس‌وکاری ئیبراهیم دا**(عليه الصلاة والسلام)**. بەڕاستی تۆ سوپاس کراوو بەڕێزیت.**

## نزای پاش تەحییاتی کۆتایی وپێش سڵاودانەوە

١- (( اللهُمَّ إنِّي أعوذ بِكَ مَنْ عَذابِ القبرِ. وَمنْ عَذابِ جَهَنَّم،وَمِنْ فِتنَةِ المَحْيا وَالمَماتِ. وَمِنْ شَرِّ فِتنةِ المسيحِ الدَّجّالِ )).(١٨٠)

**واتە: خوایە پەنات پێئەگرم لە سزای گۆڕو سزای دۆزەخ و ئاشوبەی ژیان و مردن و خراپەی ئاشووبەی چاو سڕاوەی هەق داپۆشەر**(المسيح الدَّجال).

٢- (( اللهُمَّ إنِّي أعوذُ بِكَ مِنْ عَذابِ جَهَنَّم. وَمِنْ عَذابِ القَبْرِ. وَمِنْ فتْنَة المَحْيا وَالمَمات. وَمِنْ شَرِّ فِتنةِ المسيحِ الدَّجّال )).(١٨١)

(١٧٩) البخاري مع الفتح ٦/٤٠٧ و مسلم ١/٣٠٦ واللفظ له.

(١٨٠) البخاري ٢/١٠٢ ومسلم ١/٤١٢ واللفظ لمسلم.

(١٨١) أخرجه مسلم ١/٤١٢ رقم ١٢٨/٥٨٨ وغيره عن أبي هريرة(□).

٣- (( أللهُمَّ إنِّي أعوذُ بِكَ مِنْ عَذابِ القَبْر. وأعوذُ بِكَ مِنْ فِتنةِ المسيحِ الدَّجّال. وأعوذُ بِكَ مِنْ فِتنةِ المحيا وَالمَمات. اللهُمَّ إنّي أعوذُ بِكَ مِنَ المَأثَمِ والمغرَم ))(١٨٢)

**واته: خوایه پەنات پێئەگرم لەسزای گۆڕو پەنات پێئەگرم لە ئاشوبەی مەسیحی دەجالو پەنات پێئەگرم لە ئاشوبەی ژیانو مردن. خوایه پەنات پێئەگرم لە گوناهو قەرزاری.**

٤- (( اللهُمَّ إنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْماً كَثيراً. وَلا يَغْفِرُ الذُّنوبَ إلاّأَنْتَ.فاغفِرْلي مَغْفِرةً مِنْ عِنْدِكَ وَارحَمني.إنّك أنْتَ الغَفُورُ الرَّحيم )).(١٨٣)

**واته: خوایه من ستەمم لەنەفسی خۆم کردووە ستەمێکی زۆرو کەس لە گوناهـ و تاوان خۆش نابێ جگە لە زاتی تۆ. ساخوایه لێمخۆشببە بە لێخۆشبوونی خۆتو ڕەحمم پێبکە، بە ڕاستی خۆت لێبووردەو بەخشندەیت.**

٥- (( اللهُمَّ اغفِرلي ماقَدَّمْتُ. وَما أخَّرْتُ. وَما أسرَرْتُ. وما أعْلَنْتُ. وَما أسْرَفْتُ. وما أنتَ أعلَمُ بهِ مِنّي. أنتَ المُقَدِّمُ وأنتَ المُؤَخِّرُ لا إلهَ إلاّ أنتَ )).(١٨٤)

**واته: خوایه لەو گوناهانەم خۆش بە کەپێشم خستوەو پاشم خستوەو پەنهانم کردوەو ئاشکرام کردووەو زیادەڕۆیم تێداکردوە. وە لەهەموو ئەوانەی کە تۆ زاناتری پێی لەمن. بەڕاستی تۆ پێشخەری پاداشتو سزایو تۆ پاشخەری، هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لەتۆ.**

٦- (( اللهُمَّ أعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ. وَشُكْرِكَ. وَحُسْنِ عِبادَتِكَ )).(١٨٥) **واته: خودایه کۆمەکیم بکەو یارمەتیم بدە لەسەر یادکردنتو سوپاس کردنتو چاك پەرستنت.**

---

(١٨٢) البخاري ٢٠٢/١ ومسلم ٤١٢/١.

(١٨٣) البخاري ١٦٨/٨ ومسلم ٢٠٧٨/٤.

(١٨٤) مسلم ٥٣٤/١.

(١٨٥) أبوداود ٨٦/٢ والنسائي ٥٣/٣ وصحَّحَهُ الالباني في صحيح أبوداود ٢٨٤/١.

**تێبینی: ئەم زیکرە لێرەدا یان لە دوای سڵاودانەوەی نوێژدا دەوترێ. بڕوانە لاپەڕەکانی پێشتر.**

٧- (( اللهُمَّ إنِّي أعوذُ بِكَ مِنَ البُخْلِ. وأعوذُ بِكَ مِنَ الجُبْنِ. وَأعوذُ بِكَ مِنْ أنْ أُرَدَّ إلي أرذَلِ العُمُرِ. وأعوذُ بِكَ مِنَ فِتْنةِ الدُّنْيا وَعَذابِ القَبْرِ )).(١٨٦)

**واته: خوایه پەنات پێئەگرم له بەخیلیو پەنات پێئەگرم لەترسنۆکی. وەپەنات پێئەگرم لەوەی کەبکەومە تەمەنێکی پەك کەوتەییو پەنات پێ ئەگرم لەئاشوبەی دونیا (کەبریتییە لەفرۆشتنی قیامەت بەوەی کە لەدونیادا هەیە لەماڵو حاڵ) وە پەنات پیچئەگرم له سزای گۆڕ.**

٨- (( اللهُمَّ إنِّي أسأَلُكَ الجَنّةَ وَأعوذُ بِكَ مِنَ النّارِ )).(١٨٧)

**واته: خوایه داوای بەهەشتت لێدەکەمو پەنات پێئەگرم له ئاگری دۆزەخ.**

٩- (( اللهُمَّ بِعِلْمِكَ الغَيبَ وَقُدرتِكَ عَلَى الخَلْقِ أحيني ماعَلِمْتَ الحَياةَ خَيْراً لي، وَتوفَّني إذا عَلِمْتَ الوَفاة خَيراً لي. اللهُمَّ إنِّي أسألُكَ خَشْيَتَكَ في الغَيبِ والشَّهادَةِ. وأسألُكَ كَلِمَةَ الحَقِّ في الرِّضا والغَضَبِ. وَأسألُكَ القَصْدُ في الغِنَى وَالفَقْرِ. وَأسألُكَ نَعِيماً لا يَنْفَذُ. وَأسألُكَ قُرَّةَ عَينٍ لا تَنقطِع. وَأسألُكَ الرِّضا بعدَ القَضاءِ. وَأسألُكَ بَرْدَ العَيشِ بَعْدَ الموتِ. وَأسألُكَ لَذَّةَ النَّظَرِ إلى وَجْهِكَ وَالشَّوقَ إلى لِقائِكَ في غَيرِ ضَرّآءَ مُضِرَّةٍ وَلا فِتْنَةٍ مُضِلّةٍ. اللهُمَّ زَيِّنا بِزينةِ الإيمانِ وَاجعَلْنا هُداةً مُهْتدِينَ )).(١٨٨)

**واته: خوایه به زانینت بەغەیب و نهێنی و نادیارەکان و بەتوانای خۆت بەسەر دروست کراوانتدا بمژێنە تا ئەوکاتەی خۆت ئەزانیت ژیان چاکەبۆم بممرێنە هەر کات مردن چاك بوو بۆم. خوایه داوای ترسانت لێدەکەم لەتۆ بەپەنهانیو ئاشکراو داوای ووشەی هەق ورەوات لێدەکەم لەکاتی ڕازی بوونو تووڕەیمدا. وەداوای مامناوەندیت لێدەکەم لەدەوڵەمەندیو هەژاریمدا. وەداوای نیعمەتێکت لێ دەکەم**

(١٨٦) البخاري مع الفتح ٣٥/٦.

(١٨٧) وانظر صحيح ابن ماجه ٣٢٨/٢.

(١٨٨) النسائي ٥٤/٤، ٥٥ وأحمد ٣٦٤/٤ وصححه الألباني في صحيح النسائي ٢٨١/١.

**کەنەبڕێتەوەو خۆشەویست و بینایی چاوێك کە نەپچڕێ و لەبەر چاو وون نەبێت. وە داوای ڕازی بونت لێدەکەم لەدوای قەزاو بڕیارت بەسەرم دا. وە داوای ژیانێکی خۆش و فێنکت لێدەکەم لەدوای مردن. وە داوای چێژی تێڕوانینت لێدەکەم بۆ ڕووی پیرۆزتو تامەزرۆیی بینینت بەبێ نارەحەتیەکی زیان گەیەنو ئاشوبەیەکی گومڕاکەر. خوایە بمان ڕازێنەرەوە بەجوانی ئیمانو بمانکە بەڕێنمونیکەرانی ڕێنمونی کراوان.**

١٠- (( أللهُمَّ إنيّ أسألُكَ ياألله بأنّكَ الواحدُ الأحَدُ الصَّمَدُ. الّذي لمَ يَلِدْ وَلَمْ يُولَد. ولَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً أحَدٌ. أنْ تَغْفِرَ لي ذُنوبي إنّكَ أنْتَ الغَفُورُ الرَّحِيم )).[١٨٩]

**واتە: خوایە من داوات لێدەکەم ئەی خوایە بەوەی کەتۆ تاكو تەنیاو جێی نیازی، ئەو خوایەی نەکەست لێبووەو نە لەکەس بوویتو کەس لە هاووێنەو هاوتای تۆ نییە. داوات لێ ئەکەم لە گوناهەکانم خۆش بیت بەڕاستی تۆ لێبوردەو بەخشندەیت.**

١١- (( اللهُمَّ إنّي أسألُكَ بأنَّ لَكَ الحَمْدُ لا إلهَ إلاّ أنْتَ وَحدَكَ لاشَريكَ لَكَ. المنّانُ. يا بَديعَ السَّمواتِ وَالأرضِ. ياذا الجَلالِ والإكْرام. ياحَيُّ ياقَيّومُ إنّي أسألُكَ الجَنّةَ وَأعوذُ بِكَ مِنَ النّار )).[١٩٠]

**واتە: خوایە من لێتدەپاڕێمەوە بەوەی کەستایش بۆتۆیە هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لە تۆ، تەنیای بێهاوەڵی تۆ خاوەن و شایستەی فەزڵو منەت کردنی. ئەی داهێنەری ئاسمانەکانو زەوی ئەی خاوەنی شکۆو ڕێز. ئەی زیندوی مشورگێڕو هەڵسوڕێنەری بوونەوەر من داوای بەهەشتت لێدەکەمو پەنات پێئەگرم لە ئاگر.**

---

**(١٨٩) وەپێغەمبەر (ﷺ) بەو کەسەی فەرموو کە ئەمەی لێ بیست: خوا لێی خۆش بوو.. سێجار/** أخرجه النسائي بلفظه ٥٢/٣ وأحمد ٣٣٨/٤ وصحّحَهُ الألبان في صحيح النسائي ٢٨٠/١.

(١٩٠) رواه أهل السنن وانظر صحيح ابن ماجه ٣٢٩/٢.

١٢- (( اللهُمَّ إنِّي أسألُكَ بأنِّي أشهَدُ أنّكَ أنْتَ اللهُ لا إلهَ إلاّ أنْتَ. الأَحَدُ. الصَّمَدُ. الّذي لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَد. وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً أحَد )).[١٩١]

**واتە: خوایە من ئەپاڕێمەوە لێت بەوەی کەمن شایەتی دەدەم کەتۆ (الله) یت هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لە تۆ، تاکی جێی نیازی کەست لێنەبوەو لەکەسیش نەبویتو کەس هاوشێوەو هاوتای تۆ نییە.**

١٣- (( اللهُمَّ حاسِبْني حِساباً يَسيراً ))[١٩٢] . **واتە:خوایە (لە ڕۆژی دواییدا) بە لێپرسینەوەیەکی ئاسان.[١٩٣] لێپرسینەوەم لەگەڵ بکە.**

١٤- (( اللهُمَّ إنّي أعوذُ بَكَ مِنَ شَرِّ ما عَمِلْتُ وَمِنْ شَرِّ ما لَمَ أعمَلْ(بَعْدُ) )).[١٩٤]

**واتە:خوایەمن پەنات پێدەگرم لە خراپەی ئەوەی کە ئەنجامم داوەو کردومە لە تاوان و خراپە. وە لە خراپەی ئەوەی کە نەمکردووەو هێشتا ئەنجامم نەداوە لە چاکە.**

**١٥- وە ئەتوانیٚ بپاڕێتەوە لەم نێوانەدا تا سلاٚوی نوێژ دەداتەوە بە هەر پاڕانەوەیەك کە خۆی پێی باش بێت.[١٩٥]**

**زانایانی سەلەف دەفەرموون: بەلاٚم باشتر وایە چی(وارد) بووە لەم کاتەدا ئەوە بخوێنیٚ بەتایبەت لە نوێژە فەرزەکاندا.**

---

[١٩١] أبوداود ٦٢/٢ والترمذي ٥١٥/٥ وابن ماجه ١٢٦٧/٢ وأحمد ٣٦٠/٥ وانظر صحيح ابن ماجه ٣٢٩/٢ وصحيح الترمذي ١٦٣/٣.

[١٩٢] رواه أحمد والحاكم وصححه و وافقه الذهبي (صفة صلاة النبي للألباني).

[١٩٣] **لێ پرسینەوەی ئاسان ئەوەیە کە موناقەشەی کردەوەکانی لەگەڵا نەکریٚ. بەڵکو پیشان بدریٚو بەس.**

[١٩٤] حديث صحيح(صحيح سنن النسائي ١١٢٢/٣).

[١٩٥] البخاري(٣٢٠/٢) رقم(٨٣٥) و مسلم(٣٠١/١) رقم(٤٠٢) بلفظ: (( ثمّ يَتَخيَّر مِن المسألَةِ ما شاءَ )) **واتە: پاشان کام دووعایەی دەویٚ هەڵیببژێرێت وئیختیاری بکات و پێی بپاڕێتەوە.**

# ویردی دوای سڵاودانەوەی نوێژ[١٩٦]

١- **سێجار بڵێ** (( أستغفِرُ الله )). **ئینجا بڵێ:** (( اللهُمَّ أنتَ السَّلامُ وَمِنْكَ السَّلامُ. تَبارَكْتَ يا ذا الجَلالِ وَالإكرام )).[١٩٧]

**واتە: خوا گەورەیە، داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەم.. خوایە تۆ سەلامی و ئاشتی و سەلامەتیش لە تۆوەیە. پاکی و بێعەیبی بۆ تۆیە ئەی خاوەنی شکۆ و ڕێز.**

٢- (( لا إلَه إلاّ الله وَحْدَهُ لا شَريكَ لَهُ. لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهوَ عَلَى كُلّ شَيءٍ قَديرٌ. اللهُمَّ لا مانِعَ لِما أعْطَيْتَ. ولا مُعطيَ لِما مَنَعْتَ. وَلا يَنْفَعُ ذا الجَدِّ مِنْكَ الجَدّ )).[١٩٨]

**واتە: هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لە(الله) تاکی بێهاوبەشە، موڵكو ستایش بۆ ئەوەو بەسەر هەموو شتێك دا بەتوانایە. خوایە ڕێگر نییە بۆ ئەو شتەی تۆ دەیبەخشیو بەخشەر نییە بۆ ئەو شتەی تۆ دەیگریتەوەو هیچ خاوەن پایەو دەستەڵاتێك دەستەڵاتەکەی سوودی نییە بۆی لە ڕۆژی دواییدا لە سزای تۆ.**

**واتە: خوایە من داوای خێرو چاکەکەیت لێدەکەمو ئەوچاکەیەی کە تیایەتیو ئەو چاکەیەی بۆی نێردراوە. وە پەنات پێئەگرم لە خراپەکەیو لەو خراپەیەی کە تیایەتیو ئەو خراپەیەی بۆی نێردراوە.**

**٣- جوێن بە – با – مەدەن. ئەگەر قایمی کردو خراپەیەکتان لێچاوەڕوان دەکرد بڵێن:** (( اللهُمّ إنّا نَسألُكَ مِنْ خَيرِهذِهِ الرِّيحِ وَخيرِ ما فِيها. وَخيرِ ما أُمِرَتْ بِهِ. وَنَعوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ هذِهِ الرِّيحِ وَشَرِّ ما فِيها. وَشَرِّ ما أُمِرَتْ بِهِ )).(٣٢٤)

**واتە: خوایە ئێمە داوای چاکەی ئەم بایەت لێدەکەینو داوای ئەو چاکەیەت لێدەکەین کە تیایەتیو فەرمانی پێکراوە. وە پەنات پێدەگرین لەخراپەی ئەم بایەو ئەو خراپەیەی کە تیایەتیو خراپەی ئەوەی فەرمانی پێکراو کە بیکات.**

(٣٢٢) أخرجه أبوداود ٤/٣٢٦ وابن ماجه ٢/١٢٢٨ وانظر صحيح ابن ماجه ٢/٣٩٥.

(٣٢٣) مسلم ٢/٦١٦ والبخاري ٤/٧٦.

(٣٢٤) رواه الترمذي(٣/٢٢٥٣) قال: حديث حَسَن صحيح ورجالهُ ثقات عن أُبي بن كعب (τ).

## پاڕانەوەی کاتی هەورەگرمە (الرّعد)

**عبدالله ی کوڕی الزبیر (رەزای خوایان لێبێت) ئەگەر گوێی لە هەورەگرمە بوایە وازی لەقسەکردن دەهێناو دەیفەرموو:**(( سُبْحانَ الّذي يُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ وَالمِلائِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِ )). (٣٢٥)

**واتە: پاکیوبێگەردی بۆئەو خوایەی هەورەگرمە تەسبیحاتو ستایشی دەکات. وە فریشتەکانیش لەترسی ئەو تەسبیحاتی دەکەن .**

## لە پاڕانەوەی بۆ باران بارین (الإسْتِسقاء)

١- (( اللهُمّ اسقِنا غَيثاً مُغيثاً مَريئاً مَريعاً. نافِعاً غَيرَ ضارٍّ عاجِلاً غيرَ آجِلٍ )). (٣٢٦)

**واتە: خوایە بارانمان بۆ بباریێنە بارانێکی بە لزمەی ئاسانی سەوزکەری گژوگیاو بەسوودی بێ زیان. بەم زووانەو دوای مەخە بۆمان.**

٢- (( أللهُمّ اغِثْنا. أللهُمّ أغِثْنا. أللهُمّ أغِثْنا )). (٣٢٧)

**واتە: خوایە بارانمان بۆ بباریێنەو فریامان بکەوە**

٣- (( أللهُمّ اسقِ عِبادَكَ. وَبَهائِمَكَ. وَانشُرْ رَحمَتَكَ. وَأحيي بَلَدَكَ الميِّتَ )). (٣٢٨)

**واتە: خوایە بەندەکانت تێرئاو بکە. هەروەها گیانلەبارانیش. وە بەزەیی خۆت بڵاوبکەرەوە و شارە مردووەکەت زیندوو بکەرەوە.**

## لە کاتی باران باریندا

(( اللهُمّ صَيِّباً نافِعاً )). (٣٢٩) **واتە: خوایە بارانێکی بە لێزمەی بە سوود بێت.**

---

(٣٢٥) الموطأ ٩٩٢/٢ وقال الألباني: صحيح الإسناد موقوفاً.

(٣٢٦) أبوداود ٣٠٣/١ وصَحّحَهُ الألباني في صحيح أبوداود ٢١٦/١.

(٣٢٧) البخاري ٢٢٤/١ ومسلم ٦١٣/٢.

(٣٢٨) أبوداود ٣٠٥/١ وحَسَّنَهُ الألباني في صحيح أبي داود ٢١٨/١.

## زیکری دوای بارینی باران

(( مُطِرْنا بِفَضلِ اللهِ وَرَحْمَتِهِ )).[٣٣٠]

**واتە: بارانمان بۆ باری بە فەزڵ و سۆزو ڕەحمەتی خوای گەورەوە.**

## لەو پاڕانەوانەی کە بۆ خۆشکردنەوەی باران دەوترا (الإستِصحاء)

(( أللهُمّ حَوالينا وَلا عَلَينا. أللهُمّ على الآكامِ وَالظِّرابِ.وَبُطونِ الأودِيَةِ وَمَنابِتِ الشَّجَرِ )).[٣٣١]

**واتە: خوایە لە چوار دەورمان بیبارێنەو لەسەرمان مەیبارێنە، خوایە بیبە بۆ سەرگردو کورتە شاخ و ناو شیوو دۆڵەکان و شوێنی ڕووانی دارو درەختەکان.**

## لە کاتی تەماشاکردنی مانگ (القَمَر)دا

(( أعوذُ بِاللهِ مِن شَرِّ هذا الغاسِقِ إذا وَقَبَ )).[٣٣٢]

**واتە: پەنا ئەگرم بە خوای گەورە لە خراپەی ئەم تاریکیەی شەو کە دادێت.**

## لە کاتی بینینی هەیڤ مانگی یەك شەوەدا (الهلال)

---

[٣٢٩] البخاري مع الفتح ٥١٨/٢. وة بة (اللهم صيبا هنيئا) هاتووة. أخرجه أبو داود (٥٠٩٩) وصححه الآلباني في صحيح سنن أبي داود

(٣٣٠) البخاري ٢٠٥/١ ومسلم ٨٣/١.

[٣٣١] البخاري ١/ ٢٢٤ ومسلم ٦١٤/٢.

[٣٣٢] أخرجه الترمذي(٣٠٢/٩ تحفة) والحاكم في المستدرك من حديث عائشة. قال الترمذي: حديث حسن صحيح، انظر مختصر تفسير ابن كثير ٦٩٥/٣: وقال الحاكم: صحيح الإسناد. وأخرجه من حديثهِ أيضاً النسائي انظر (تحفة الذاكرين)ص ١٧٧ وهو حديث حسن. وصحّحَهُ الألباني. انظر السلسلة الأحاديث الصحيحة(٦٤٧/١).

(( اللهُ أكبَرُ. أللهُمَّ أهِلّهُ عَلَينا بالأمْنِ وَالإيمانِ. وَالسَّلامةِ وَالإسلامِ. وَالتَّوفيقِ لِما تُحِبُّ رَبَّنا وَتَرضَى. رَبُّنا وَرَبُّكَ اللهُ )).[٣٣٣]

**واتە: خوا گەورەیە. خوایە ئەم مانگە بیهێنەرەوە بە سەرماندا بە ئاشتی و ئاسایش و ئیمان و بە کامەرانی و ئیسلامەتیەوەو بە تەوفیق و یارمەتی دانت بۆ ئەو شتەی پەروەردگار تۆ پێتخۆشەو پێی ڕازیت.(ئەی مانگ)پەروەردگاری ئێمەو تۆش (الله)یە.**

## بەڕۆژوو بوون

١- (( **پارشێوبکەن چونکە لە پارشێودا بەرەکەت هەیە** )).[٣٣٤]

٢- **ئەگەر بە ڕۆژوو بوویت و جوێنیان پێ دایت( یان شەڕیان پێ فرۆشتی) بڵێ:** (( إنّي صآئِم. إنّي صآئِم )).[٣٣٥] **واتە: من بە ڕۆژووم. من بەڕۆژووم.**

٣- (( **پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر چەند دەنکە خورمایەکی نەرم و پێگەیشتوو** (رُطَب) **بەربانگ دەکردەوە پێش ئەوەی نوێژ بکات. ئەگەر نەبوایە بە خورمای وشك**(تمرات). **ئەگەر نەبوایە بە چەند مشتێك لە ئاو** )).[٣٣٦]

## لە کاتی بەربانگ کردنەوەدا

(( ذَهَبَ الظَّمَأُ وَابتَلّتِ العرُوقُ. وَثَبَتَ الأجْرُ إن شاءَ اللهُ )).**[٣٣٧]**

**واتە: تینوویەتی ڕۆیشت ودەمارەکان ڕەوینەوەو پاداشتەکەشمان چەسپاوەو مسۆگەرە بە ویستی خوای گەورە.**

## نزاو پاڕانەوە ئەگەر لەلای ئەهل و خێزانی

---

[٣٣٣] الترمذي ٥/٥٠٤ والدارمي بلفظه ١/٣٣٦ انظر صحيح الترمذي ٣/١٥٧.

[٣٣٤] البخاري ٤/١٢٠ ومسلم (١٠٩٥) عن أنس(τ).

[٣٣٥] البخاري مع الفتح ٤/١٠٣ ومسلم ٢/٨٠٦.

[٣٣٦] حسن صحيح (صحيح سنن أبي داود ٢/٤٤٨).

[٣٣٧] أخرجه أبوداود ٢/٣٠٦ وغيره. وانظر صحيح الجامع ٤/٢٠٩.

## ماڵێك بەربانگ كردەوە

(( أفطَرَ عِندَكُمُ الصائِمونَ. وَأكَلَ طَعامَكُمُ الأبرارُ. وَصَلّت عَليكُمُ الملآئِكَةُ)).[٣٣٨]

**واتە: یاخوا ڕۆژووەوانان لە لاتان بەربانگ بكەنەوەو خواناس و بێگوناهان لە خواردنتان بخۆن و مەلائیكەت بۆتان بپاڕێنەوە.**

## نزاو پاڕانەوەی ڕۆژووەوان ئەگەر خواردنیان هێناو نەیشكاند

((إذا دُعِيَ أحَدُكُمْ فَليُجِبْ. فإنْ كان صائِماً فَليُصَلِّ. وَإنْ كانَ مُفطِراً فَليطَعَم )).[٣٣٩]

**واتە: ئەگەر یەكێك لە ئێوە بانگ كرا بۆ دەعوەتێك با بچێت. ئەگەر بە ڕۆژوو بوو ئەوا با بپاڕێتەوە بۆیان بە بەرەكەت و ئەگەر بە ڕۆژوو نەبوو بابخوات.**

## نزاو پاڕانەوەی شەوی قەدر(ليلة القَدر)

(( اللهُمّ إنّكَ عَفُوٌّ[كَريمٌ] تُحِبُّ العَفوَ فاعفُ عَنّي )).[٣٤٠]

**واتە: خوایە تۆ لێبووردەو بەخشندەیت و لێبووردنت پێخۆشە. ساخوایە لێم خۆش بەو لێم ببورە.**

## ئەگەر نیازی قوربانی كردنت هەبوو

---

[٣٣٨] سنن أبي داود ٣/٣٦٧. وابن ماجه ١/٥٥٦. والنسائي في عمل اليوم والليل برقم(٢٩٦-٢٩٨). **وە دەقەكەی وایە كە پێغەمبەر(ﷺ) ئەمەی فەرموو كاتێ بەربانگی لە لای خێزانی ماڵێك كردەوە**/ وصححه الألباني في صحيح أبي داود ٢/٧٣٠.

[٣٤٠] صحيح (صحيح ابن ماجه ٢/٣٢٨) بدون لفظ:(( كريم )). والترمذي ( صحيح الترمذي)(٢٧٨٩) بهذا اللفظ وصحّحهُ الألباني.

(( إذا دَخلَ العَشرُ. فأرادَ أحدكُم أن يُضَحّى. فَلا يَمَسَّ مِن شَعرِهِ. وَلا مِن بِشرهِ شَيئاً )).(٣٤١)

**واتە: ئەگەر(دە) ڕۆژی یەکەمی مانگی(ذي الحِجّة) هات و دەستی پێکردو یەکێك لە ئێوە ویستی وابوو کە قوربانی بکات با هیچ دەست نەدات لە مووو نینۆکی و لێی نەکاتەوە.**

## لەکاتی سەربڕین و قوربانیدا

(( بِسمِ اللهِ وَاللّهُ أكبَرُ،[ أللهُمّ مِنكَ وَلَكَ]. أللهُمّ تَقَبَّلْ مِنّي )).(٣٤٢)

**واتە: بە ناوی خواو خوا گەورەیە. خوایە لە تۆوەیەو بۆ تۆیە. خوایە لێم وەرگرەو لێم قبوڵ بکە.**

## تەکبیر کردن بۆ جەژنەکان

**کاتی تەکبیر کردن لە جەژنی ڕەمەزاندا لە کاتی دەرچوونەوەیە بۆ نوێژ تا نوێژ تەواو دەبێو لە جەژنی قوربانیشدا لە بەرەبەیانی ڕۆژی عەرەفەوەیە تا کۆتایی ڕۆژی( أيّامُ التَّشريق ).(٣٤٣)**

## بەم شێوازانە:

١- (( اللّهُ أكبَرُ اللّهُ أكبر. لآ إلهَ إلاّ الله. وَاللّهُ أكبَرُ اللّهُ أكبَرُ. وللهِ الحَمدُ )).(٣٤٤)

٢- (( أللّهُ أكبَرُ أللّهُ أكبَرُ أللّهُ أكبَر. وَللهِ الحَمدُ. اللّهُ أكبرُ وَأجَلّ.اللّهُ أكبَرُ على ما هَدانا )).(٣٤٥)

---

(٣٤١) مسلم (١٩٧٧) وأبوداود (٢٧٩١) والنسائي (٢١١/٧ و ٢١٢) وغيره عن ام سلمة(رضي الله عنها).

(٣٤٢) مسلم ١٥٥٧/٣ والبيهقي ٢٨٧/٩ ومابين المعكوفين للبيهقي ٢٨٧/٩ وغيره والجملة الأخيرة سقتها بالمعنى من رواية مسلم.

(٣٤٣) انظر(سلسلة الأحاديث الصحيحة)(١٧٠) ومجموع الفتاوى ٢٢٠/٢٤ وانظر سبل السّلام ٧١/٢-٧٢.

(٣٤٤) رواه ابن أبي شيبة ١٦٨/٢ بإسناد صحيح موقوفاً على ابن مسعود(τ)وصحّحَهُ الألباني في الإرواء ١٢٥/٣.

(٣٤٥) رواه البيهقي ٣١٥/٣ وسنده صَحيح موقوفاً على ابن عباس (رضي الله عنهما).

**واتە: خوا گەورەیە، خوا گەورەیە، خوا گەورەیەو ستایش بۆ خوایە. خوا گەورەیەو خاوەنی شکۆو ڕێزە. خوا گەورەیە لەسەر ئەوەی ڕێنمایی کردوین.**

**٣-** (( أَللّٰهُ أَكبَرُ. أَللّٰهُ أَكبَرُ. أَللّٰهُ أَكبَرُ كَبيراً )).[٣٤٦]

**<u>تێبینی</u>: تەکبیر کردن لە جەژن دا لە هەموو کاتەکانیدا (کە دیاری کراوە) سوننەتەو تایبەت نییە بە دوای نوێژە فەرزەکانەوەو بەس. وە دروستە کە دەنگی هەڵبڕێ.**

## جەژنە پیرۆزە کردن

**(( تَقَبَّلَ اللّٰهُ مِنّا وَمِنكَ )).[٣٤٧] واتە: خوا لە ئێمەو لە تۆشی قبوڵ بکات.**

## ڕۆژووە سوننەتەکان

**١- شەش ڕۆژ لە مانگی شەوال(شەشەڵان): پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (( هەر کەسێك مانگی ڕەمەزان بگرێت و بە دوایدا شەش ڕۆژ لە مانگی شەوال بگرێت وەکو ڕۆژووی ساڵەکە وایە )).[٣٤٨]**

**٢- (نۆ)ڕۆژی یەکەمی مانگی( ذي الحِجّة) نۆمینەی حاجیان.[٣٤٩]**

**٢- مانگی موحەڕەم: ((چاکترین ڕۆژوو دوای ڕەمەزان مانگی موحەڕەمە..)).[٣٥٠]**

**٤- مانگی شەعبان.[٣٥١]**

---

[٣٤٦] أخرجه عبدالرزاق ومن طريقه البيهقي في(السنن الكبرى) ٣١٦/٣ بسندصحيح.

[٣٤٧] قال أحمد: اسناد حديث أبي أمامة جيد. وانظر (الجوهر النقي) ٣٢٠/٣ وقال السيوطي في (الحاوي) ٨١/١: إسناده حسن. وقال ابن حجر: وروريناه في (المحامليات) بإسنادٍ حسن عن جبير ابن نفير من فعل الصحابة ايضاً / (فتح الباري) ٤٤٦/٢.

[٣٤٨] مسلم ٨٢٢/٢ وغيره.

[٣٤٩] أبوداود ٨١٥/٢ وغيره وهو حديث حَسَن.

[٣٥٠] مسلم ٨٢١/٢ وغيره.

[٣٥١] البخاري ٢١٣/٤ ومسلم ٨١١/٢.

**٥ ــ دووشەممەو پێنج شەممەی هەموو هەفتەیەك.** [٣٥٢]

**٦- ڕۆژە سپییەکان(أيامُ البيض)واتە:(١٥،١٤،١٣)ی هەموو مانگێك (مەبەست مانگی کۆچیە).** [٣٥٣]

**٧- ڕۆژ نا ڕۆژێك: (( لەڕۆژووی داود پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام) چاکتر نییە کە نیوەی ساڵی دەگرت. ڕۆژێك بگرەو ڕۆژێك بشکێنە )).** [٣٥٤]

**٨- ڕۆژووی عەرەفە : (( ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفە خوای گەورە دەیکاتە مایەی سڕینەوەی گوناهی ساڵێکی پێشووی وە ساڵێکی دوایی )).** [٣٥٥]

**٩- ڕۆژووی عاشورا واتە(١٠) ی مانگی مەحەرەم: ((... وە ڕۆژووی ڕۆژی عاشورا خوای گەورە گوناهی ساڵێکی پێشوی پێ دەسڕێتەوە )).** [٣٥٦]

---

[٣٥٢] رواه أبو داود(٢٤٣٦) والترمذي والنسائي وابن ماجه بألفاظٍ مختلفةٍ وهو حديث صحيح. انظر صحيح أبي داود(٢١٢٨). والإرواء ٤/١٠٥-١٠٦.

[٣٥٣] مسلم ٢/٨١٨ وغيره عن أبي قتادة.

**تێبینی: بۆیە پێی دەوترێ** (أيّامُ البيض) **چونکە مانگ لەو سێ شەوەیدا زۆر ڕووناکەو دیارە.**

[٣٥٤] البخاري ٤/٢٢٤ ومسلم ٢/٨١٧.

**تێبینی: ئەمەش بە مەرجێك شەرع ڕازی بێت پێی و نەکەوێتە ئەو ڕۆژانەی کە دروست نییە بە ڕۆژوو بێت تیایدا وەك:( جەژن- أيّام التَّشريق – ڕۆژی هەینی بە تەنها – ڕۆژی شەممە(مەگەر بۆ فەرز بێت) ...هتد).**

(٣٥٥) مسلم ٢/٨١٨.

[٣٥٦] مسلم ٢/٨١٨. **پێغەمبەر(ﷺ) دەیەم ڕۆژی گرت و فەرمووی ئەگەر ساڵێکی تر بمێنم نۆیەمیش دەگرم، بەڵام ئەوەبوو لە ساڵی داهاتوودا وەفاتی کرد. وە دەیفەرموو (ڕۆژی عاشورا بە ڕۆژووبن و موخالەفەی جولەکە بکەن بەوەی لەگەڵیدا ڕۆژێك لە پێشییەوە یان لە دوایەوە بە ڕۆژوو بن).** رواه مسلم(١١٣٣).

## لە کاتی تووڕەبووندا

**بڵێ:** (( أعوذُ باللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرّجيم )). [٣٥٧] **واتە: پەنا دەگرم بە خوای گەورە لە شەیتانی نەفرەت لێکراوو دوورخراوە لە ڕەحمەتی خوا.**

## ئەگەر کەسێکی تووش بوو بە بەلا بەکت بینی

**بڵێ:** ((أَلحَمدُ لله الَّذي عافاني مِمّا ابتَلاكَ بِهِ. وَفَضَّلَني عَلى كَثيرٍ مِمَّن خلَقَ تَفضيلاً)). [٣٥٨]

**واتە: ستایش بۆ ئەو خوایەی منی پاراست لەوەی تووشی تۆی کردوەو فەزڵی منی داوە بەسەر زۆرێك لە دروست کراوەکانیدا.**

## ووتاری پێویستی( خُطبَةُ الحاجة)

إنَّ الحمدَ للهِ نَحمَدُهُ ونَستَعينُهُ نَستغفِرُهُ، وَنَعوذُ باللهِ مِنْ شُرُوْرِ أنفُسنا وَسَيِّئاتِ أعمالِنا، مَنْ يهدِهِ اللهُ فلا مُضِلّ لَهُ، وَمَنْ يُضلِل فَلا هاديَ لَهُ، وَأشهَدُ أن لا إله إلاّ الله وَحْدَهُ لا شَريكَ لَهُ، وَأشهَدُ أن محمّداً عَبدُهُ وَرَسولُهُ.

﴿ ياأيُها الَّذينَ آمنوا اتّقوا الله حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَموتُنَّ إلاّ وأنْتُم مُسلِمونَ ﴾ (آل عمران: ١٠٢)

﴿ ياأيُها النّاسُ اتّقوا رَبّكم الّذي خَلَقَكم مِنْ نَفسٍ واحدة وَخَلَقَ منها زَوجَها وَبَثَّ مِنْهُما رِجالاً كَثيراً وَنسآءاً واتّقوا الله الّذي تَسآءَلونَ بِهِ والأرحامَ إنّ الله كانَ عَلَيكُم رَقِيباً ﴾ ( النساء/١)

﴿ ياأيُها الذّينَ آمنَوا اتّقوا الله وَقولوا قولاً سَديداً يُصْلِحْ لَكُم أعمالَكُم وَيَغفِر لَكُم ذُنوبَكُم وَمَنْ يُطِعِ اللهَ وَرَسولَهُ فَقَدْ فازَ فَوزاً عَظيماً ﴾. ( **الأحزاب: ٧٠-٧١**)

أما بَعْدُ فإنَّ أصدَقَ الحَديثِ كِتابُ الله، وخَيرَ الهَدي هَدِيُ مُحَمّدٍ(ﷺ)، وَشَرَّ الأمُور مُحدَثاتُها، وَكُلّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلّ بِدعَةٍ ضَلالَة، وَكُلّ ضلالَةٍ فيالنّار)). [٣٥٩]

---

[٣٥٧] البخاري ٩٩/٧ ومسلم ٢٠١٥/٤.

(٣٥٨) **هەرکەسێ ئەمە بڵێ لەو بەلایەی تووش نابێ/** الترمذي ٤٩٤/٥ و ٤٩٣/٥ وانظر صحيح الترمذي ١٥٣/٣.

واتە: سوپاس و ستایش بۆ خوایە، ستایشی دەکەین و داوای کۆمەکی و لێخۆش بوونی لێ دەکەین . وە پەنا دەگرین بە خوا لە خراپی دەروون و کردەوەکانمان، هەر کەسێك خوا ڕێنومایی بکات گومڕا کەری نییەو کەسێك گومڕا ببێت ڕێنمایی کەری نییە، وە شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە(اللّٰه). تاکی بێ هاوبەشە، وە شایەتی دەدەم کە موحەممەد(ﷺ) بەندەو نێردراوی خوایە.

(ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە تەقوا خوای بکەن بە تەقوایەکی هەق و مەشمرن بە موسڵمانێتی نەبێت {واتە: بەردەوام پارێزگاری ئیسلامەتی خۆتان بکەن} ).[٣٦٠]

(ئەی خەڵکینە تەقوای پەروەردگارتان بکەن و پەرستشی بۆ ئەنجام بدەن، ئەو خوایەی کەوا بەدی هێناون لە یەك نەفس (کە ئادەمە(علیه الصلاة والسلام) ). وە لەو نەفسە خێزانەکەی بۆدروست کرد(کە حەواو)ە. وە لەو دووانە چەندەها پیاوان و ئافرەتانی ڕەنگ و زووبان جیاوازی دروست کردو خستەوە. وە تەقوای ئەو خوایە بکەن کە داوای پێدەکەن و لێی دەپاڕینەوە، وە پارێزگاری سیلەی ڕەحم بکەن لە نێوانتاندا، بە ڕاستی خوای گەورە ئاگادارە بەسەرتانەوە).[٣٦١]

( ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە تەقوای خوا بکەن و ووتەیەکی ڕاست و تەواو بڵێن تا خوای گەورە کارەکانتان بۆ چاك بکات بەرەو صەواب و لە گوناهەکانتان

---

(٣٥٩) ئەمە بریتییە لە دەقی ئەو ووتاری پێویستی یەی کە پێغەمبەر(ﷺ) دەیکردە دەستپێکی ووتارەکانی و فێری هاوەڵەکانیشی دەکرد. ئەم ووتارە(شەش) کە لە هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێ بێت) گێڕاویانەتەوەو کۆمەڵێك لەپێشەوایانی فەرموودە لە(مصنف)ە کانیاندا دەریان هێناوە لەوانە: إمام أحمد(٥/٢٧٢) ومسلم في(صحيحه)(٢/٥٩٢/٤٦٧) وأبوداود والنسائي وابن ماجه والحاكم والطيالسي وفي( صحيح النسائي) ( ١٣٣١) وفي(المشكاة) (٣١٤٩) و ( الكلم الطيب) ( ٢٠٥).

(٣٦٠) مختصر تفسير ابن كثير(١/٣٠٣).

(٣٦١) مختصر تفسير ابن كثير(١/٣٥٤).

**دەبورێت، وە هەر کەسێك گوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بکات بە ڕاستی بردویەتیەوە بە بردنەوەیەکی گەورە).**[٣٦٢]

**پاشان ڕاسترین ووتەو فەرمووده کیتابەکەی خوایەو چاکترین ڕێنمویی ڕێنومایی پێغەمبەرە(ﷺ)، وە خراپترینی کاروبارەکان تازە گەرییەکانێتی ، وە هەموو تازەگەرییەکیش لە دیندا(کە تیایدا نەبێت) داهێنراوە، وە هەموو داهێنراوێکیش گومراییەو هەموو گومڕاییەکیش لە ئاگردایە.**

## ئەو زیکرەی لە دانیشتنی (مەجلیس) دا دەووترا

**لە ابن عمرەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێش ئەوەی هەستێ لە مەجلیسێکدا دەیانژمارد سەد جار دەیفەرموو:** (( رَبِّ اغفرْ لي وَتُبْ عَلَيَّ إنَّكَ أنتَ التَوّابُ الغَفور )).[٣٦٣]

**واتە: پەروەردگار لێم خۆش بەو گەڕانەوەم لێ وەربگرە بەڕاستی تۆ تۆبە وەرگری لێبووردەیت.**

## کەفارەتی دانیشتنی (مەجلیس)

((سُبحانَكَ اللهُمّ وَبِحَمدِكَ. أشهَدُ أنْ لا إله إلاّ أنت. أستغفِرُكَ وَأتوبُ إلَيكَ )). [٣٦٤]

---

(٣٦٢) مختصر تفسير ابن كثير(٣/١١٦).

(٣٦٣) الترمذي وغيره وانظر صحيح الترمذي ٣/١٥٣ وصحيح ابن ماجه ٢/٣٢١ ولفظه للترمذي.

**واتە:خوایە پاك و بێگەردیو ستایش بۆ تۆیە. شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك بە هەق نیە جگە لە تۆ، داوای لێخۆشبوونت لێدەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ لات.**

# پاڕانەوەی دوای دانیشتن

(( أللهُمّ اقسِمْ لَنا مِنْ خَشْيَتِكَ ما تَحُولُ بِهِ بَيننا وَبَيْنَ مَعاصِيكَ. وَمِنْ طاعَتِكَ ما تُبَلّغُنا بِهِ جَنّتَكَ.وَمِنَ اليَقينِ ما تُهَوِّنُ بِهِ عَلَينا مَصائِبَ الدُّنيا. أللهُمّ مَتِّعْنا بأَسماعِنا وَأبْصارنا وَقُوّاتِنا ما أحيَيْتَنا. وَاجعَلْهُ الوارثَ مِنّا. وَاجعَلْ ثَأْرَنا عَلَى مَنْ ظَلَمَنا وَانْصُرْنا عَلَى مَنْ عادانا. وَلا تَجْعَلْ مُصِيبَتَنا في دِينِنا. وَلا تَجْعَلِ الدُّنيا أكبَرَ هَمِّنا وَلا مَبْلَغَ عِلْمِنا. وَلا تُسَلِّط عَلَينا مَنْ لا يَرْحَمُنا )).(٣٦٥)

**واتە: خوایە لەترسی خۆت ئەوەندەمان بەسەردا بەش بکە کە دوورمان بخاتەوە لە سەرپێچی کردنت. وە لە گوێ ڕایەڵی خۆت ئەوەندەمان پێببەخشە کە بمانگەیەنێتە بەهەشتەکەت. وە لە دڵنیایی ئەوەندەمان پێببەخشە کە بەڵاو موسیبەتەکانی دنیامان لا ئاسان بکات. خوایە کامەرانمان بکە بە بیستنو بینینو هێزەکانمان تا دەمان ژییەنی و لەدوای خۆمان بە میرات بەجێیبهێڵە بۆ کەسوکارو نەوەکانمان. وە ڕقو تورەییمان ڕوو پێ بکەرە ئەو کەسەی ستەمی**

---

(٣٦٤) **هەرکەسێك لە مەجلیسێکدا دابنیشێو زۆر هەڵەو قسەی بێبایەخی تێدا بکات و پێش ئەوەی لەو مەجلیسە هەستێ بڵێ(فەرموودەکە).. ئیلا خوا لە تاوانی ئەو مەجلیسەی خۆش دەبێ/** أخرجه أصحاب السنن وهو صحيح، وانظر صحيح الترمذي ٣/١٥٣. **وەچەسپاوە کە عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) لە هیچ مەجلیسێکدا دانەنیشتووەو قورئانی نەخوێندوەو نوێژێکی نەکردووە ئیلا ئەوەی بەم ووشانە کۆتایی پێهێناوە فەرموودەکە)** أخرجه النسائي في عمل اليوم والليلة برقم (٣٠٨) وأحمد ٦٠/٧٧ وصَحَّحَهُ الدكتور فاروق حمادة في تحقيقه لعمل اليوم والليلة للنسائي ص/ ٢٧٣.

**(٣٦٥)** الترمذي ٥/٥٢٨ والحاكم ١/٢٥٨ وصححه ووافقه الذهبي. وابن السني برقم (٤٤٦) وانظر صحيح الترمذي ٣/ ١٦٨ وصحيح الجامع ١/٤٠٠.

**لێکردووین‌و سەرمان بخە بەسەر ئەوەدا دوژمنایەتیمان دەکات. وە بەڵاو موسیبەتمان مەخەرە دینەکەمانەوەو دنیا مەکە بە گەورەترین خەفەتمان و مەیکەرە ئەوپەڕی زانستمان‌و خوایە کەسێك دەسەڵاتدار مەکە بەسەرماندا کە ڕەحممان پێناکات و بەزەیی نایەتەوە پێماندا.**

## ئەگەر کەسێك پێی ووتی
## خوا لێت خۆش بێت (غفر اللهُ لك)

**لە(عبدالله ی کوڕی سرجس)ەوە دەفەرموێت: هاتم بۆ خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ)و لەو خواردنەکەیم خواردو پێم ووت: ( غَفَرَ اللهُ لَكَ یا رسولَ الله) خوا لێت خۆش بێت ئەی پێغەمبەری خوا. ئەویش فەرمووی: (( وَلَكَ )) واتە: وە لە تۆش خۆش بێت.**[٣٦٦]

## ئەگەر کەسێك چاکەیەکی لەگەڵدا کرد بێت

**(هەر کەسێك چاکەیەکی لەگەڵدا کراو بە بکەری چاکەکەی ووت: ((جَزاكَ اللهُ خَیراً )) واتە: خوا پاداشتی چاکەت بداتەوە. ئەوا ئەوپەڕی سوپاس و ستایشی کردووە).**[٣٦٧]

## ئەو زیکرەی کە خوا دەتپارێزێ بەهۆیەوە لە(دەججال)

(( مَنْ حَفِظَ عَشرَ آیاتٍ مِنْ أَوَّلِ سورَةِ الكَهْفِ عُصِمَ مِنَ الدَّجّالِ )).[٣٦٨]

---

(٣٦٦) أحمد ٨٢/٥ والنسائي في عمل اليوم والليلة ص (٢١٨) برقم (٤٢١) تحقيق الدكتور فاروق حمادة.

(٣٦٧) أخرجه الترمذي رقم (٢٠٣٥) وانظر صحيح الجامع (٦٢٤٤) وصحيح الترمذي ٢/ ٢٠٠.

**(٣٦٨)** مسلم ١/ ٥٥٥. **وە لەریوایەتێکدا:** (( مِن آخِرِ الكَهف )) . **واتە: لەکۆتایی سورەتی** ( الكَهف ) ١/ ٥٥٦.

**واتە: هەر کەسێك(دە) ئایەتی سەرەتای سورەتی(الكَهْف) لەبەربکات لە دەجال دەپارێزرێت. وە پەنا گرتن بە خوای گەورە لە ئاشووبەی دەجال لە دوای تەحییاتی کۆتایی هەموو نوێژێکەوە.** (٣٦٩)

## ئەگەر کەسێك لەبەر خوا خۆش ویست

پێی بڵێ: (( إنّي أُحِبُّكَ في اللهِ )). (٣٧٠)

**واتە: من لەبەر خوای گەورە تۆم خۆش دەوێت.**

## ئەگەر موسڵمانێك پێی ووتی من لەبەر خوا خۆشم دەوێت

پێی بڵێ: (( أَحَبَّكَ الَّذي أحبَبْتَني لَهُ )). (٣٧١)

**واتە: ئەو خوایە خۆشی بووێیت کە منت لەبەر ئەو خۆش دەوێ.**

## ئەگەر مسوڵمانێك پێکەنی

پێی بڵێ: (( أضحَكَ اللهُ سِنَّكَ )). (٣٧٢)

**واتە: یاخوا هەردەم لە پێکەنین و دڵخۆشیدا بیت.**

## ئەگەر کەسێك پارەو سامانی خستە ڕووت

پێی بڵێ: (( بارَكَ اللهُ لَكَ في أهلِكَ وَمالِكَ )). (٣٧٣)

---

**(٣٦٩) بڕوانە فەرموودەی یەکەمو دووەمو سێ یەمی نزاکانی دوای تەحیات.**

(٣٧٠) اخرجه أبوداود ٣٣٣/٤ وحسَّنَه الألباني في صحيح أبي داود ٩٦٥/٣.

(٣٧١) أخرجه أبوداود ٣٣٣/٤. وحسنه الألباني في صحيح ابي داود ٩٦٥/٣.

(٣٧٢) رواه البخاري الفتح(٣٦٨٣) ومسلم في فضائل الصحابة(٢٣٩٦) عن سعد بن أبي وقاص (t).

(٣٧٣) البخاري مع الفتح ٨٨/٤.

**واتە: خوای گەورە فەڕو بەرەکەت بخاتە خێزان و ماڵو سامانتەوە.**

## نزاو پاڕانەوە بۆ خاوەن ماڵ لە کاتی قەرز گەڕاندنەوەدا

(( بارَكَ اللهُ لَكَ في أهلِكَ ومالِكَ.إنَّما جَزاءُ السَّلَفِ الحَمْدُ وَالأداءُ )).(٣٧٤)

**واتە: خوا بەرەکەت بخاتە ناو خێزان و سامانتەوە. بە ڕاستی پاداشتی قەرزدان سوپاس و ستایش کردن و قەرزگەڕاندنەوەیە وەك خۆی.**

## نزاو پاڕانەوەی ترسان لە هاوبەش دانان بۆ خوا(الشِّرك)

(( اللهُمّ إنّي أعوذُ بِكَ أن أُشْرِكَ بِكَ وَأنا أعلَمُ. وَأستَغْفِرُكَ لِما لا أعلَمُ)).(٣٧٥)

**واتە: خوایە پەنات پێ ئەگرم لەوەی کە هاوبەشت بۆ دابنێم و ئاگادار بم پێی، وە داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم لەوەی کە نایزانم و ئاگادار نیم پێی.**

## کەفارەتی سوێند خواردن بە غەیری خوا

**( هەرکەسێ سوێندی خواردو وتی بە لات و عوزا (٣٧٦) با بڵێ:(لا إلهَ إلاّ اللهُ). وە هەر کەسێك بە هاوڕێکەی ووت: وەرە با قومارت لەگەڵ بکەم با خێرێك بکات). (٣٧٧)**

## چی دەڵێ ئەگەر دیاریبەك
## یا خێرێکدا بە کەسێك و ئەویش پاڕایەوە بۆی

---

**(٣٧٤)** أخرجه النسائي في عمل اليوم والليلة ص (٣٠٠) وابن ماجه ٨٠٩/٢ وانظرصحيح ابن ماجه ٥٥/٢. وفي روايته: ((... إنّما جزآءُ السّلَفِ الوَفاءُ وَالحَمْدُ ) حديث حَسَن. **واتە:... پاداشتی قەرز گەڕاندنەوە وەفاو سوپاس کردنەلەسەری.**

(٣٧٥) أحمد ٤٠٣/٤ وغيره وانظر صحيح الجامع ٢٣٣/٣ وصحيح الترغيب والترهيب للالباني ١٩/١.

**(٣٧٦) کە ئەم دووانە ناوی دوو بت و پەرستراوی سەردەمی نەفامی بووە، وە بێگومان سوێند خواردن بە هەرشتێکی تر(جگە لەخوای پەروەردگار) هەمان حوکمی هەیەو دروست نییەو هەمان کەفارەتی دەوێ.**

(٣٧٧) البخاري ٤٦٧/١١ ومسلم (١٦٤٧) عن أبي هريرة(τ).

## یان ئەگەر بەکێ یێی ووتی: (بارَكَ اللهُ فيكَ)

عائیشە(ڕەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی: مەڕێکیان بە دیاری هێنا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەویش فەرمووی: بەشی بکە. وەعائیشە(ڕەزای خوای لێ بێت) کاتێك خزمەتکارەکەی دەگەڕایەوە لە ماڵەکان دەیفەرموو: وتیان چی؟ دەیفەرموو: دەیانووت: ( بارَكَ اللهُ فيكم ) واتە: خوا بەرەکەت بخاتە ناوتان. عائیشەش دەیفەرموو:( وَفيهِم بارِكَ اللهُ ) نَردُ عَلَيهِم مِثلَ ماقالوا وَ يَبقى أجرُنا لَنا). [٣٧٨]

واتە: خوای گەورە بەرەکەت بڕژێ بەسەر ئەوانیشدا، چییان ووت پێیان دەڵێینەوە وە پاداشتەکەشمان بۆ خۆمان دەمێنێتەوە.

## پاڕانەوەی بەدڵدا هاتنی ڕەشبینی و شوومی(الطِّيرة)

(( اللهُمَّ لا طَيرَ إلاّ طَيرُكَ. وَلاخَيرَ إلاّ خَيرُكَ. وَلا إله غَيرُكَ )). [٣٧٩]

## پاڕانەوەی سوار بوونی ولاغ یان ئامێری گواستنەوە

---

(٣٧٨) أخرجه ابن السني ص (١٣٨) برقم (٢٧٨) وانظر الوابل الصيب لابن القيم ص
(٣٠٤) تحقيق بشير محمد عيون.

(٣٧٩) أحمد ٢/٢٢٠ وابن السني برقم ٢٩٢ وصحَّحَه الالباني في الاحاديث الصحيحة ٥٤/٣ رقم (١٠٦٥) / **بەڵام گەشبینی** (الفأل) **پێغەمبەر** (ﷺ) **پێی خۆش بووە، بۆیە ووشەیەکی خۆشی لەکابرایەك بیستو پێی خۆش بوو فەرمووی:** (( أخذنا فألَكَ من فيك )) **واتە: ووشەیەکی گەشبیناویمان لە دەمی خۆتەوە وەرگرت)**/ ابو داود وأحمد. وصحَّحَهُ الألباني في الصحيحة ٣٦٣/٢ عند أبي الشيخ في أخلاق النبي (ﷺ) ص (٢٧٠). **بۆیە ووشەیەکی خۆشی لەکابرایەك بیستو پێی خۆش بوو فەرمووی:** (( أخذنا فألَكَ من فيك )) **واتە: ووشەیەکی گەشبیناویمان لە دەمی خۆتەوە وەرگرت**/ ابو داود وأحمد. وصحَّحَهُ الألباني في الصحيحة ٣٦٣/٢ عند أبي الشيخ في أخلاق النبي (ﷺ) ص (٢٧٠).

(( بِسمِ اللهِ. الحَمدُ للهِ. [ سُبحانَ الّذي سَخّرَ لنا هذا وَما كُنّا لَهُ مُقرنينَ* وإنّا إلى ربِّنا لَمَنْقَلبونَ ] الحَمدُ للهِ. الحَمدُ للهِ. الحَمدُ للهِ. اللهُ أكبر. اللهُ أكبر أللهُ أكبَرُ. سُبحانَكَ اللهُمَ إنّي ظَلَمْتُ نَفسي فاغفِرْ لي فإنّهُ لا يَغفِرُ الذُّنوبَ إلاّ أنتَ )). [٣٨٠]

**واتە: بە ناوی خوا. ستایش بۆ خوا. پاکی و بێ کەم و کورتی و گەورەیی بۆ ئەو خوایەی ئەمەی بۆ ژێربار خستوین و ئێمە دەستەڵاتمان نەبوو بە سەریدا، وە ئێمە(لە ڕۆژی دواییدا) بۆلای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە. سوپاس و ستایش بۆ خوا... خوا گەورەیە... پاکی و بێ کەم و کورتی و گەورەیی بۆ تۆیە خوایە من ستەمم لە نەفسی خۆم کردووەو لێم خۆشبە. بەڕاستی کەس لە گوناه خۆش نابێ جگە لە تۆ.**

## نزاو پاڕانەوەی چوون بۆ گەشت (سەفەر)

**١-** (( اللهُ أكبَرُ. اللهُ أكبَرُ. اللهُ أكبَرُ. [ سُبحانَ الّذي سَخّرَ لَنا هذا وَما كُنّا لَهُ مُقرنينَ * وَإنّا إلى رَبِّنا لَمُنقَلِبونَ ] اللهُمّ إنّا نَسأَلُكَ في سَفَرِنا هذا البِرَّ وَالتّقوى. وَمِنَ العَمَلِ ما تَرضَى.اللهُمّ هَوِّنْ عَلَينا سَفَرَنا هذا وأطْوِ عَنّا بُعْدَهُ. اللهُمّ أنتَ الصّاحِبُ في السَّفَرِ. وَالخَليفَةُ في الأهلِ. اللهُمّ إنّي أعوذُ بِكَ مِنْ وَعثآءِ السّفَرِ. وَكآبَةِ المَنْظَرِ. وَسُوءِ المنقَلَبِ في المالِ والأهلِ )).

**وە ئەگەر گەڕایەوە لەسەفەر دەیڵێتەوەو ئەمەی بۆ زیاد دەکات:** (( آيبونَ. تائِبونَ. عابِدونَ. لِرَبِّنا حامِدونَ )). [٣٨١]

**واتە: خوا گەورەیە ... پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی ئەمەی بۆ ژێر بار خستووینو ئێمە دەستەڵاتمان نەبوو بەسەریدا، وە ئێمە(لە ڕۆژی دواییدا) بۆ لای**

---

[٣٨٠] أبوداود ٣٤/٣ والترمذي ٥٠١/٥ وانظر صحيح الترمذي ١٥٦/٣.

**(٣٨١)** مسلم ٩٩٨/٢.وفي رواية: ((آيبونَ إنْ شاءَ الله...)).**وە بڕوانە تەفسیری ئایەتی (١٢- ١٣-١٤)ی سورەتی(الزخرف).**

**پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە. خوایە لەم گەشتەماندا داوای کردەوەی چاكو ڕەفتاری جوانو تەقوات لێدەکەینو داوای کارێکت لێدەکەین کە پێی ڕازی بیت. خوایە ئەم گەشتەمان بۆ ئاسان بکەو دوورییەکەیمان بۆ نزیك بخەرەوە. خوایە تۆ ئاگات لێمانە لە گەشتەکەمانداو تۆ پارێزەری کەس‌وکارمانی(کە جێمان هێشتون). خوایە پەنات پێئەگرم لە ناڕەحەتیو ناسۆری گەشتو غەمباری رواڵەت و شتێك کە غەمبارم بکات و خراپ گەڕانەوە بۆ ماڵو خێزان (بەوەی کە شتێکیان لێبببینم دڵتەنگم بکات)... گەڕاینەوە لە بێئاگایی (بە ویستی خوا). بەتەوبەکردنو پەرستشەوە، ستایشی پەروەردگارمان دەکەین.**

**٢- لە ئەبی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر سەفەری بکردایەو سواری وولاغەکەی ببوایە دەیفەرموو:**

«اللهُمّ أنتَ الصّاحِبُ في السّفَرِ والخَليفَةُ في الأهلِ. اللهُمّ اصحَبنا بِنُصحِكَ. واقلِبنا بِذمّةٍ. اللهُم ازوِ لنَا الأرضَ. وَهوِّن عَلَينا السَّفَر، اللهُمّ إنّي أعوذُ بِكَ من وَعثاءِ السّفَرِ. وَكآبةِ المنقَلَبِ ».(٣٨٢)

**واتە: ئەی خوایە تۆ ئاگادارمی لە گەشتەکەمداو ئاگاداری کەسوکارمی. خوایە بە ئامۆژگاری خۆت ئاگات لێمبێت و بە چاودێری خۆت بمانگێڕەوە مەنزڵگا. خوایە زەویمان بۆ بێنەوە یەك و گرانی و ناڕەحەتی گەشتمان لەسەر ئاسان بکە، خوایە من پەنات پێدەگرم لە ناسۆری گەشت و بە غەمباری گەڕانەوە.**

## ئەوشتانەی پەنا دەگری بە خوای گەورە لێی لە گەشتدا

**لە عبداللە ی کوڕی سرجس(ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێ:**

---

(٣٨٢) رواه الترمذي برقم(٣٤٣٨) و صحّحَهُ الألباني في صحيح الترمذي برقم(٢٧٣٤).

( كان رسول الله (ﷺ) إذا سافرَ يَتعَوَّذُ من وَعثاءِ السَّفرِ وَكآبةِ المنقَلَبِ، وَالحورِ بعْدَ الكور. وَدعوة المظلوم، وَسوءِ المنظر في الأهلِ وَالمالِ).[٣٨٣]

**واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەگەر سەفەری بکردایە پەنای دەگرت بەخوای گەورە لە ناسۆری گەشت و غەمباری ڕواڵەت و گەڕانەوە بە غەمباری و لە نوقسانی دوای زیادە( یان لە خراپ بوونی کاروبارمان دوای چاك بوونی)[٣٨٤] وە لە پاڕانەوەی ستەم لێکراوو خراپ گەڕانەوە بۆ ناو کەس و کارو ماڵ و سامان.**

## نزاو پاڕانەوەی چوونە ناو گوندێك یان شارێك

(( اللهُمّ رَبَّ السَّمواتِ السَّبعِ وَما أظْلَلْنَ.وَربَّ الأرضِينَ السَّبعِ وَما أقْلَلْنَ. وَربَّ الشّياطينِ وَما أضلَلنَ. وَربَّ الرِّياحِ وَما ذَرينَ. أسأَلُكَ خَيرَ هذهِ القَريَةِ. وَخَيرَ أهلِها. وَخَيرَ ما فِيها. وأعوذُ بَكَ مِنْ شَرِّها. وَشَرِّ أهْلِها. وَشَرِّ ما فِيها )).[٣٨٥]

**واتە: خوایە پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکان و ئەوەی سێبەری بۆ دەکات، وە پەروەردگاری حەوت چینەکەی زەوی‌و ئەوەی هەڵی گرتووە. پەروەردگاری شەیتانەکان‌و ئەوانەی گومڕایان کردوون. پەروەردگاری (با)کان و ئەوەی لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن. داوای خێر و چاکەی ئەم گوندەو چاکەی خەڵکەکەی‌و ئەو چاکەیەت لێ‌دەکەم کە تیایدایەو پەنات پێدەگرم لەخراپەکەی‌و خراپەی خەڵکەکەی‌و خراپەی ئەوەی تیایەتی.**

---

[٣٨٣] رواه مسلم ٩/١١١ والنسائي ٨/٢٧٢.

[٣٨٤] انظر النهاية لإبن الأثير ١/٤٥٨.

[٣٨٥] الحاكم وصَحّحَهُ وَ وافقَهُ الذَهبي ٢/١٠٠ وابن السني برقم (٥٢٤) وحَسَّنَهُ الحافظ في تخريج الاذكار. قال ابن باز: و رواه النسائي بإسناد حسن. انظر تحفة الاخيار ص (٣٧). وصحيح الكلم الطيب ص ٦٧.

## نزای چوونە بازاڕ

(( لآ إلهَ إلاّ اللهُ وَحدَهُ لا شريكَ لَهُ. لَهُ المُلكُ وَلَهُ الحَمدُ. يُحيي وَيُميتُ. وَهوَ حيٌّ لا يموتُ. بِيَدِهِ الخَيرُ وَهوَ عَلَى كُلِّ شيءٍ قَدير )).(٣٨٦)

**واتە: هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە (اللّٰه) تاکی بێهاوەڵەو موڵك و ستایش بۆ ئەوەو ئەژیەنێو ئەمرێنێو خۆی زیندووەو هەرگیز نامرێ. خێرو چاکە بەدەست ئەوەو بەسەر هەموو شتێکدا بە تواناو دەستەڵاتدارە.**

## لە کاتی هەڵدێرانی ئامێری سواری یان سەرسمدانێدا

**بڵێ :** (( بِسمِ اللهِ )) (٣٨٧) . **واتە: بەناوی خوای گەورە.**

## نزاو پاڕانەوەی ئەو کەسەی دەچێت بۆ گەشت ( المُسافر ) بۆ جێماو

(( أستودِعُكُمُ اللهَ الَّذي لا تَضيعُ وَدائِعُهُ )). (٣٨٨) **واتە: ئەتان سپێرم بەو خوایەی کە سپاردە زایە ناکات.**

---

**(٣٨٦) هەرکەسێ ئەمە بڵێ هەزار هەزار(ملیونێك) چاکەی بۆ دەنوسرێ و هەزار هەزار گوناهی لێ هەڵدەوەرێ و هەزار هەزار پلە بەرزدەبێتەوە لای خوای گەورە(وە ماڵێکی لە بەهەشت دا بۆ دروست دەکرێت)** / الترمذي ٢٩١/٥ والحاكم ٥٣٨/١ وحسنه الالباني في صحيح ابن ماجه ٢١/٢ وفي صحيح الترمذي ١٥٢/٣. وانظر ترتيب أحاديث صحيح الجامع الصغير ٤١٣/٢ رقم(١٧).

(٣٨٧) أبوداود ٢٩٦/٤ وصححه الالباني في صحيح أبي داود ٩٤١/٣.

(٣٨٨) أحمد ٤٠٣/٢ وابن ماجه ٩٤٣/٢ وانظر صحيح ابن ماجه ١٣٣/٢ وصحيح الجامع(٩٥٨).

# پاڕانەوەو ئامۆژگاری جێماو بۆ ئەو کەسەی دەچێت بۆ گەشت

١- (( أستَودِعُ اللهَ دينَكَ. وَأمانَتكَ. وَخَواتيمَ عَمَلِكَ )).(٣٨٩) **واتە: دین و ئەمانەت و کۆتایی کردەوەکانت دەسپێرم بە خوای گەورە.**

٢- (( زَوَّدَكَ اللهُ التَّقوى. وَغَفَرَ ذَنبَكَ. وَيَسَّرَ لَكَ الخيرَ حَيثُ ما كُنتَ )). (٣٩٠)

**واتە: خوا تەقوات زیاد بکات و لە گوناهت خۆش بێت وخێرو چاکەت بۆ ئاسان بکات لە هەر جێگەو شوێنێك بوویت.**

٣- **لە ئەبی هورەیرەوە( ڕەزای خوای لێبێت) پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا من ئەمەوێت سەفەر بکەم، سا ئامۆژگاریم بکە. ئەویش فەرمووی:**

(( عَلَيكَ بِتَقوى اللهِ. وَالتَّكبيرُ عَلَى كُلِّ شَرَفٍ )). **واتە: تەقوای خوات هەبێت و لەسەر هەموو بەرزاییەك تەکبیر**(اللهُ أكبر) **بکە. جا کاتێ پیاوەکە پشتی هەڵکردو ڕۆیشت پێغەمبەر** (ﷺ) **فەرمووی:**(( اللهُمّ أطْوِلَهُ الأرضَ. وَهوِّنْ عَلَيهِ السَّفَرَ )). **واتە: خوایە: زەوی بۆ بێنەوە یەك و گەشت و سەفەرەکەی لەسەر ئاسان بکە.**(٣٩١)

(٣٨٩) أحمد ٢/٤٩٩ و الترمذي (٣٤٤٣) والنسائي في عمل اليوم والليلة (٥٢٣) وصحّحَهُ الألباني في صحيح سنن الترمذي برقم(٢٧٣٨) وانظر صحيح الترمذي ٢/١٥٥ **وە لە ڕیوایەتێکدا:**((...... وَآخِرُ عَمَلِكَ )).

(٣٩٠) الترمذي. وانظر صحيح الترمذي ٣/١٥٥.

(٣٩١) رواه الترمذي برقم(٣٤٤٥). وحَسّنَهُ الألباني في صحيح الترمذي برقم(٢٧٤٠).

## تەکبیر کردن لە بەرزایی و سەرکەوتن و تەسبیح کردن لە دابەزیندا

**قال جابِر**(رضي الله عنه): (( كُنّا إذا صَعَدنا كَبَّرنا. وَإذا نَزَلنا سَبَّحنا )).[٣٩٢]

**واتە: جابر(ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: ئێمە ئەگەر بە شوێنی بەرزدا سەربکەوتینایە – اللهُ أكبَر – مان دەکردو ئەگەر دابەزینایە – سُبحانَ الله – مان دەکرد.**

## پاڕانەوەی گەشتیار ئەگەر پارشێوی بەسەردا هات

(( سَمَّعَ سامِعٌ بِحَمدِ اللهِ. وَحُسنِ بَلائهِ عَلَينا. رَبَّنا صاحِبْن وَأفضِلْ عَلَينا عائِذاً باللهِ مِنَ النّار )).[٣٩٣]

**واتە: (سمِعَ سامِعٌ) شایەتێك ئاگادار بوو شایەتی دا لەسەر ستایش کردنمان بۆ خوای گەورە لەبەر نیعمەتەکانی و چاك و تاقیکردنەوەمان. وە مانای(سَمَّعَ سامِعٌ): واتە: بیسەری ئەم ووتەیەم گەیاندنی بە غەیری خۆیو ئەویش وەکو ئەمەی ووت بۆ ئاگادار کردنەوە لەسەر ژیکرکردن لە پارشێوداو لەسەر پاڕانەوە تیایدا. وە پەروەردگار بمانپارێزەو فەزڵی خۆتمان بە سەردا بڕژە بە نیعمەتەکانت و هەمووو خراپەیەکمان لێ دوور بخەرەوە.[٣٩٤] پەنا ئەگرم بە خوای گەورە لە ئاگری دۆزەخ.**

---

(٣٩٢) البخاري مع الفتح ١٣٥/٦.

(٣٩٣) مسلم ٢٠٨٦/٤.

(٣٩٤) شرح النووي ٣٩/١٧.

## نزاو پاڕانەوەی گەشتیار ئەگەر دابەزیە جێگایەك لە گەشتەکەیدا یان لە غەیری گەشتدا

**بڵێ:** (( أعوذُ بِكَلِماتِ اللهِ التّامّاتِ مِن شَرِّ ما خَلَقَ )). (٣٩٥)

**واتە: پەنا ئەگرم بە ووشە تەواوەکانی خوای گەورە لە خراپەی دروست کراوەکانی.**

## نزاو زیکری گەڕانەوە لە گەشت

**لە ابن عمرەوە(ڕەزای خوایان لێ بێت): پێغەمبەری خوا (ρ) ئەگەر لەغەزا یان لەحەج بگەڕایەتەوە لەسەر هەموو بەرزاییەیەك سێجار (اللە اکبر) ی دەکردو پاشان دەیفەرموو:** (( لا إلهَ إلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَريكَ لَهُ. لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ. وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَديرٌ. آيبونَ. تائِبونَ. عابِدونَ.[ساجِدونَ]. لِرَبِّنا حامِدونَ. صَدَقَ اللهُ وَعْدَهُ. وَنَصَرَ عَبْدَهُ. وَهَزَمَ الأَحزابَ وَحْدَهُ )).(٣٩٦)

**واتە: هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لە(اللە) تاکی بێ هاوەڵە. موڵكو ستایش بۆ ئەوەو بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە. گەڕاینەوە لەبێئاگایی بەتەوبەکردنو پەرستش کردنو کوڕنوش بردنەوە. سوپاس و ستایشی پەروەردگارمان دەکەین. خوای گەورە بەڵێنەکەی بەڕاست بەجێهێناو بەندەکەی خۆی سەرخستو بەتەنها خۆی هەموو کۆمەڵو پارتەکانی شکاند.**

---

**(٣٩٥) ئەگەر ئەمە بڵێ هیچ شتێك زیانی پێناگەیەنێ تا لەو شوێنەی بار دەکات/مسلم ٤/ ٢٠٨٠.**

(٣٩٦) البخاري رقم(١٧٩٧) ومسلم ٢/ ٩٨٠ و ٩/ ١١٢.

## لە کاتی هاتنی شتێکی خۆش یان ناخۆشدا

پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەگەر شتێکی خۆشی بەسەردا بهاتایە دەیفەرموو:

(( ألحَمْدُ للهِ الّذي بِنِعْمَتِهِ تَتِمُّ الصّالِحات )).

واتە: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە بە نیعمەتی ئەوەوە هەموو چاکەکان تەواو دەبێ.

وە ئەگەر شتێکی ناخۆشی بەسەردا بهاتایەوە دەیفەرموو:(( ألحَمْدُ للهِ على كُلِّ حالٍ )). واتە: سوپاس و ستایش بۆ خوایە لەسەر هەموو بارێك.[٣٩٧]

[٣٩٧] أخرجه ابن السني في عمل اليوم والليلة والحاكم وصَحَّحَهُ ١/ ٤٩٩ وصحَّحَهُ الألباني في صحيح الجامع ٤/ ٢٠١.

# بەشی هەشتەم:

## فەزڵی سڵاوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا(ﷺ)

**خوای گەورە دەفەرموێ:** (( إنَّ اللهَ وَمَلائِكَتَهُ يُصلّونَ على النّبيّ * يا أيّها الّذينَ آمَنوا صَلّوُا عَلَيهِ وَسلِّموا تَسليماً )) (الأحزاب: ٥٦)

**واتە:خوای گەورەو مەلائیکەتەکانی صلاوات دەدەن لەسەر پێغەمبەر(ﷺ)، سا ئەی ئیمانداران ئێوەش سڵاواتی لەسەر بدەن و سەلامی لێ بکەن بە سەلام کردن.** [٣٩٨]

**١- وە دەفەرموێت(ﷺ):** (( البَخيلُ مَنْ ذُكِرتُ عِندَهُ فَلَم يُصَلِّ عَلَيَّ )).[٣٩٩]

**واتە: بەخیل ئەو کەسەیە کە لەلایدا ناوم دێنن و سڵاواتم لەسەر نادات.**

**٢- وە دەفەرموێت(ﷺ):** ((لا تَجعَلوا قَبري عيداً وَصَلّوا عَلَيَّ.فإنّ صلاتَكم تَبلُغُني حَيثُ كُنْتُم )).[٤٠٠]

**واتە: دوای خۆم گۆڕەکەم مەکەن بە ئاهەنگ و جەژن و سڵاواتم لەسەر بدەن. چونکە سڵاواتەکانتانم پێدەگات لەهەر شوێنێك بن.**

**٣- پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:** (( مَنْ صَلّى عَلَيَّ صَلاةً صَلّى اللهُ عَلَيهِ بِها عَشراً )).[٤٠١]

---

[٣٩٨] مختصر تفسير ابن كثير (٣/١١٠-١١٣)

**تێبینی: ئیمامی ابن القیم لە کتێبی**(جلاء الأفهام في الصلاة والسّلام على خير الأنام)**باسی ئەوە دەکات کە سڵاواتی خوای گەورە لەسەر پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بریتییە لە وەسفو پلە بەرزی لەلای فریشتەکان دا. وە سڵاواتی مەلائیکەتیش لەسەری بریتییە لە دوعاو پاڕانەوە. وەبەربەرچی ئەوانەی داوەتەوە تیایدا کە دەڵێن صلاواتی خوای گەورە بۆی بریتییە لەڕەحمەتو بەزەیی، وە ئەم جیاوازی خستۆتە نێوان (صلاوات وڕەحمەت)ەسوە. کە هەر ئەمەش ووتەی ئیمامی بوخارییە کە لە (أبو العاليەوە) دەیهێنێ، بڕوانە** مختصر تفسير ابن كثير(٣/١٠٠، ١٠٩).

[٣٩٩] الترمذي ٥/٥٥١ وغيره وانظر صحيح الجامع ٣/٢٥ وصحيح الترمذي ٣/١٧٧.

[٤٠٠] أبوداود ٢/٢١٨ وأحمد ٢/٣٦٧ وصحّحَهُ الألباني في صحيح أبي داود ٢/٣٨٣.

[٤٠١] أخرجه مسلم ١/٢٨٨.

**واتە: هەرکەسێك یەك سڵاواتم لەسەربدات خوای گەورە بە هۆیەوە (دە) سڵاواتی لەسەر دەدات.**[٤٠٢]

٤- **وە دەفەرموێت**(ﷺ) : (( إنَّ للهِ مَلآئِكةً سَيّاحينَ في الأرضِ يُبَلِّغوني مِنْ أُمَّتي السَّلام )). [٤٠٣]

**واتە: خوای گەورە چەند مەلائیکەتێکی گەڕۆکی هەیە لە زەویدا کە سڵاوی ئومەتەکەمم پێدەگەیەنن کە لێمدەکەن.**

٥- **وە دەفەرموێت** (ﷺ): (( ما مِنْ أحَدٍ يُسَلِّمُ عَلَيَّ إلاّ رَدَّ اللهُ عَلَيَّ روحِيَ حَتَى أرُدَّ عَلَيهِ السَّلامُ )). [٤٠٤]

**واتە: هیچ کەسێك نییە کە سڵاوم لێ بکات ئیلا خوای گەورە ڕۆحەکەم بۆ دەگێڕێتەوە هەتا وەڵامی سڵاوەکەی دەدەمەوە**

---

[٤٠٢] **ئیمامی**(الطيبي) **دەفەرموێت: ( ئەگونجێ ئەو صلاواتەی خوای گەورە ڕواڵەتەکەی ووتەو قسەیەك بێت کە مەلائیکەتەکان دەیبیستن. بۆ ڕێزلێنانێکە بۆ ئەو کەسەی کە صلاواتەکەی داوەو تەکریمە بۆ ئەو، وەك خوای گەورە لە فەرموودەی قودسیدا دەفەرموێ:** (( وإنْ ذَكَرَني في مَلأٍ ذكرتهُ في مَلأٍ خيرٍ مِنْهُم..)). **واتە: ئەگەر ئەگەر لە ناو کۆمەڵێکدا یادم بکات. منیش لە ناو کۆمەڵێکی لەوان چاکتردا باسی دەکەم). بڕوانە** تحفة الأحوذي(٢/٦٢٠-٦٢١).

[٤٠٣] النسائي. والحاكم ٤٢١/٢. وصحَّحَهُ الألباني في صحيح النسائي ٢٧٤/١.

[٤٠٤] أبوداود برقم (٢٠٤١) وحسَّنهُ الألباني في صحيح أبي داود ٣٨٣/١.

# بەشی نۆیەم:

## بڵاوکردنەوەی سڵاو

١- **پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت:** (( لاتَدخُلُوا الجَنّةَ حَتَى لا تُؤمِنُوا. وَلا تُؤمِنوا حَتّى تَحابّوا. أوَلا أدُلّكُم عَلَى شَيءٍ إذا فَعلتموهُ تَحابَبْتم؟ أفشوُا السّلامَ بَينَكُم )).[٤٠٥]

**واتە: ناچنە بەهەشتەوە هەتا بڕواتان نەبێ و بڕواو ئیمانی تەواویتان نابێ هەتا یەکتریتان خۆش نەوێ. ئایا شتێکیان پێ بڵێم ئەگەر بیکەن لە ناویەکدا خۆشەویست دەبن لای یەك ؟ سڵاو زۆر بڵاو بکەنەوە لە ناو خۆتاندا.**

٢- **وە عەمماری کوڕی یاسر(ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت :** (( ثَلاثٌ مَنْ جَمَعَهُنَّ فَقَد جَمَعَ الإيمانَ: الإنصافُ مِن نَفسِكَ. وَبَذلُ السّلامِ للعالَمِ. وَالإنفاقُ مِنَ الإقتارِ )).[٤٠٦]

**واتە: سێ شت هەن هەرکەس لە خۆیدا کۆی بکاتەوە ئەوا ئیمانی کۆکردۆتەوە: ویژدان هەبوون لە حوکمدان دا بەرامبەر خۆت. وە سڵاوکردن لە خەڵکی. وە بەخشین لە کەم دەستی و هەژاری.**

٤- **وە لە عبداللە ی کوڕی عومەرەوە(ڕەزای خوایان لەسەر بێت): کەوا پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە کام ئیسلام بوونە چاکە.فەرمووی:**

(( تُطعِمُ الطّعامَ . وَتَقرَأ السّلامَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ وَمَن لَمْ تَعرِف )).[٤٠٧]

**واتە: خواردن ببەخشەو سڵاو بکە لەو کەسەی کە دەیناسی و ئەوەش کە نایناسی.**

---

[٤٠٥] مسلم ١/٧٤ وغيره.

[٤٠٦] البخاري مع الفتح ١/٨٢ عن عمّار(τ) موقوفاً مُعلقاً.

[٤٠٧] البخاري مع الفتح ١/٥٥ ومسلم ١/٦٥.

# چۆن وەلامی بابڕوایەك دەدەینەوە ئەگەر سڵاوی کرد

(( إذا سَلّمَ عَليكُم أهلُ الكِتابِ فَقولُوا: وَعَلَيكُم )).[408]

**واتە: ئەگەر خاوەن کتێبەکان(گاورو جولەکە)سڵاویان لێکردن بڵێن: لە ئێوە بێ.**

تێبینی(١): **سڵاو کردن دروست نییە لە کافرو بێ بڕواو دووڕووەکان، مەگەر ترسی زەرەرێکی دین و دونیا بکەیت لە ئەنجامی ئەو سڵاونەکردنەوە لێی.وەك ئیمامی نەوەوەی و ابن العربی دەفەرموون.**[409]

**وابن العربی زیاد لەوەش دەفەرمویێت: وە دەبێ لە وتنی(السّلامُ عَلَيكم)ەکەش مەبەستت وابێ کەوا خوای گەورە ئاگادارە بەسەرتانەوە، چونکە(السّلام) ناوێکە لە ناوەکانی خوای گەورە.**

تێبینی(٢): **سڵاوکردن لە مەجلیسێکی تێکەڵ لە کافرو موسڵمان دروستە بە مەرجێ مەبەستت موسڵمانەکانی بێت.**[410]

---

(٤٠٨) البخاري مع الفتح ٤٢/١١ ومسلم ١٧٠٥/٤. لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموآ: (( ضونکە لەو کاتەدا ئێتان دەلَین( السَّامُ عَلَيكُم) واتە: مردن بۆ ئێوە بێت )). البخاري ٤٢/١١ ومسلم ١٧٠٦/٤.

(٤٠٩) فتح الباري ٤٠/١١.

(٤١٠) **ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە.** فتح الباري ٣٨/١١.

**بەشی دەیەم:**

## هەندێکانی جیاوازی تر

## پاڕانەوە بۆ ئەو کەسەی

## کە جوێنت پێداوەو ئەزیەتت داوە

**لە ئەبو هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) کەوا بیستویەتی لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە فەرموویەتی:** (( أللهُمّ فأيُّما مُؤمنٍ سبَبتُهُ فاجعَلْ ذلكَ لَهُ قُربَةً إلَيكَ يومَ القِيامَةِ )).[٤١١] **واتە: خوایە جوێنم بە هەر ئیماندارێك داوەو ئەزیەتم داوە ئەوا بۆی بکەرە نزیك بوونەوەیەك لە خۆت لە ڕۆژی دواییدا.**

## لە کاتی خوێندنی کەڵەشێرو زەڕەی گوێدرێژدا

**ئەگەر گوێتان لە دەنگی کەڵەشێر بوو داوای فەزڵی خوای گەورە بکەن** (( اللهُمّ إنّي أسألُكَ مِن فَضلِكَ )) **چونکە مەلائیکەتی بینیوە. وە ئەگەر گوێتان لە دەنگی زەڕینی گوێ درێژ بوو پەنا بگرن بەخوای گەورە لە شەیتان** (( أعوذُ باللهِ مِنَ الشيطانِ الرّجيمِ )) **چونکە شەیتانی بینیوە** )).[٤١٢]

## ئەگەر گوێت لە دەنگی سەگ بوو بە شەو

(( إذا سَمِعْتُم نُباحَ الكِلابِ وَنَهيقَ الحَميرِ باللّيلِ فتَعَوّذوا بِاللهِ مِنهُنَّ فإنّهُنَّ يَرَينَ ما لا تَرونَ )).[٤١٣]

**واتە: ئەگەر گوێتان لە دەنگی وەڕینی سەگ و زەڕەی گوێ درێژ بوو بە شەو ئەوا پەنا بگرن بەخوای گەورە لێیان چونکە ئەوان شتێك دەبینن لەو کاتەدا کە ئێوە نایبینن.**

---

**(٤١١)** البخاري مع الفتح ١١/١٧١ ومسلم ٤/٢٠٠٧ **وە لەفزەکەی:** (( فاجعَلْها لَها زَكاةً ورَحْمَةً )). **واتە: بۆی بکەرە پاکبوونەوەو بەزەیی بۆی.**

**(٤١٢)** البخاري مع الفتح ٦/٣٥٠ ومسلم ٤/٢٠٩٢.

(٤١٣) أبوداود ٤/٣٢٧ وأحمد ٣/٣٠٦ وصَحَّحَهُ الألباني في صحيح أبي داود ٣/٩٦١.

## موسڵمان چی بڵێ لە کاتی مەدح کردنی موسڵمانێک دا

**پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: ئەگەر یەکێ لە ئێوە هەردەبوو بە چاکە باسی هاوەڵەکەی بکات بابڵێ:** (( أحسِبُ فُلاناً وَاللهُ حَسيبُهُ ولا أُزَكِّي على اللهِ أحداً، أحسِبُهُ - إن كانَ يَعلَمُ ذلكَ – كَذا وَكَذا )).[٤١٤]

**واتە: وا گومان دەبەم و وابزانم کە فلانە کەس( کەخوای گەورەش باشتر دەیناسێ و دەزانێ و کەس بەسەر خوای گەورەدا پاکڕاناگرم). وای دەناسم _ ئەگەر ئەوسیفەتەی تێدا شك برد _ ئاواو ئاوایە.**

## موسڵمان چی دەڵێ ئەگەر بە باش باس کرا

(( اللهُمّ لا تُؤاخِذني بِما يَقولونَ. وَاغفِر لي ما لا يَعلَمونَ [ وَاجعَلني خَيراً مِمّا يُظنّونَ] )).[٤١٥] **واتە: خوایە ئەوەی ئەوان دەیڵێن بەگوناه لەسەرم مەگرەو لەو گوناهانەم خۆش ببە کە ئەوان نایزانن و لەو مەدح و وەسفە چاکترم بکە کە ئەوان گومانم پێ دەبەن.**

## چۆن حاجی تەلبیە دەکات لە حەج یان لە عومرەدا

١- (( لَبّيكَ اللهُمّ لَبّيكَ. لَبّيكَ لا شَريكَ لَكَ لَبّيكَ. إنّ الحَمْدَ وَالنِّعمَةَ. لَكَ وَالمُلكَ. لا شَريكَ لَكَ )).[٤١٦]

**واتە: خوایە وەڵامی دوای وەڵام دەدەمەوە لە گوێ ڕایەڵیت دا. هیچ هاوبەشێکت نییە. ستایش و نیعمەت و موڵك بۆ تۆیە. هیچ هاوبەشێکت نییە.**

---

[٤١٤] رواه مسلم ٢٢٩٦/٤

**تێبینی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کردووە بە خۆڵکردن بەدەم وچاوی مەدحکەراندا/ مسلم ١٢٧/١٨.**

[٤١٥] البخاري في الأدب المفرد برقم (٧٦١). وصَحّحَ إسناده الالباني في صحيح الادب المفرد برقم (٥٨٥). وبين المعكوفين زيادة للبيهقي في شعب الايمان ٢٢٨/٤ من طريق آخر.

[٤١٦] البخاري رقم (١٥٤٩) و(٥٩١٥)و مسلم رقم (١١٨٤) واللفظ له. انظر تخريج الحديث في جامع الاصول ٩١/٣.

**٢- وە عومەر(ڕەزای خوای لێ بێت) دەیفەرموو:** (( لَبَّيكَ اللهُمّ لَبَّيكَ.لَبّيكَ وَسَعدَيكَ.وَالخَيرَ في يَديكَ.لبّيكَ وَالرَّغباءُ إليكَ وَالعَمَلُ ))[٤١٧].

**واتە: خوایە وەڵامی دوای وەڵام و گود`ڕایەڵم هەیە بۆ فەرمانەکانت. خێروچاکە لە دەستی تۆدایە. وەڵامی فەرمان و ئومێدو هیواو کردار ئەنجام دان بۆ تۆیە.**

**٣- وە لە ئەبی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێ: لە تەلبیەکردنی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوەبوو دەیفەرموو:** (( **لَبّيكَ إلهَ الحَقِّ** ))[٤١٨]

**واتە: فەرمانبەرداری تۆم ئەی پەرستراوی بە هەق.**

**تێبینی: لە عەمرەکردن دا کاتێ دەچێتە حەرەمەوە تەلبیە کردن دەوەستێنێو کۆتایی پێدێنێت.[٤١٩] بەڵام لە حەج کردندا لە دوای ڕەجم کردنی(الجَمَرةُ العقبة)ەوە کۆتایی پێدێت.[٤٢٠]**

## تەکبیر کردن کاتێ دەگاتە گۆشە ڕەشەکە( الرُّكن الأسوَد)

**((پێغەمبەری خوا(ﷺ)بەسەر حوشترەکەیەوە بە دەوری کەعبەدا سووڕایەوەو هەرکاتێ ئەگەیشتە گۆشەکە بەرەو ڕووی ئیشارەتی‌دەکرد بەشتێك کەپێی بوو وە(الله أكبر)ی دەکرد ))[٤٢١].**

---

[٤١٧] رواه مسلم ٨٩/٨.

[٤١٨] رواه ابن خزيمة في صحيحه برقم(٢٦٢٤) وصَحّحَهُ الألباني في السلسل الصحيحة برقم(٢١٤٦).

[٤١٩] رواه المالك في الموطأ رقم(١١٢٢).

[٤٢٠] رواه البخاري(١٦٨٥).

[٤٢١] البخاري مع الفتح ٤٧٦/٣.( **وە مەبەست بە(شت) لە فەرموودەکەدا بریتییە لە( گۆچان ) بڕوانە** البخاري مع الفتح ٤٧٢/٣.

## پاڕانەوە لە نێوان گۆشەکەی لای یەمەن (الرُّكنُ اليَماني) و بەردە ڕەشەکە (الحَجَر الأسودُ)

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نێوان گۆشەی ڕووی یەمەن و بەردە ڕەشەکەدا دەیفەرموو: [ رَبَّنا آتِنا في الدُّنيا حَسَنةً وَفي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنا عَذابَ النّار ].[٤٢٢]

واتە: پەروەردگار لە دونیادا چاکەو لە دوا ڕۆژدا چاکەمان پێببەخشەو لە سزای ئاگر بمانپارێزە.

## پاڕانەوەی وەستان لەسەر (صەفا) و (مەروە)

جابر(ڕەزای خوای لێ بێت) لە باسی شێوازی حەجی پێغەمبەردا(ﷺ) دەفەرموێت: (( کاتێك نزیك بوویەوە لە صەفا فەرمووی: [ إنَّ الصَّفا وَالمروَةِ مِن شَعائِراللهِ ] أبدَأُ بِما بَدَأَ اللهُ بِهِ )).

واتە: ( صەفاو مەروە لە دروشمەکانی خوای گەورەیە کە دایناوە، بەوەیان دەست پێدەکەم کە خوای گەورە دەستی پێکردووە)، بۆیە بە صەفا دەستی پێکردوو سەرکەوت بەسەریدا هەتا چووە سەرەوەو کەعبەی بینی و ڕووی کردە ڕووگە(قیبلە) و خوای گەورەی بە تاك ڕاگرت و بەگەورەی داناو فەرمووی: (( لآ إلهَ إلاّ اللهَ وَحدَهُ لا شَريكَ لَه، لَهُ الملكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهوَ على كلِّ شيءٍ قَدير. لآ إلهَ إلاّ اللهُ وَحدَهُ . أنجَزَ وَعْدَهُ. وَنَصرَ عَبدَهُ. وَهَزَمَ الأحزابَ وَحْدَهُ )).

واتە: هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە(الله)تاکی بێ هاوەڵەو موڵك و ستایش بۆ ئەوەو بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە. هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە(الله) تاکە. بەڵێنی خۆی هێنایەدی و بەندەکەی خۆی سەرخست و بە تەنیا

[٤٢٢] أبوداود ١٧٩/٢ وأحمد ٤١١/٣ والبغوي في شرح السنة ١٢٨/٧ وحَسَّنَه الألباني في صحيح أبي داود ٣٥٤/١. والآية من سورة البقرة/ ٢٠١ وانظر مختصر تفسير ابن كثير ٢٠٣/١.

**هەموو کۆمەڵو پارتەکانی شکان. پاشان لەم نێوانەدا پاڕایەوە. وە سێجار وەك ئەمەی فەرموو.) فەرموودەکە وە تیایدا هاتووە کە(چی لەسەر صەفا کرد ئاواشی لەسەر مەروە کرد).** [٤٢٣]

## لە کاتی ڕۆیشتندا بەرەو عەرەفە

**لە ابن عمرەوە(ڕەزای خوایان لێ بێت) دەفەرموێت: بەیانییەك لەگەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ) لە میناوە ڕۆیشتین و کەوتینە ڕێ بەرەوعەرەفات، تیاماندابوو تەلبیەی دەکردو هەشمانبوو تەکبیری دەکرد**[٤٢٤]

## نزاو پاڕانەوەی ڕۆژی عەرەفە

**( چاکترین پاڕانەوە، پاڕانەوەی ڕۆژی عەرەفەیە. وە چاکترین نزایەك کە من و پێغەمبەرانی پێش من فەرموویانە ئەمەیە:** (( لَآ إلهَ إلاّ اللهُ وَحدَهُ لا شَريكَ لَه، لَهُ المِلكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهوَ على كُلِّ شيءٍ قَدير )).[٤٢٥]

## نزاو زیکری لای (المَشعَرِ الحَرام)[٤٢٦]

**جابر(ڕەزای خوای لێ بێت)دەفەرموێت: ((پێغەمبەری خوا(ﷺ) سواری(القَصْوآء) بوو- کە حوشترەکەی بوو- هەتا گەیشتە(المِشعَر الحَرام)و ڕووی کردە ڕووگە(قیبلە)وە پاڕایەوەو** (( اللهُ أكبر وَلآ إلهَ إلاّ اللهُ وَحدَهُ لا شَريكَ لَه...)) **ی**

---

(٤٢٣) مسلم ٨٨٨/٢.

(٤٢٤) رواه البخاري ٥٩/١٦ ومسلم ٢٩/٩.

(٤٢٥) الترمذي وحَسّنَهُ الألباني في صحيح الترمذي ١٨٤/٣ وفي الأحاديث الصحيح ٦/٤. **وە سوننەت وایە جگە لە ووتنی ئەم .یکرە تەلبیە بکات و بپاڕێتەوە.**

(٤٢٦) **دەربارەی**(المشعر الحرام) **ووتراوە بریتییە لە شاخی**(قُزَح) **کە شاخێکی بەناوبانگە لە**(مزدلفة)**دا، وە ئەهلی تەفسیرو سیرەو فەرموودەناسان فەرمویانە** (المشعر الحرام) **هەموو**(مزدلفة) **دەگرێتەوە/** انظر شرح النووي على مسلم ٨٩/٨.

کردو بەردەوام ئاوا بە پێوە مایەوە هەتا بە تەواوی دنیا ڕووناك بوویەوەو پێش ئەوەی خۆر هەڵبێ ڕۆیشت و دەرچوو )).[٤٢٧]

## تەکبیر کردن لە کاتی ڕەجم کردنی (الجِمار)ەکاندا لەگەڵ هەموو زیخێکدا

(( پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەرکات زیخێکی دەهاویێشت لە لای(الجِمار)ەکانەوە تەکبیر(الله أكبر)ی دەکرد، پاشان دەچووە پێشەوەو دەوەستاو ڕووەو قیبلە دەپاڕایەوە بە دەستی بەرزکردنەوە لەدوای جەمرەی یەکەم و دووەم. بەڵام لەلای(جَمرَة العَقَبَة)دا زیخەکەی دەهاویێشت و تەکبیری دەکرد لەگەڵ هەموو زیخێکداو دەڕۆیشت و لەلایدا نەدەوەستا )).[٤٢٨]

## لە کاتی سەرسووڕمان و بینینی شتی سەیردا

١- (( سُبحانَ الله )).[٤٢٩] واتە: پاك و بێگەردی بۆخوایە.

٢- (( اللهُ أكبر )).[٤٣٠] واتە: خوا گەورەیە.

---

[٤٢٧] مسلم ٢/٨٩١.

[٤٢٨] البخاري مع الفتح ٣/٥٨٣ و ٣/٥٨٤ وە بڕوانــە لەفزەکــەی لەوێــداو البخــاري مــع الفــتح ٣/٥٨١ هەروەها(مسلم)ڕیوایەتی کردووە.

[٤٢٩] البخاري مع الفتح ١/٢١٠و ٣٩٠و ٤١٤ ومسلم ٤/١٨٥٧.

[٤٣٠] البخاري مع الفتح ٨/٤٤١ وانظر صحيح الترمذي ٤/١٠٣ و ٢/٢٣٥ ومسن أحمد ٥/٢١٨

## چی ئەکات ئەگەر هەواڵێکی خۆشی بۆ هێنرا

(كانَ النَّبيُّ(ﷺ) إذا أتاهُ أمرٌ يَسُرُّهُ أو يُسَرُّ بِهِ خَرَّ ساجِداً شُكراً للهِ تَبارَكَ وَتَعالى ). [٤٣١]

**واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەگەر هەواڵێکیان بۆ بهێنایە دڵی خۆش بکردایە یان پێی دڵخۆش بووایە کوڕنووشی دەبرد لە سوپاسی خوای گەورەدا.**

## چی دەڵێت ئەگەر لە چاوی خۆی ئەترسا بدا لە شتێك و ببێتە هۆی زیان یا گەیاندنی

[ ماشآءَ اللهُ لا قُوّةَ إلاّ باللهِ ] اللهُمّ بارِك عَلَيهِ )). [٤٣٢]

**واتە: ئەوەی خوای گەورە ویستی ببێت دەبێو هێزو توانایەك نییە مەگەر بەخواوە. خوایە فەڕو بەرەکەتی تێبخە.**

## ئەگەر لە چاوی بەکێك ترسابێت

**(( سورەتی [ الفَلَق ] و [ النّاس ] بخوێنە )).** [٤٣٣]

## ئادابی ماڵ و منداڵ پاراستن

(( إذا كانَ جُنحُ اللّيلِ . أو أمسَيتُم . فَكُفّوا صِبيانَكُم. فإنَّ الشَّياطِينَ تَنتَشِرُ حِينَئِذٍ. فإذا ذَهَبَ ساعَةٌ مِنَ اللّيلِ فَخَلّوهُم. وَأغلِقُوا الأبوابَ وَاذكرُوا اسمَ اللهِ. فإنَّ الشَّيطانَ لا

---

[٤٣١] رواه أهل السنن إلاّ النَّسائي. انظر صحيح ابن ماجه ٢٣٣/١ وإرواء الغليل ٢٢٦/٢.

[٤٣٢] **بۆ بەشی یەکەمی بڕوانە سورەتی (الكهف) ئایەتی ( ٣٩) . وە بۆ بەشی دووەمیش پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (( ئەگەر یەکێك لە ئێوە شتێکی لەبراکەی یان لە خۆی یان لە ماڵو ساماندا بینی کە سەرسامدکردبوو وە بەلایەوە سەیربوو (با بپاڕێتەوە بۆی بە بەرەکەت). چونکە چاو ڕاستو ڕەوایە ))** مسند أحمد ٤٤٧/٤ وابن ماجه. ومالك. وصَحّحَهُ الألباني في صحيح الجامع ٢١٢/١ وانظر تحقيق زاد المعاد للأرناؤوط ١٧٠/٤. **لەبەشی دوعاچارە چارەسەری چاو بخوێنەرەوە.**

[٤٣٣] رواه الترمذي والنسائي وابن ماجه عن أبي سعيد الخدري (τ). حديث حسن/انظر الاذكار للنووي ص ٢٨٣.

يَفْتَحُ باباً مُغْلَقاً. وَأوكُوا قِرَبَكُم وَاذكرُوا اسمَ اللهِ. وَخَمِّروا آنيَتَكُم وَاذكرُوا اسمَ اللهِ. وَلَو أن تَعرُضُوا عَلَيها شَيئاً. وأطفِئوُا مَصابيحَكُم )).[٤٣٤]

**واتەئەگەر شەو داهات، یان ئێوارەتان بەسەرداهات منداڵەکانتان بگرنەوە لەیاری کردنو کۆڵان. چونکە شەیتانەکان**
**لەوکاتەدا بلاًودەبنەوە. وە کە کاتێك لەشەو ڕۆیشت وازیان لێبهێنن، وە دەرگاکان دابخەن و ناوی خوای گەورە بهێنن چونکە شەیتان دەرگایەکی داخراو ناکاتەوە. وە دەمی مەشکەو کوندەکانتان بەپەت ببەستنو ناوی خوا بهێنن. وەسەری قاپەکانتان بنێنەوەو داپپۆشنو ناوی خوا بهێنن. ئەگەر چی شتێکی بچوکیشی بخەنە سەر. وە چراکانتان بکوژێننەوە.**

## سوننەتەکانی فیترەت

عنْ عائِشة(رضي الله عنها) قالَتْ: قالَ رسول الله (ﷺ): (( عَشرٌ مِنَ الفِطْرَةِ: قَصُّ الشّارِب، وَإعفاءُ اللَّحيَةِ، وَالسِّواكِ، وَإستنشاقُ الماءِ، وَقَصُّ الأظفارِ، وَغَسلُ البَراجِم، وَنَتْفُ الإبطِ، وَحَلقُ العانةِ، وانتِقاصُ الماءِ )) قال الراوي: ونَسيتُ العاشِرَةَ إلاّ أن تَكونَ(المَضْمَضَةُ). قال وَكيع – وهو أحَدُ رواتِهِ–: إنتِقاصُ الماءِ: يعني الإستِنجاءَ)).[٤٣٥]

**واتە:(دە) شت لە فیترەتەوەیە: سمێڵ کورت کردنەوە و ڕیش هێشتنەوە و سیواك کردن و ئاو لە لووت وەردان و نینۆك کردن و شۆردنی(البَراجم): ( کە**

---

[٤٣٤] البخاري مع الفتح ٨٨/١٠ ومسلم ١٥٩٥/٣.

(٤٣٥) رواه مسلم(٦٠٣) و أبوداود(٥٣)/ **وە لە فەرموودەی تردا بەم جۆرەش هاتووە:**عن أبي هريرة(τ) عن رسول الله(ﷺ) قال: (( الفِطرةُ خَمسٌ: الإختِتانُ. والإستِحدادُ. وَقَصُّ الشّارِبِ وَتقليمُ الأظفار. وَنَتفُ الإبطِ )).صحيح. ابن ماجه (٢٩٢)ق (آداب الزفاف ١١٧ وارواء الغليل ٧٣) انظر صحيح سنن النسائي باختصار السندللالباني ص٥.. **واتە: فیترەت پێنجە: یان پێنج شت لە فیترەتەوەیە: خەتەنە کردن و تاشینی مووی شەرمگا و سمێڵ کورت کردنەوە و نینۆك کردن و توکی بن باڵ هەڵکێشان.**

**کۆی(برجمه)یە واتە: ئەو شوێنانەی کە چڵکی تێدا کۆدەبێتەوە وەك خەتی سەر پەنجەکان).وە هەڵکێشان و لابردنی مووی بن باڵ و تاشینی مووی داوێن و شەرمگاو (إنتقاصُ المآءِ).**

**ڕاوی دەفەرموێت: (دە)یەمم لەبیر چۆتەوەو پێموابێت : ئاو لەدەم وەردانە. وە(وەکیع)- کە یەکێکە لە ڕاویەکانی- دەفەرموێت: (إنتقاصُ المآءِ) واتە: تارەت گرتن و خۆپاکردنەوە بە ئاو.**

عَنْ أنَس بِن مالِك قالَ: (( وُقِّتَ لَنا رسولُ الله (ﷺ) في قَصِّ الشّارب وَتَقلِيمِ الأظفار. وَحَلْقِ العانَةِ. وَنَتْفُ الإبطِ أن لا نَترُكَ أكثرَ مِنْ أربعينَ يوماً )) وقال مَرّةً أخرى أربعينَ لَيلَةً.[٤٣٦]

**واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی داناوین کە کورت کردنەوەی سمێڵو نینۆك کردنو لابردن و تاشینی مووی شەرمگاو توکی بن باڵ هەڵکێشان لە چل ڕۆژ یان چل شەو زیاتر واز لێ نەهێنین.**

## سمێڵ کورت کردنەوەو ڕیش بەردانەوە

عن ابن عُمَر عَنِ النَّبيِّ(ﷺ)قال: (( أحفُوا الشّوارِبَ وَأعفُوا اللّحيّ))[٤٣٧] **واتە: سمێڵ کورت بکەنەوە و ڕیش بهێڵنەوە.**

## کورتی پۆشاك و نەخشاندنی بە دوای خۆیدا

(( ما تَحْتَ الكَعبينِ مِنَ الإزارِ فَفي النّارِ )).[٤٣٨]

---

**(٤٣٦)** صحيح. ابن ماجه (٢٩٥) م. انظر صحيح سنن النسائي باختصار السند للالباني ص٥.

(٤٣٧) صحيح. الترمذي (٢٩٢٥) و (٢٩٢٦): ق ( رياض الصالحين ١٢١٣ وصحيح الجامع ٢٠٧ ) انظر صحيح سنن النسائي باختصار السند للالباني ص(٦).

واتە: ئەوەی کە ئەکەوێتە ژێر دوو قولە پێکەوە لە پۆشاك لە ئاگردایە.

**تێبینییەکی گرنگ:**

ئیمامی النووی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ( پۆشاك درێژی لە کراس و قەمیص و عەمامەو پۆشاك دایە. وە دروست نییە ئەگەر بۆ خۆبەزل زانی و فیز بوو بهێلرێتەوە تا خوار قولەپێکان. خۆ ئەگەر بۆ فیز نەبوو مەکروهە. وە موستەحەبە تا ناوەڕاستی قاچ بێت. وە دروستیشەو مەکروه نییە کە بگاتە دوو قولەپێکە . بەڵام لەوە دابەزێ یاساغکراوە لە شەرعدا).

وەئیبن حەجەر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە(فَتحُ الباری) دا دەفەرموێت: ( وە قاضي عياض ئیجماعی هێناوە لەسەر ئەوەی ئەم مەنعە دەرهەق بە پیاوانەو ئافرەتان ناگرێتەوە (واتە درێژکردنەوەی پۆشاك تا خوار قولەپێکان). پاشان دەفەرموێ: (بەهەرحاڵ پیاوان دوو حاڵەتیان بۆ هەیە: یەکێکیانە باشەو ئیستحبابەو ئەویش ئەوەیە کە پۆشاکەکەی کورت بکاتەوە تا ناوەڕاستی ئێسقانی قاچی. وە حاڵەتێکی تریش کە دروستەو جائیزە تا دوو قولەپێکە)[٤٣٩]

وە جیاوازی نییە لەمەدا لە نێوان پۆشاکی(عەرەبی یان کوردی یان فارسی یان تورکی یان هتد) .

وە ئەگەر ئەم کارەی بۆ فیزو خۆبەزل زانی دەکرد ئەوا سزاکەی سەخت تر دەبێت و ئەم جۆرە کەسانە لە ڕۆژی دواییدا لەو کەسانەن کە خوای گەورە قسەیان لەگەڵ ناکات و تەماشایان ناکات و لە گوناه پاکیان ناکاتەوەو سزایەکی ئازاراویان بۆ هەیە.[٤٤٠]

# بەشی یانزەهەم:

---

[٤٣٨] رواه الامام أحمد ٢٥٤/٦ وهو في صحيح الجامع (٥٥٧١). و البخاري **هێناویەتی**(٢١٨/١٠) **بە لەفزی:**
(( ما أسفَلَ منَ الكَعبَينِ منَ الإزارِ ففي النّارِ )) عن أبي هريرة(τ).

[٤٣٩] **بڕوانە کتێبی**( قَطوف منَ الشمائِل المحمدية)**ی محمد جميل زينو لاپەڕە**(٩٩).

[٤٤٠] رواه مسلم(١٠٦) عن أبي ذر (τ).

# داوای لێخۆش بوون و گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە (الإستِغفار والتَّوبةَ)

١- **پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمویێت:** (( وَاللهِ إِنِّي لأَستَغفِرُاللّهَ وَأتوبُ إلَيهِ في اليَومِ أكثَرَ مِنْ سَبعينَ مَرَّة )).[٤٤١]

**واتە: سوێند بەخوا من لە ڕۆژێکدا زیاد لە حەفتا جار داوای لێخۆش بوون دەکەم لە خوای گەورەو دەگەڕێمەوە بۆلای.**

٢- **وە چاك وایە لە ڕۆژێکدا(سەد) جار بوترێ:**(( أستَغفرُاللّهَ وَأتوبُ إليهِ )).[٤٤٢]

**واتە: داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆلای.**

٣- **وە دفەرمویێت(ﷺ):** (( يا أيُّها النّاسُ تُوبوا إلى الله. فإنّي أتوبُ في اليَومِ إلَيهِ مِائةَ مَرَّةٍ )).[٤٤٣] **واتە: ئەی خەڵکی بگەڕێنەوە بۆ لای خوا. بە ڕاستی من لە ڕۆژێك دا(سەد)جار دەگەڕێمەوە بۆلای.**

٤- **وە دەفەرمویێت(ﷺ):** (( مَنْ قالَ ( أستغفِرُ اللهَ العَظيمَ الّذي لآ إلهَ إلاّهوَ الحيُّ القيوم وَأتوبُ إليهِ) غَفَرَ اللهُ لَهُ وإن كانَ فَرَّ مِنَ الزَّحفِ )).[٤٤٤]

**واتە: هەرکەسێك بڵێ: داوای لێخۆشبوون دەکەم لەو خودا مەزنەی کە هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لەو، وە زیندووی هەڵسووڕێنەری بوونەوەرەو دەگەڕێمەوە بۆ لای .**

**ئەوا خوای گەورە لێی خۆش دەبێ ئەگەر چی لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی دوژمن پشتی هەڵکردبێ و ڕای کردبێ.**

٥- **وە دەفەرمویێت(ﷺ):** (( طُوبَى لِمَنْ وُجِدَ في صَحيفَتِهِ إستِغفاراً كَثيراً ))[٤٤٥]

---

[٤٤١] البخاري مع الفتح ١٠١/١١.

[٤٤٢] البخاري مع الفتح ١٠١/١١ ومسلم ٢٠٧٥/٤.

[٤٤٣] مسلم ٢٠٧٦/٤.

[٤٤٤] أخرجه أبوداود ٨٥/٢ والترمذي ٥٦٩/٥ والحاكم وصَحَّحَهُ ووافقه الذهبي ٥١١/١ وصحَّحَهُ الالباني. انظر صحيح الترمذي ١٨٢/٣ وجامع الأصول لأحاديث الرسول (ρ) ٣٨٩/٤، ٣٩٠ بتحقيق الارناؤوط.

**واتە: خۆش بەختی( یان گوبا کە داریکە لە بەهەشت دا) بۆ کەسێك کە لە نامەی کردەوەکانیدا داوای لێخۆش بوون کردنی لە خوای گەورە زۆر تێدا بێت.**

٦- **وە دەفەرمویت**(ﷺ): (( أقرَبُ ما يَكونُ الرَّبُّ مِنَ العَبدِ في جَوفِ اللّيلِ الآخِرِ.فإنِ استَطَعْتَ أن تَكونَ مِمَّن يَذكُرالله في تِلكَ السّاعةِ فَكُنْ )). [٤٤٦]

**واتە: نزیك ترین کاتێك کە پەروەردگار لە بەندەکەیەوە نزیك بێت لە ناوەڕاستی کۆتایی شەودایە. ئەگەر توانیت لەو کەسانەبێت کە یادی خوای گەورە دەکەن لەو کاتەدا ئەوا ببە.**

٧- **وە دەفەرمویت**(ﷺ):(( أقرَبُ ما يكونُ العَبْدُ مِن رَبِّهِ وَهوَ ساجِدٌ فأكثِروا الدُّعآءَ )). [٤٤٧]

**واتە: نزیکترین کات کە بەندە لە پەروەردگاریەوە نزیکە لە کاتی کوڕنووش بردنیدایە. دەسا لەو کاتەدا زۆر بپاڕێنەوە تیایدا.**

٨- **وە دەفەرمویت**(ﷺ): (( إنَّهُ لَيُغانُ عَلى قَلبي وإنّي لأَستَغفِرُالله في اليَومِ مِائةَ مَرَّةٍ )). [٤٤٨]

**واتە:تارمایی دێت بەسەر دڵم داو بیرم دەچێ.وە من لە ڕۆژێك دا (سەد)جار داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەم.**

# بەشی دوانزەهەم:

---

[٤٤٥] رواه ابن ماجه (٣٨١٨) والنَّسائي في عمل اليوم والليلة ٤٥٥ وصحّحَهُ الألباني في صحيح الجامع ٣٩٣٠.

[٤٤٦] أخرجه الترمذي والنسائي ٢٧٩/١ والحاكم و انظر صحيح الترمذي ١٨٣/٣وجامع الاصول بتحقيق الأرناؤوط ١٤٤/٤.

[٤٤٧] مسلم ٣٥٠/١.

**(٤٤٨)** أخرجه مسلم ٢٠٧٥/٤. ابن الاثير **دەفەرمویت:** (لَيُغانُ عَلَى قَلْبي) **واتە: دایدەگرێتەوە و دایدەپۆشێ. وە مەبەست پێی (بیرچونەوەیە). چونکە پێغەمبەر(ﷺ) بەردەوام لە زیادە .یکرکردنو نزیك بوونەوەو بەردەوامێتی چاودێری خۆکردن دا بووە. بەلاّم کاتێ ئاگای لێ نەمایە لە هەندێ کاتەکانیدا یان بیری بچوایە ئەوا بە گوناه حسابی دەکرد لەسەر خۆیو یەکسەر داوای لێخۆشبوونی دەکرد لەخوای گەورە/ بڕوانە** جامع الأصول ٣٨٦/٤.

# فەزڵی (تەسبیح و تەحمیدو تەهلیل و تەکبیر) کردن[٤٤٩]

١- عَن أبي هُريرَة (τ) أنَ رسول الله (ﷺ) قالَ: (( مَنْ قالَ: ( لا إلهَ إلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَريكَ لَهُ. لَهُ المُلكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَدِير) في يومٍ مِائة مَرّةٍ كانَتْ لَهُ عَدلُ عَشرِ رقابٍ وَكُتِبَتْ لَهُ مائة حَسَنَةٍ. وَمُحِيَت عَنْهُ مِائَةَ سَيئَةٍ وَكانَت لَهُ حِرزاً مِنَ الشَّيطانِ يَومَهُ ذلِكَ حَتّى يُمسِيَ. وَلَمْ يَأتِ أحَدٌ أفضَلَ مِمّا جآءَ بِهِ إلاّ أحَدٌ عَمِلَ أكثَرَ مِن ذلكَ ))[٤٥٠]

**واتە: هەر کەسێ لەڕۆژێکدا سەدجار بڵێ: هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لە(الله) تاکی بێهاوەڵەو موڵك و ستایش بۆ ئەوەو بەسەر هەموو شتێك دا بە توانایە، ئەوا بە ئەندازەی ڕزگارکردنی دە کۆیلە چاکەی دەست دەکەوێت و(سەد) چاکەی بۆ دەنوسرێت و(سەد) گوناهی لێدەسڕێتەوەو ئەو ڕۆژە لە شەیگان پارێزراو دەبێ هەتا ئێوارەی لێ دەبێتەوەو کەس بە پاداشتی لەم چاکترەوە نایەت مەگەر کەسێك لەم زیاتر بکات.**

٢- **وە دەفەرموێت** (ﷺ): (( مَنْ قالَ: ( سُبْحانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ ) في يومٍ مِائةَ مَرّةٍ حُطّتْ خَطاياهُ وَلَوكانَتْ مِثلَ زَبَدِ البَحرِ )).[٤٥١]

**واتە: هەر کەسێك لە ڕۆژێك دا(سەد) جار بڵێ پاکیو بێگەردیو ستایش بۆ خوایە، ئەوا گوناهەکانی دەسڕێتەوە ئەگەر چی وەکو کەفی دەریاش وابێت.**

---

(٤٤٩) **تەسبیح واتە** (سُبحانَ اللهِ) **کردن و تەحمید واتە** (الحَمدُلله) **و تەهلیل واتە وتنی** ( لا إلهَ إلاّ الله ) **و تەکبیر واتە** ( الله أكبرُ ) **کردن.**

(٤٥٠) البخاري ٤/٩٥ ومسلم ٤/٢٠٧١.

(٤٥١) البخاري ٧/١٦٨ ومسلم ٤/٢٠٧١.

٣- عَن أبي أيوب الأنصاري (τ) عَن رَسول الله (ﷺ) (( مَنْ قالَ: (لا إلهَ إلاّ اللهَ وَحْدَهُ لا شَريكَ لَهُ. لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَدير ) عَشرَ مِرار كانَ كَمَنْ أعتَقَ أربعةَ أنفُسٍ مِنْ وَلَدِ إسماعِيل ))[٤٥٢].

**واتە: هەر کەسێك دەجار بڵێ: هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لە(الله) تاکی بێهاوەڵەو موڵك و ستایش بۆ ئەوەو بەسەر هەموو شتێك دا بە توانایە، وەکو ئەوە وایە کە چوار کەسی لە نەوەکانی ئیسماعیل پێغەمبەر(علیه الصلاة والسّلام) ئازادو ڕزگارکردبێت.**

٤- عن أبي هريرة (τ): قال رسول الله (ﷺ): (( كَلِمَتانِ خَفيفَتانِ عَلَى اللِّسانِ . ثَقِيلَتانِ في المِيزانِ. حَبيبَتانِ إلى الرَّحْمن: ( سُبحانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ سُبْحانَ اللهِ العَظِيم ) )). **(٤٥٣)**

**واتە: دوو ووشە هەن کە لەسەر زووبان سوکن‌و لە تەرازووی کردەوەکاندا قورسن‌و بەلای خواوە خۆشەویستن ئەویش بریتییە لە ووتنی: پاکی‌و بێگەردی‌و ستایش بۆ خوایە. پاکی‌و بێگەردی بۆ خوای مەزن.**

٥- عَن أبي هُريرَة (τ) قالَ: قالَ رسول الله (ﷺ) : (( لأن أقولَ:( سُبحانَ اللهِ . وَالحَمْدُ للهِ . وَلا إلهَ إلاّ اللهَ . وَاللهُ أكبرُ ) أَحَبُّ إليّ مِمّا طَلَعَت عَلَيهِ الشَّمْسُ ))[٤٥٤]

**واتە: ئەگەر بڵێم پاکی بێگەردی و ستایش بۆ خوا و هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە(الله) و خوا گەورەیە. خۆشترە بەلامەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە خۆر بەسەریدا هەڵدێ.**

---

(٤٥٢) البخاري ١٦٧/٧ ومسلم ٢٠٧١/٤.

(٤٥٣) البخاري ١٦٨/٧ ومسلم ٢٠٧٢/٤.

(٤٥٤) مسلم ٢٠٧٢/٤.

٦- عَنْ سَعد(τ) قال: كُنّا عِندَ رسولِ الله(ﷺ) فقالَ: (( أ يَعجِزُ أحدُكُم أن يَكسِبَ كُلّ يومٍ ألفَ حسَنةٍ ؟ فَسَأَلَهُ سآئِلٌ مِن جُلَسآئِهِ: كَيفَ يَكسِبُ أحدُنا ألفَ حَسَنةٍ؟ قالَ: يُسَبِّحُ مِائةَ تَسْبيحَةٍ. فَيُكتَبُ لَهُ ألفَ حَسَنةٍ أو يُحَطّ عَنهُ ألفَ خَطيئَةٍ )).(٤٥٥)

**واتە: سەعد دەفەرموێ: ئێمە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بووین(ﷺ)و فەرمووی: ئایا کەس لە ئێوە هەیە بێتوانا بێ لەوەی کە هەموو ڕۆژێ هەزار چاکە دەست بخاتبۆ خۆی ؟ یەکێ: لەوانەی کە دانیشتبوو پرسیاری لێکرد: چۆن یەکێك لە ئێمە دەتوانێ هەزار چاکەی دەستبکەوێ ؟ فەرمووی: سەد تەسبیحات(سُبحانَ اللهِ) بکات هەزار چاکەی بۆ دەنوسرێ.یان هەزار گوناهی لێ هەڵدەوەرێت.**

٧- عَن جابر (τ) عَن النَّبيّ (ﷺ) قال: (( مَنْ قالَ ( سُبحانَ اللهِ العَظيمِ وَبِحَمدِهِ ) غُرِسَتْ لَهُ نَخلَةٌ في الجَنّة )).(٤٥٦)

**واتە: هەرکەسێك یەك جار بڵێ پاکی و بێکەم و کورتی و گەورەیی ستایش بۆ خوای مەزن، دارخورمایەکی لە بەهەشتدا بۆ دەڕوێت.**

٨- عَن عبدالله بن قيس (τ) قال: قالَ رَسول الله (ﷺ): (( يا عَبدَاللهِ بِنَ قيس ألا أدُلُّكَ عَلَى كَنزٍ مِنْ كُنوز الجَنَّةِ ؟ )) فقُلتُ: بلى يا رسول اللهِ. قالَ: (( قُلْ: لا حولَ وَلا قُوَّة إلاّ بالله )).(٤٥٧)

**واتە: ئەی عبداللە ی کوڕی قیس ئایا گەوهەرێك لە گەوهەرەکانی بەهەشتت پێ بڵێم؟ وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: بڵێ هیچ گۆڕان و هێزێك نییە مەگەر بەخوای گەورەوە.**

---

(٤٥٥) **مسلم ٤/٢٠٧٣.**

(٤٥٦) أخرجه الترمذي ٥/٥١١ والحاكم ١/٥٠١ وَصَحّحَهُ و وافَقَهُ الذهبي. وانظر صحيح الجامع ٥/٥٣١ وصحيح الترمذي ٣/١٦٠.

(٤٥٧) البخاري مع الفتح ١١/٢١٣ ومسلم ٤/٢٠٧٦.

**٩- وە دەفەرمویّت (ﷺ):**(( أَحَبُّ الكلامِ إلى اللهِ أربَعٌ: ( سُبحانَ اللهِ. والحَمدُ للهِ. ولا إلهَ إلاّ اللهُ. واللهُ أكبَرُ). لا يَضُرُّكَ بأيِّهِنَّ بَدأتَ. وَلا تُسَمِّينَ غُلامَكَ يَساراً. وَلا رَباحاً. وَلا نَجيحاً. وَلا أفلَحَ. فإنّكَ تَقولُ: أثَمَّ هوَ ! فَلا يَكونُ: فيقولُ: لا )) [٤٥٨]

**واتە: خۆشەویسترین ووتە بەلای خوای گەورەوە چوارە: پاکی و بێعەیبی و سوپاس بۆ خوای گەورەو هیچ پەرستراوێك نیە بەهەق جگە لە (الله) و خوا گەورەیە. زیانت پێناگەیەنێ بەهەرکامێکیان دەست پێبکەیت. وە منداڵەکەت ناومەنێ ئاسان یان قازانج و سەرفراز و ڕزگار بوو. چونکە تۆ دەڵێی فلانیان (لەو ناوانە) لەماڵە ؟ ئەویش لەماڵ نەبێت دەڵێن: نەخێر لەماڵ نییە (واتە ئاسانی و قازانج و سەرفرازی و ڕزگاربوون لەماڵماندا نییە).**

١٠- عَن سَعدِ بنِ أبي وَقاص (τ) قالَ: (( جاءَ أعرابيٌّ إلى رَسولِ اللهِ (ﷺ) فَقالَ : عَلِّمني كَلاماً أقولُهُ. قالَ: قُلْ: ( لا إلهَ إلاّ اللهَ وَحْدَهُ لا شَريكَ لَهُ. الله أكبرُ كَبيراً. وَالحَمْدُللهِ كَثيراً. سُبْحانَ الله رَبِّ العالمينَ. لا حَوْلَ وَ لا قُوَّةَ إلاّ بِاللهِ العَزيزِ الحَكيم ( قالَ: فَهؤلآءِ لِرَبّي فَمالي ؟ قالَ: (( قُلْ: اللهُمّ اغفِرْلي وَارحَمني. وَاهدِني. وَارزُقني )). [٤٥٩]

**واتە: دەشتەکییەك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ووتەیەکم فێربکە کە بیڵێم. فەرمووی: بڵێ هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە(الله)تاکی بێ هاوبەشە. خوا گەورەیەو زۆر ستایشی خوا دەکەم. پاکی و بێ کەم و کورتی و گەورەیی بۆ پەروەردگاری جیهانیانەو هیچ گۆڕان و هێزو توانایەك نییە مەگەر بەخوای دەستەڵات داری کاربەجێوە، دەشتەکیەکە ووتی: ئەمانە بۆ (ستایش کردن)ی پەروەردگارمە. ئەی چی بۆ( نزا و پاڕانەوە)ی خۆمە؟ فەرمووی: بڵێ: خوایە لێم خۆش بەو ڕەحمم پێبکەو ڕێنمایم بکەو ڕۆزیم بدە.**

---

**(٤٥٨)** مسلم ١٦٨٥/٣.

**(٤٥٩)** مسلم ٢٠٧٢/٤ و زاد أبوداود: ( فلما وَلّى الأعرابيُّ قالَ النّبيُّ (ﷺ):(( لقدْ مَلأَ يَدَيهِ مِن الخَيرِ )) ٢٢٠/١. **واتە کاتێ کە کابرا دەشتەکییەکە ڕۆیشت پێغەمبەر ( ﷺ) فەرمووی: هەردوو دەستی خۆی لە چاکە پڕ کرد.**

١١- عن طارقِ الأشْجَعي قالَ: كانَ الرَّجلُ إذا أسْلَمَ عَلّمَهُ النّبي (ﷺ) الصَّلاةَ ثُمّ أمَرَهُ أنْ يَدعُوَ بِهؤلاءِ الكَلِماتِ:((اللهُمّ اغفِرْلي. وَارْحَمْني. وَاهدِني. وَعافِني وَارْزُقْني ))[٤٦٠]

**واتە: تاریقی ئەشجەعی دەفەرموێ: ئەگەر هەرکات پیاوێك موسڵمان بووایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێری نوێژی دەکردو پاشان فەرمانی پێدەکرد کە بەم ووشانە بپاڕێتەوە: خوایە لێمخۆش ببەو ڕەحمم پێبکەو ڕێنمایم بکەو بمپارێزەو ڕۆزیم بدە.**

١٢- عن جابر بن عبدالله (رضي الله عنهما) أنَّ رسولَ اللهِ (ﷺ) قالَ: (( إنَّ أفضلَ الدُّعاءِ الحَمْدُللهِ. وَأفضَلَ الذِّكرِ لا إلهَ إلاّ الله )).[٤٦١]

**واتە: باشترین پاڕانەوە (الحَمْدُ للهِ) کردنە و باشترین زیکر بریتییە لەوتنی (لا إلهَ إلاّ الله).**

١٣- **وە دەفەرموێت** (ﷺ): (( الباقياتُ الصّالِحاتُ: ( سُبحانَ اللهِ. الحَمْدُللهِ وَلا إلهَ إلاّ الله. وَاللهُ أكبرُ. وَلا حَوْلَ وَلا قُوّة إلاّ بِاللهِ ))[٤٦٢]

**واتە: ئەو چاکانەی کەدەمێنێتەوە[٤٦٣] بریتیە لە ووتنی: پاك و بێگەردی بۆ خوایەو ستایش بۆ خوایەو هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە(الله)و خوا گەورەیەو گۆڕان و هێزێك نییە مەگەر بەخوای گەورە.**

## پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن تەسبیحاتی دەکرد؟

**(٤٦٠)** مسلم ٤/٢٠٧٣ وفي رواية لمسلم: (( فإنّ هؤلاءِ تَجْمَعَ لَكَ دُنياكَ وَآخِرَتَكَ )) **واتە: ئەم شتانە (چاکەی) دنیاو قیامەتت بۆ کۆدەکاتەوە.**

(٤٦١) الترمذي ٥/٤٦٢ وابن ماجه ٢/١٢٤٩ والحاكم ١/٥٠٣ وصَحَّحَهُ وَوافَقَهُ الذّهبي وَانظُر صَحِيحَ الجامع ١/٣٦٢.

(٤٦٢) أحمد برقم (٥١٣) بترتيب أحمد شاكر وإسناده صحيح وانظر مجمع الزوائد ١/٢٩٧ وعزاه ابن حجر في بلوغ المرامِ مِن روايةِ أبي سَعيدِ إلى النّسائي وَ قالَ: صَحّحَهُ ابن حبّان وَالحاكم.

**(٤٦٣) خوای گەورە دەفەرموێت:** [ ... وَالباقياتُ الصّالِحاتُ خَيرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَواباً وخَيرٌ أملاً ] (سورة الكهف:٤٦).

عَن عَبْدُاللهِ بنِ عَمرو( رَضَيَ الله عَنهُما) قالَ: (( رَأيتُ النّبيّ(ﷺ) يَعقِدُ التَّسبيحَ بِيَمينهِ )).[٤٦٤]

**واتە: پێغەمبەری خوام(ﷺ) بینی بە دەستی ڕاستی تەسبیحاتی دەکرد.**

عن يسيرة الصحابية(رضى الله عَنها) (( أنّ النبَّيّ(ﷺ) أمرَهُنَّ أن يراعينَ التّسبيحَ وَالتَّقديسَ وَأن يَعقِدنَ بالأنامِلِ فإنَّهُنَّ مَسؤلاتٍ مُستَنطقاتٍ )).[٤٦٥]

**واتە: لە یەسیرەی ژنە صەحابەی بەڕێزەوە(ڕەزای خوای گەورەی لێبێ) ڕیوایەت کراوە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانی پێ کردون کە ئاگایان لە تەسبیحات و بە بەرزو پیرۆز ڕاگرتنی خوای گەورە بێت و بە(ئەنامیلەکانیان) ئەنجامی بدەن (کە بریتییە لەو ئاوساویانەی کە لەسەر سەری هەموو پەنجەیەك دا هەیە) چونکە لە ڕۆژی دواییدا پرسیاریان لێدەکرێت و دێنرێنە گۆو دەبنە شایەت.**

**سُبْحانَكَ أللّهُمّ وَبِحَمدِكَ أشهَدُ أنْ لآ إلهَ إلاّ أنتَ**
**أَسْتَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إلَيكَ**

[٤٦٤] أخرجه أبوداود بلفظهِ ٢/٨١(١٥٠٢) و صَحّحَهُ الألباني في صحيح الجامع (٤٩٨٩) والترمذي ٥/٥٢١ وانظر صحيح الجامع ٤/٢٧١ (٤٩٨٩).

[٤٦٥] رواه أبوداود(١٥٠١) والترمذي بإسنادٍ حَسَنٍ وَحَسَّنَهُ الألباني في صحي الجامع(٤٠٨٧).

﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴾

# بەشی

# دوعاچارە ﴿ الرقى ﴾

# لە

# قورئان سوننەتدا

## پێشەکی

## گرنگی چارە بە قورئان و سوننەت

إنَّ الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ ، وُنَسْتَعِينُهُ ، وُنَسْتَغْفِرُه ، وَنعُوذُ باللهِ مِنْ شرُورِ أنفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا ، مَن يَهْدِهِ الله فَلا مُضِلَّ لَه ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هادي لَه ، وَأشْهَدُ أنَّ لا إلهَ إلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَريكَ لَه ، وَأشْهَدُ أن مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسولُهُ صلى الله عَلَيْهِ وَعَلى آلهِ وَأصْحابِهِ وَمَنْ تَبَعَهُمْ بإحْسان إلي يَومِ الدِّين وَسَلم تَسْليماً كثيراً . أمَّا بَعْد :

**گومان لەوەدا نییە کە چارەسەر بەقورئانی پیرۆزو ئەوەی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ سابت بووە لە دووعاچارەکان (الرقى) بەچارەسەری بەسوودوو شیفای تەواو دروست دادەنرێت** ﴿ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدًى وَشِفَاءٌ﴾ فصلت:٤٤

**واتە : پێیان بڵێ ئەو قورئانە ڕێنمونیکارو شیفا بەخشە بۆ ئیمانداران.**

**وە دەفەرموێت :** ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴾ إسرا ٨٢ .

**واتە : قورئان دەنێرینە خوارەوە کە مایەی شیفاو ڕەحمەت و بەزەییە بۆ ئیمانداران .**

**پیتی ( مِنَ ) لێرەدا بۆڕونکردنەوەی جنسە واتە قورئان بەگشتی شیفا بەخش و چارەسەری دروست و تەواوی هەموو دەردەکانە . وەك بە ڕوونی لە ئایەتەکەی پێشودا دەردەکەوێت .**

**وە دەفەرموێت :**﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُمْ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ يونس: ٥٦.

**واتە: ئەی خەڵکینە لە لایەن خواوە پەندو ئامۆژگاریکارێکی گەورەتان بۆ هاتووە کە قورئانە ، وە شیفا و چارەسەرە بۆ سەرجەم ئەو دەردوو نەخۆشییانەی لە سینەدان ، وە هیدایەت و بەزەیشە بۆ ئیمانداران .**

**کەواتە قورئان چارەسەری تەواوی هەموو نەخۆشیەکانە ئیدی نەخۆشیەکان نەخۆشی دڵبن یان جەستە، دونیایی بن یان قیامەتی و دوارۆژی ، وە هەموو کەسیش شیاو یان سەرکەوتوو نابێت لە دوعا چارە بە قورئان ، هەرکات دەردەدار بەباشی چارەسەر و تیماری دەردەکەی بە قورئان کرد واتە: بەڕاستگۆیی و ئیمانەوە ، وە بە ڕازی بوونی تەواو باوەڕی بەهێزەوە لەگەڵ هاتنەدی مەرجەکانی هەرگیز نەخۆشی بەرگری لێ ناکات ، چۆن نەخۆشیەکان بەرگری لە وتەی پەروەردگاری ئەرز و ئاسمانەکان دەکەن ، ئەو قورئانەی گەر نازڵ بوایەتە سەر شاخەکان وردو خاشی دەکردن، یان بۆسەر زەوی شەق و دوو کەرتی دەکرد، هەر بۆیە هیچ دەردێك نیە لە دەردەکانی دڵ یان جەستە ئیلا قورئان ئاماژەی بە ڕێگە چارە و هۆکاری توش بونەکەشی کردووە.**

**زاتی** (الله) **لەقورئاندا باس لە دەردوو نەخۆشییەکانی دڵ و جەستە دەکات و ئاماژە بەچارەسەریشیان دەکات .**

**بەنیسبەت نەخۆشیەکانی دڵەوە کە دوو جۆرە** : دەردی (شك و گومان) وە (دەردی ئارەزوو لەڕێ لادان) ، **خوای کاربەجێ بەوردی باس لەم نەخۆشیانە دەکات و لەهەمان کاتدا ئاماژە بەهۆکاری توشبون و ڕێگەچارەشیان دەکات.**

**زاتی** (الله) **دەفەرموێت** ﴿أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَى عَلَيْهِمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَى لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ العنكبوت : ٥١.

واتە :( ئایا ئەوانەی داوای بەڵگەدەکەن ئەوەندە بەس نییە کەمن قورئانم بۆناردوویت و تۆش بەسەریاندا دەیخوێنیتەوە . بەڕاستی لە قورئاندا ئامۆژگاری و وەبیرهێنانەوە و ڕحمەتی خوای هەیە بۆ ئەوانەی ئیمان دهێنن ) .

ئیمام (ابن القم) دەفەرموێت:( ئەوەی قورئان شیفای نەدات هەرگیز خوا شیفای نەدات، وە ئەوەی قورئان تێرو تەواوی نەکات هەرگیز خوا تێرو تەواوی نەکات )[1]

**وە بەنیسبەت نەخۆشییەکانی جەستەوە:** بێگومان قورئان ڕێنمونی دەکات بۆ بنچینە و سەرچاوەو، کۆی چارەسەری ئەو نەخۆشییانە چونکە بە دڵنیاییەوە بنچینەکانی چارەسەری جەستان هەموو لە قورئانی مەزنەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەسێ خاڵدا بەدیار دەکەوێت: پاراستنی تەندروستی و، بەرگری لە ئازار و دەردەکان و،ڕزگارکردنی لە ئازار و مادە خراپ و زیانبەخشەکان پاش توشبون. پاشان کردن بەبەڵگەی هەریەك لەمانە بۆ پەیبردن و دۆزینەوەی چارەسەری تاکەکانی ئەم جۆرانە )[2].

گەر بەندە بەباشی و ڕێگەی شیاو تیماری دەردەکان بە قورئان بکات ، کاریگەری بەرچاو دەبینێت لەچارەسەری ڕاستەوخۆیی ئەو دەردانە .

ئیمامی (إبن القیم) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت : ( ماوەیەك لە مەککە مامەوە تێیدا نەخۆش کەوتم، نە دکتۆر نەدەرمانم بەدەست نەکەوت، بۆیە چارەسەری خۆمم بەسورەتی فاتیحە دەکردو، شوێنەواری سەیرم لێ دەبینی ، هەندێ ئاوی زەمزەمم دەهێناو چەندجار سورەتی فاتیحەم بەسەردا دەخوێند و پاشان دەم خواردەوە ، بەمە هەستم بە چاك بونەوەی تەواو دەکرد ، پاشان ئەم ڕێگەم بۆ زۆرێك لە ئازارو نەخۆشیەکان بەکار دەهێنا یەکجار سودم لێ دەبینی ، وە ئەم

---

[1] - زاد المعاد ٤ / ٣٥٢ .

[2] - زاد المعاد/ ٤ ٣٥٢ و ٤ / ٦ . زاد المعاد ٤ / ٣٥٢ .

**شێوە بەکارهێنانەم بەوانە دەوت کە ئازاریان هەبوو زۆربەیان بەزووی چاك دەبوونەوە )[٣].**

**وە هەروەها چارەسەر بەو دوعاچارانەی لە پێغەمبەری خواوە بە سابتی پێمان گەیشتووە بەسودترین چارەسەرە بۆدەردوو نە خۆشییەکان . وە دوعاو نزا گەر دور بێت لە ڕێگرەکان (الموانع) باشترین ڕێگایە بۆ بەرگری لە ئازار و ناخۆشیەکان و، گەیشتن بە موراِدو و خۆشیەکان ، وە دووژمنی بەلأیە بەرگری لێ دەکات و چارەسەریشی دەکات، وە ڕێ دەگرێت لە دابەزینی یان سوك و ئاسانی دەکات گەر دابەزی . بۆیە بێگومان دوعا باشترین چارەسەرە بە تایبەت لەگەڵ لالأنەوە و دوبارە کردنەوەی [٤].**

**پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت :** ( الدعاء ينفع مما نزل ومما لم ينزل فعليكم عباد الله بالدعاء)[٥]

**واتە : ( دوعا سود بەخشە بۆئەوەی دابەزیوە وە ئەوەشی دانەبەزیوە ، لە بەلأو ناخۆشییەکان بۆیە ئەی بەندەکانی خوا پەنا بۆ دوعا بەرن ).**

**وە دەفەرمێت:**( لا يرد القضاء إلا الدعاء ولا يزيد في العمر إلا البر ).[٦]

**واتە: ( تەنها دوعا قەزاو قەدەر دەگێڕێتەوە وە تەنها چاکە هۆکاری زیاد بونی تەمەنە ) .**

**بەلأم لێرەدا خالێك هەیە پێویستە ئاگاداری بین ئەویش ئەوەیە کە ئایەتەکانی قورئان و زیکرو دوعا کان و داوای پەنادان** (المعوذات) **کە بەکار دەهێرێن بۆ چارەسەر، وە دوعایان پێدەکرێت خۆیان لە خۆیاندا سود بەخش و شیفا بەخشن ،**

---

[٣] - زاد المعاد ٤ / ١٧٨ ، و الجواب الكافي : ص ٢١

[٤] - الجواب الكافي ص ٢٢- ٢٥ .

[٥] - الترمذي والحاكم وأحمد وحسنه الألباني . انظر صحيح الجامع ٣ / ١٥١ برقم ٣٤٠٣ .

[٦] - الحاكم والترمذي وحسنه الألباني . انظر : سلسلة الأحاديث الصحيحة ١ / ٧٦ برقم ١٥٤ .

**بەلاَم گیرا بونیان پێویستی بە توانا و کاریگەری ئەنجامدەرەکەیەتی ،بۆیە هەرکات شیفاو چارەسەر دواکەوت ئەوە بەهۆی لاوازی کاریگەری ئەنجامدەرەکەیەتی ، یان بە هۆی وەرنەگرتنی دووعا بۆ کراوەکە یە ، یان ڕێگرێکی بەهێزەوەیە تێیدا کە ڕێگرە لە کارای دوعاچارە لەسەر نە خۆشییەکە چونکە چارەسەر بە دووعا بە دووشت دەبێت :**

**یەکەمیان: لە لایەن نەخۆشەکەوە ، دووەمیان: لە لایەن چارە خوازەکەوە ئەو کەسەی دووعا دەکات.**

**لایەنی نەخۆشەکە پێویستی بەمانە هەیە: هێزی دەروونی ، ڕاستی ڕووکردنە خوای گەورە و ، باوەڕی تەواو بەوەی کە قورئان شیفا و ڕەحمەتە بۆ ئیماندران ، وە هانا بردنێکی دروست و بۆ خوا، پەیوەندەی دڵ و زوبانی، ئەمەش جۆرێکە لە جەنگان وە جەنگاوەریش سەرکەوتن بەسەر دو ژمنەکەیدا بەدەست ناهێنێ بە دووشت نەبێت :**

**یەکەمیان: دەبێت چەکەکەی لەخۆیدا چاك وکارا بێت ، وە مەچەك و بازوی بەهێز بێت ، هەر کات یەکێکیان وەك پێویست نەبوو چەك بە تەنها سودی بابێت ئەی ئەگەر هەردوو هۆکارەکەی بونیان نەبوو؟ بەوەی کە دڵەکە وێرانبێت لە یەکتاپەرەستی و تەوەکول و تەقوا و روکردنە خوا ، وە چەکیشی نەبێت .!**

**دووەمیان: لە لایەنی چارە خوازەوە بە قورئان وسوننە: ئەویش دیسانەوە دەبێت ئەو دووخاڵەی تێدا بێت[٧]، هەر بۆیە (ابن التین) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت : ( چارەسەر بە ( قل هو الله احد) و( قل اعوذ برب الناس) و( قل اعوذ برب الفلق) جگە ئەمانە لە ناوەکانی خوا ، بریتیە لە چارەسەری ڕۆحانی گەر لەسەر زاری چاکەکارانەوە بێت بە ویستی خوا چارەسەرو شیفا دێتە دی)[٨].**

---

[٧] - زاد المعاد ٤ / ٦٨ ، والجواب الكافي ص٢١ .

**وە زانایان یەکڕان کەدوعا چارە دروستە لەکاتی کۆبونەوەی ئەم سێ مەرجەدا :**

**١- دەبێت بە وتەی الله تعالی بێت یان بەناو و سیفەتەکانی یان بە وتەی پێغەمبەرکەی ﷺ بێت.**

**٢- دەبێت بە زمانی عەرەبی بێت یان بەوەی ماناکەی بزانرێت .**

**٣- بڕوای وابێت کە دوعا تەنها هۆکارێکە لە هۆکارەکانی چارەسەر وە خۆی بە تەنها کاریگەر نیە گەر ویست و قەدەری خودای لەگەڵ نەبێت[٩].**

**هەر لەبەر ئەم گرنگیە بوو کە بەشی دوعاچارەم لەم کتێبەدا (الذکر والدعاء والعلاج بالرقی من الکتاب والسنة) کورتکردەوە و چەند خاڵێکی بەکەڵکم بۆ زیادکرد تا بە ویستی خوا سودی زیاتری بێت بۆهەموان .**

**داوام لە خوای پەروەردگارە کە تەنها لەبەر ڕەزامەندی ئەو بێت، وە سود قازانج بەمن و سەرجەم خوێنەرانی بگەیەنێت ، یان ئەوەی چاپی دەکات یان هۆکارە لە بلاّو کردنەوەی وە سەرجەم موسوڵمانان انشاء الله. انه سبحانه ولی والقاء والقادر علیه.**

**وَصَلى اللهُ وَسَلَم وَبارَكَ عَلى نَبيِّنا مُحَمَّدٍ وَعَلى آلِهِ وَ أَصْحابِهِ**

---

[٨] - فتح الباري ١٠ / ١٩٦ .

[٩] - فتح الباري١٠ / ١٩٥ ، و فتاوى العلامة ابن باز ٢ / ٣٨٤ .

# چارەسەرەکان

## یەکەم : چارەسەری جادوو (سحر)

**چارەسەری جادوو دوو بەشە:**

**بەشی یەکەم: ئەوەی دەبێتە هۆی خۆپارێزی بەرلە توشبونی. لەوانە :**

١- **ئەنجامدانی هەموو فەرزەکان و، وازهێنان لە هەموو حەرامەکان و، تەوبە کردن و پەشیمانبونەوە لە هەموو تاوانەکان .**

٢- **زۆر خوێندنی قورئانی پیرۆز، بە جۆرێك ڕۆژانە پشکێکی دیاری کراوی لەخوێندنەوەی هەبێت .**

٣- **خۆ قایم و بەهێز کردن بە نزاو پاڕانەوەکان،وە خوێندنی** (المعوذتين) (الناس و الفلق) **،و زیکرە شەرعیەکان لەوانە:**

٤- **وتنی:** (بِسْمِ اللَّهِ الَّذِى لاَ يَضُرُّ مَعَ اسْمِهِ شَىْءٌ فِى الأَرْضِ وَلاَ فِى السَّمَاءِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ)،[10] **(٣جار) لە بەیانیان و ئێواراندا .**

**واتە: ( بەناوی ئەو خوایەی لەگەڵ ناوی ئەودا هیچ شتێك زیان ناگەیەنێت نە لە زەوی نە لە ئاسماندا، ئەو خوایەی بیسەر و زانایە).**

٥- **وە خوێندنی** (ئاية الكورسى) **پاش هەموو نوێژە فەرزەکان،وە لەکاتی نوستندا ،وە لە بەیانیان و ئێواراندا**[11] **.**

٦- **وە خوێندنی سورەتی:** (قل هو الله احد) و( قل اعوذ برب الناس) **و** ( قل اعوذ برب الفلق) **(٣جار) ،لە بەیانیان و ئێواران و لە کاتی نوستندا.**

---

(١٠) - الترمذي وأبو داود وابن ماجه وانظر صحيح ابن ماجه ٢ / ٣٣٢ .

(١١) - الحاكم وصححه ووافقه الذهبي ١ / ٥٦٢ وصحيح الترغيب والترهيب للألباني ١ / ٢٧٣ برقم ٦٥٨ .

٧- **وه وتنی:** (لا إله إلا الله وحدَهُ لا شَريكَ لَه لَه المُلكُ ولَه الحَمدُ وهُو عَلى كُل شيءٍ قَدير) **هەموو ڕۆژێ (١٠٠) جار**[١٢].

**واته : هیچ پەرەستراوێك بە هەق نیە جگە لە** (الله) **تەنها وتاکی بێ هاوتایە، موڵك و سوپاس هەر بۆ ئەوە و بەسەر هەمو شتێکدا بە توانایە .**

٨- **وه پارێزگاری لە زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران و ، زیکرەکانی پاش نوێژە فەرزەکان و ، زیکرەکانی نوستن و هەستان لە خەو، وە زیکرەکانی چونە دەرەوە لە ماڵ و گەڕانەوە،وە زیکری سوار بوون و چونە مزگەوت و هاتنە دەرەوە، وە زیکری چونە سەر ئاو و هاتنەە دەرەوە ، وە دوعا لەکاتی بینیی کەسانی توشهاتوو بە بەڵاو موسیبەتێکەوە. جگە لە مانەش کە ئاماژەم بە زۆرێکیان کردووە لە کتێبی (قەڵای موسوڵمان) دا بەپێی کات و شوێنەکان و حاڵەت و ڕووداوەکان . گومان لە وەدا نیە کە بەردەوامبوون لەسەریان بە ویستی خوای بەتوانا هۆکارێکە بۆ بەرگرتن لە توشبوونی سیحر و، چاو، جنۆکە . وە هەروەها لە بەهێزترینی چارەیە بۆ پاش توشبوون بەم دەردانەوە و نەخۆشیەکانی تریش**[١٣].

٩- **خواردنی حەوت دەنك خورما لەبەیانیاندا. گەر بکرێت بەسکی خاڵی بێت باشترە، وەك لە فەرمودەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە :** ((مَنْ اصْطَبَحَ بِسَبْعِ تَمَرَاتِ عَجْوَةٍ لَمْ يَضُرَّهُ ذَلِكَ الْيَوْمَ سَمٌّ وَلَا سِحْرٌ))[١٤].

**واته :(ئەوەی بەیانی بە خواردنی حەوت دەنك خورمای جۆری عەجوە بکاتەوە ئەو ڕۆژە نە ژەهر نەسیحر زیانی پێ ناگەیەنێت ). وە باشتر وایە خورمای مەدینە بێت کە لە نێوان دوو بەرزاییە بەردەلانەکەیدایە ، وەك لە**

---

[١٢] - البخاري ٤ / ٩٥ ، ومسلم ٤ / ٢٠٧١ .

(١٣) – بروانه : زاد المعاد ٤ / ١٢٦ ، ومجموع فتاوى لعلامة ابن باز ٣ / ٢٧٧ ، وة لاثةرةكانى دواترى ئةم كتيبَة .

[١٤] - البخاري مع الفتح ١٠ / ٢٤٧ ، ومسلم ٣ / ١٦١٨ .

ڕیوایەتی موسلیمدا هاتووە ، وە شێخی گەورەمان (عبدالعزیز بن باز) ڕەحمەتی خوای لێ بێت رای وایە کە خورمای مەدینە بەگشتی ئەم سیفەتەیان تێدایە ، وەك لە فەرموودەکەدا هاتووە ((من أكل سبع تمرات مما بين لابتيها حين يصبح)) تا کۆتایی فەرموودەکە.

وە هەروەها دەڵێت :ئەم فەرموودە هیوا چارەیە بۆ ئەوەی حەوت دەنك خورما بخوات با خورمای مەدینەش نەبێت .

## بەشی دووەم:چارە سەری سیحر پاش توشبوونی .

ئەویش چەند جۆرێکە :

**جۆری یەکەم** : پوچەڵکردنەوەی و دەرهێنانی گەر شوێنەکەی زانرا بە ڕێگە شەرعیە دروستەکان ، ئەمەش کاریگەرترین ڕێگەچارەیە بۆ چارەسەر کردنی سیحر لێکراو .[٢][(١٥)]

**جۆری دووەم** : بەکار هێنانی دوعاچارەی شەرعی. لەوانە [٣][(١٦)]:

أ- گوشینی حەوت گەڵا لە گەڵای سەوزی درەختی (سیدر) پاشان ڕژانی ئاو بەسەریدا بە ئەندازەی خۆ خۆشتنێ وە خوێندنی ئەم ئایەتانە بەسەریدا:

أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ

﴿ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ ﴾ البقرة:٢٥٥.

---

(١٥) زاد المعاد ٤ / ١٢٤ ، والبخاري مع الفتح ١٠ / ١٣٢ ، ومسلم ٤ / ١٩١٧ ، ومجموع فتاوى ابن باز ٣ / ٢٢٨.

(١٦) فتح الحق المبين في علاج الصرع والسحر والعين ص ١٣٨ .

**واتە: زاتی (الله) کەهیچ پەرستراوێك بەهەق نییە تەنها ئەو نەبێت ، هەمیشە زیندووی ڕاگری بونەوەر، نە خەوەنوچکە دەیگرێت نە خەو دەیباتەوە ، ئەوەی لە ئاسمان و زەویدایە هەمووی موڵکی ئەوە ، کێ هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا تکاکار و شیفاعەت کەر لای ئەو هەتا ئەو خۆی مۆڵەتی نەدا ؟ ئاگادارو زانایە بەوەی دیار و لە بەردەستە ، وە ئەوەشی نادیارو لە پاش سەریانەوەیە، دروستکراوەکانی پەی بە عیلم و زانیاری نابەن مەگەر خۆی ویستی لەسەر بێت و بیەوێت ئاگاداریان بکات، کورسی زاتی الله تەواوی ئاسمانەکان و زەوی داگرتووە، وە ڕاگری ئاسمانەکان و زەوی بۆ ئەو سەخت و گران نییە ، هەر ئەو بڵندو مەزن و گەورەیە).**

﴿ وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ * فَوَقَعَ الْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ * فَغُلِبُوا هُنَالِكَ وَانْقَلَبُوا صَاغِرِينَ * وَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ * قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ الْعَالَمِينَ * رَبِّ مُوسَى وَهَارُونَ ﴾ الاعراف:١١٧-١٢٢ .

**واتە : (وەحییمان ناردووە بۆ موسی**(علیه السلام) **کەتۆ داردەستەکەت بهاوێژە . ئەو کاتە هەرچی ئامرازی جادوی ئەوان بو هەڵیلوشی،وە ئەوکات هەق و ڕاسی دەرکوەت و کاری جادوکاری ئەوان پوچەڵبویەوە، هەر لەوێدا شکان و دۆڕان و بە سەرشۆڕی گەڕانەوە دواوە، وە جادوگەرەکانی فیرعەون گشت ئیمانیان هێنا و سوژدەیان بۆ زاتی الله برد وتیان: باوەڕمان بەپەروەردگاری جیهانیان هێنا، کە پەروەردگاری موساو هارونە.**

﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ ائْتُونِي بِكُلِّ سَاحِرٍ عَلِيمٍ * فَلَمَّا جَاءَ السَّحَرَةُ قَالَ لَهُمْ مُوسَى أَلْقُوا مَا أَنْتُمْ مُلْقُونَ * فَلَمَّا أَلْقَوْا قَالَ مُوسَى مَا جِئْتُمْ بِهِ السِّحْرُ إِنَّ اللَّهَ سَيُبْطِلُهُ إِنَّ اللَّهَ لَا يُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ * وَيُحِقُّ اللَّهُ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُجْرِمُونَ ﴾ یونس:٧٩-٨٢.

﴿ قَالُوا يَا مُوسَى إِمَّا أَنْ تُلْقِيَ وَإِمَّا أَنْ نَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَى * قَالَ بَلْ أَلْقُوا فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِنْ سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى * فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِ خِيفَةً مُوسَى * قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنْتَ الْأَعْلَى *وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوا إِنَّمَا صَنَعُوا كَيْدُ سَاحِرٍ وَلَا يُفْلِحُ السَّاحِرُ حَيْثُ أَتَى * فَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سُجَّدًا قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ هَارُونَ وَمُوسَى ﴾ سورة طه: ٦٥- ٧٠ .

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ قلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ (١) اللَّهُ الصَّمَدُ (٢) لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ (٣) وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ (٤)﴾

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ (١) مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ (٢) وَمِنْ شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ (٣) وَمِنْ شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ (٤) وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ (٥)]

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ (١) مَلِكِ النَّاسِ (٢) إِلَهِ النَّاسِ (٣) مِنْ شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ (٤) الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ (٥) مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ (٦)﴾

**پاش خوێندنی ئەم ئایەتانە بەسەر ئاوەکەدا سێ جار لێیی دەخواتەوە و بە ماوەکەی خۆی دەشوات بەویستی خوا بەم جۆرە لە نەخۆشییەکەی ڕزگاری دەبێت. گەر پێویستی بە دووبارە و سێ بارەکردنەوەکرد گرفت نابێت هەتا چاك دەبێتەوە ، وە زۆرجار ئەم ڕێگا چارە تاقیکراوەتەوە بە ویستی خوا سود بەخشبووە . وە هەروەها سود بەخشە بۆ ئەوە ی دادەخرێت لە خێزانی یانی توانای چونە لای نامێنێت .**

ب- **خوێندنی سورەتی (الفاتحة) و ( اية الكرسي ) ،وە دوو ئایەتی کۆتای سورەتی (البقرة)،وە سورەتی (إخلاص) ،وە هەر دوو سورەتی (الناس ) و (الفلق ). (٣جار) یان زیاتر لەگەڵ فووپیاکردن و ماڵینی ئازارەکە بە دەستی ڕاستی .**

ج- **خوێندنی (المعوذات) یانی سورەتی : ( الفلق و الناس ) و دوعاچارە و نزاگشتیەکان وەك :**

١. (أَسْأَلُ اللَّهَ الْعَظِيمَ رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ أَنْ يَشْفِيَكَ) **(٧ جار)** [١٧].

**واتە : (داوا ئەکەم لە خوای مەزن و پەروەردگاری عەرشی گەورە شیفات بدات) .**

٢. **نەخۆشەکە دەسەت دەخاتە سەر ئەو شوێنەی ئازاری هەیە لە جەستەیدا و دەڵێت :** ( بسم الله) **سێ جار** (أَعُوذُ بِعِزَّةِ اللَّهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ ) **( حەوت جار)** [١٨].

**واتە : پەنا بە قووەت وتوانای خوا دەگرم لە خراپەی ئەو ئازارەی هەستی پێدەکەم و خۆمی لێدەپارێزم .**

٣. ((اللَّهُمَّ رَبَّ النَّاسِ أَذْهِبْ الْبَاسَ وَاشْفِ أَنْتَ الشَّافِي لَا شِفَاءَ إِلَّا شِفَاؤُكَ شِفَاءً لَا يُغَادِرُ سَقَمًا))[١٩].

**واتە : ئەی خوایە پەروەدگاری بونەوەرو خەڵکی ، ئازارەکەی لابەرەو شیفای بدە، تەنها تۆ شیفا دەری ، چارەسەر نییە تەنها چارەسەری تۆ نە بێت،چارەسەرێك کە هیچ دەردێك بە جێ ناهێڵێت .**

٤. ((أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ)) [٢٠].

**واتە: پەنا بە ووتە تەواوەکانی زاتی (الله) دەگرم لە خراپەی دروست کراوەکانی .**

٥. ((أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّةِ مِنْ كُلِّ عَيْنٍ لامَّةٍ، وَمَنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ))[٢١].

---

[١٧] - الترمذي وأبو داود ٣ / ١٨٧ ، والترمذي ٢ / ٤١٠ وانظر صحيح الجامع ٥ / ١٨٠ و ٣٢٢ .

[١٨] - مسلم ٤ / ١٧٢٨ .

[١٩] البخاري مع الفتح ١٠ / ٢٠٦ ، ومسلم ٤ / ١٧٢١ .

[٢٠] مسلم ٤ / ٢٠٨٤

[٢١] البخاري مع الفتح ٦ / ٤٠٨ .

**واتە: پەنا بە ووتە تەواوەکانی زاتی (اللّٰه)دەگرم لە هەموو چاوێکی لۆمەکراو زیان بەخش - یان لە هەموو دەردوو نەخۆشییەك کە توشی ئادەمیزاد دەبێت - وە هەمووشەیتان و زیندەوەریکی زیانبەخش و ژەهراوی .**

٦. ((أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ غَضَبِهِ وَعِقَابِهِ وَشَرِّ عِبَادِهِ وَمِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ وَأَنْ يَحْضُرُونِ))[٢٢].

**واتە : پەنا بە ووتە تەواوەکانی زاتی (اللّٰه)دەگرم لە خەشم و سزای، وە خراپەی بەندەکانی، وە لە خەمزو شێتی شەیتانەکان وە فریودانیان لەکاتی سەرەمەرگدا.**

٧. (( أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ الَّتِي لا يُجَاوِزُهُنَّ بَرٌّ ، وَلا فَاجِرٌ مِنْ شَرِّ مَا يَنْزِلُ مِنَ السَّمَاءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا ، وَمِنْ شَرِّ مَا ذَرَأَ فِي الأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا ، وَمِنْ شَرِّ فِتَنِ اللَّيْلِ وَفِتَنِ النَّهَارِ ، وَمِنْ شَرِّ طَوَارِقِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ إِلا طَارِقًا يَطْرُقُ بِخَيْرٍ يَا رَحْمَانُ))[٢٣].

**واتە : پەنا بە ووتە تەواوەکانی زاتی (اللّٰه) دەگرم ،ئەو ووتانەی کە چاکەکارو خراپەکار ناتوانێت بیبەزینێت، لە خراپەی دروست کراوەکان ئەوەی دێت و دەڕوات، وە لە خراپەی ئەوەی لەئاسمانەوە دێتە خوارەوە،وە خراپەی ئەوەی بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە، وە خراپەی ئەوەی لە ژێر زەوی نراوە، وە خراپەی ئەوەی لێی دێتە دەرەوە، وە لە خراپەی فیتنەکانی شەو ڕۆژ ، وە لە خراپەی هەموو لێدەرێکی دەرگا کە بەشەو لە دەرگا دەدات، مەگەر لێدەرێك بەخێر لێبدات ئەی خوای بە بەزەیی.**

٨. ((اللَّهُمَّ رَبَّ السَّمَوَاتِ وَرَبَّ الأَرْضِ وَرَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ رَبَّنَا وَرَبَّ كُلِّ شَيْءٍ فَالِقَ الْحَبِّ وَالنَّوَى وَمُنْزِلَ التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ وَالْفُرْقَانِ أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ كُلِّ شَيْءٍ أَنْتَ آخِذٌ

---

[٢٢] أبو داود والترمذي ، وانظر صحيح الترمذي ٣ / ١٧١ .

[٢٣] مسند أحمد ٣ / ١١٩ بإسناد صحيح ، وابن السني برقم ٦٣٧ ، وانظر مجمع الزوائد ١٠ / ١٢٧ .

بِنَاصِيَتِهِ اللَّهُمَّ أَنْتَ الأَوَّلُ فَلَيْسَ قَبْلَكَ شَيْءٌ وَأَنْتَ الآخِرُ فَلَيْسَ بَعْدَكَ شَيْءٌ وَأَنْتَ الظَّاهِرُ فَلَيْسَ فَوْقَكَ شَيْءٌ وَأَنْتَ الْبَاطِنُ فَلَيْسَ دُونَكَ شَيْءٌ)) (٢٤).

**واتە : ئەی خوایە، پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکان و، پەروەردگاری عەرشی گەورە و پەروەردگاری هەموو بونەوەر، پەروەردگاری هەموو شتێك، لەتکەری تۆوی دانەوێڵەو ناوك، دابەزێنەری تەورات و ئینجیل و قورئان، پەنات پێدەگرم لە خراپەی هەموو شتێك کە ناوچەوانی بڕیاری بەدەست تۆیە، خوایە تۆ یەکەم مینی و کەس لە پێش تۆوە نیە، وە دواهەمینی وکەس لە دوای تۆوە نیە، تۆ بەدەستەڵاتی و باڵایت کەس لە سەروو تۆوە نی یە، تۆ پەنهانی و ئاگاداری شارەکاوەکانی جگە لە تۆ کەس جێنیازی بەندەکان نی یە.**

٩. ((بِاسْمِ اللَّهِ أَرْقِيكَ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِدٍ اللَّهُ يَشْفِيكَ بِاسْمِ اللَّهِ أَرْقِيكَ)) (٢٥).

**واتە : واتە بەناوی خواوە دوعاچارەت بۆ دەکەم لە هەموو شتێك کە ئازارت پێدەگەیەنێت، وە لە خراپەی هەموو دەرونێك یان چاوێکی حەسود، خوا شیفات بدات بەناوی خواوە دووعا چارەت بۆ دەگەم.**

١٠. ((اسْمِ اللَّهِ يُبْرِيكَ وَمِنْ كُلِّ دَاءٍ يَشْفِيكَ وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ وَشَرِّ كُلِّ ذِى عَيْنٍ)) (٢٦).

**واتە : بەناوی خواوە چاکت بکاتەوە، وە لە هەموو دەردێك شیفات بدات، وە لە خراپەی حەسود کە حەسودی دەبات ، و لە خراپەی هەموو چاو پیسێك .**

١١. ((بِسْمِ اللَّهِ أَرْقِيكَ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ مِنْ حَسَدِ حَاسِدٍ وَ مِنْ كُلِّ ذِى عَيْنٍ اللَّهِ يَشْفِيكَ)) (٢٧).

---

(٢٤) مسلم ٤ / ٢٠٨٤ .

(٢٥) مسلم عن أبي سعيد – رضي الله عنه – ٤ / ١٧١٨ .

(٢٦) مسلم عن عائشة – رضي الله عنها – ٤ / ١٧١٨ .

**واتە: بەناوی خواوە دووعا چارەت بۆ دەکەم  لە هەموو شتێك کە ئازارت بدات، لەحەسودی حەسود  لە هەموو چاوپیسێك خوا شیفات بدات .**

**ئەم پەناگرتنانە بە خوا و، نزا و پاڕانەوە و دوعا چارانە، بەکاردێن بۆ چارەسەری سیحر و چاو توشبوون بە جنۆکە و سەرجەم نەخۆخشیەکان، وە هەروەها ئەمانە دووعاچارەی گشتی و بەسودن بە ویستی خوای بالأدەست .**

**جۆری سێ یەم : خۆ ڕزگارکردن بە کەڵەشاخگرتن لەو جێیەی یان ئەو ئەندامەی شوێنەواری سیحرەکەی لێدەرکەوتووە_گەر شیاو بوو__ گەرنا ئەو شێوە چارەسەری پێشتر ئاماژەمان پێدا بەسە، لەگەڵ سوپاس و ستایش بۆخوای گەورە .**

**جۆری چوارەم : بەکارهێنانی دەرمانە سروشتیەکان. چەند دەرمانی سروشتی هەیە لە قورئانی پیرۆز وسوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ دا ئاماژەیان پێدراوە ، گەر ئینسان بە ڕاستگۆی و دڵنیایی و رووکردنە خواوە  بەکاریان  بێنێ، لەگەڵ  بونی باوەڕی کە سود و قازانج هەر لای  خوایە بەویستی خوای گەورە سودیان دەبێت، وە چەند دەرمانێکی تێکەڵ لە گژوگیا و شتی تر هەیە کە بەئەزمون و تاقیکدرنەوە دۆزراونەتەوە شەرع ڕێگرنییە  لە بەکارهێنانیان گەر حەرام نەبن .**

**لە چارەسەرە سروشتەیکان : هەنگوین ، ڕەشکە ، ئاوی زمزەم ، ئاوی ئاسمان ، وەك خوای گەورە  دەفەرموێت: ﴿ وَنَزَّلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً مُبَارَكًا ﴾ ق : ٩ .**

**واتە: لە ئاسمانەوە ئاوێکی موبارەك و بەفەڕمان باراندووە . وەزەیتون ، وەك پێغەمبەری خوا دەفەرموێت:**((كُلُوا الزَّيْتَ وَادَّهِنُوا بِهِ فَإِنَّهُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ))[٢٨].

**واتە: زەیتی زەیتون بخۆن و خۆتانی پێ چەور بکەن چونکە لە درەختێکی موبارەك و بەفەڕە . وە بە ئەزمون و واقیع و خوێندنەوە و بەکارهێنانی چاسپاوە کە زەیتی زەیتون باشترین زەیتە. وەهەروەها خۆشتن و خۆ خاوێنکردن و بۆنخۆشکردن لە چارەسەرە سروشتیەکانە**[٢٩]

# بەشی دووەم: چارەسەری ئیرەیی و بەدچاوی

(٢٧) سنن ابن ماجه عن عبادة بن الصامت رضي الله عنه ، وانظر صحيح ابن ماجه ٢ / ٢٦٨ .

(٢٨) - أحمد في المسند ٣ / ٤٩٧ ، والترمذي وابن ماجه ، وصححه الألباني في صحيح الترمذي ٢ / ١٦٦.

(٢٩) - بروانه كتيبي فتح الحق المبين في علاج الصرع والسحر والعين ص :١٤٠ ودواتر.

**چارەسەری بە چاوەبوو چەند بەشە**

**بەشی یەکەم** : **پێش بە چاوەبوون . ئەویش بە چەند ڕێگەیەك :**

١- **خۆپارێزی و پارێزگاری لەو شتانەی ترسی توشبونیان بە چاو لێدەکرێت بە ویردەکان و، نزاکان و، پەنا بردنە شەرعیەکان. وەك لە بەشی یەکەمی چارەسەی سیحردا باسکرا .**

٢- **دووعا کردنی ئەو کەسەی لە کاریگەری چاوی خۆی دەترسێت، گەر لە خۆی ماڵ و منداڵ وبراو کەس و خەڵکانی تر شتێکی بینی پێی سەرسام بوو با داوای بەرەکەتی بۆ بکات و بڵێ:** (ما شاء الله لا قوة الا بالله اللهم بارك عليه ) **وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت :** ((إِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مِنْ أَخِيهِ مَا يُعْجِبُهُ فَلْيَدْعُ لَهُ بِالْبَرَكَةِ))[٣٠] **واتە: گەرکەسێکتان لەبراکەی شتێکی سەرنج ڕاکێشی بینی با دووعای فەڕو بەرەکەتی بۆ بکات .**

٣- **شاردنەوەی چاکەکان و جوانیەکانی ئەوەی ترسی چاوی لێدەکرێت**[٣١] .

**بەشی دووەم** : **پاش بە چاوەبوون .کە چەند جۆرێکە :**

١- **گەر کەسی چاو کەر ناسرا دەستنوێژی پێدەگیرێت و پاشان بەچاوەبووە کە خۆی پێدەشوات .**

٢- **زۆر خوێندنی سورەتی :**(قل هوالله احد) **و** (الناس) **و** (الفلق)**، وە سورەتی** (فاتيحة)**و**( اية الكرسى) **و کۆتایی سورەتی** (البقرة)**، وە خوێندنی دوعاچارە شەرعیەکان لەگەڵ فوپیاکردن و ماڵینی شوێنی ئازارەکەی بەدەستی ڕاست. وەك لەبەشی دووەمی چارسەری سیحر بڕگەی (ج) لە خاڵی (١- ١١) هاتووە .**

---

[٣٠] - موطأ مالك ٢ / ٩٣٨ وابن ماجه ٢ / ١١٦٠ وأحمد ٤ / ٤٤٧ ، وانظر : صحيح ابن ماجه ٢ / ٢٦٥ . وانظر : زاد المعاد ٤ / ١٧٠ ، والصارم البتار في التصدي للسحرة والأشرار للشيخ وحيد عبد السلام ص ٢٢٩-٢٥٢ .

[٣١] - شرح السنة للبغوي ١٣ / ١١٦ وزاد المعاد ٤ / ١٧٣ .

٣- بەسەر ئاوێکدا دەخوێنێت، پاشان بەچاوەبووەکە لێیدەخواتەوە ، پاشان ئاوەکە دەکات بەسەریدا [٣٢] ، یان بەسەر زەیتی زەیتوندا دەخوێنێتً و شوێنی ئازارەکەی پێ چەور دەکات[٣٣] . گەر خوێندنکە بەسەر ئاوی زەمزەمدا بێت یان ئاوی باران باشترە.

٤- دەگونجێت چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز بنوسرێت بۆ کەسی نەخۆش و پاشان لەئاو بکرێت و بیخواتەوە ،و لەوانە سورەی (الفاتحة) و (آية الكرسى)،وە دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی (البقرة)، وە (قل هو الله) و (الفلق) و (الناس) وە سەرجەم دووعا چارەکان. وەك لە جۆری دووەمی عیلاجی سیحر برگەی: (ب و ج) ژمارە (١- ١١) هاتووە .

**بەشی سێیەم** :بە کارهێنانی ئەو هۆکارانەی چاوی حەسود دەگێڕنەوە ، وەك :

١- پەناگرتن بە خوا لە زیانی چاوی حەسود.

٢- تەقوای خوا و پاراستنی سنورەکانی بە گوێرایەڵی فرمانەکان و دەسبەرداری لە قەدەغەکراوەکانی (احفظ اله يحفظك)[٣٤] یانی سنورەکانی خوا بپارێزە دەتپارێزێت .

٣- دانبەخۆداگرتن و لێوبردەیی بەرامبەر بەکەسی حەسود. جەنگی لەگەڵ نەکات و گلەیی و گازندەی لێ نەکات، وە هەوڵی ئەزیەتدانی نەدات .

٤- پشت بەستن بە خوا، بێگومان ئەوەی پەنا بۆ خوا بەرێت و پشتی پێ ببەستێت زایەی ناکات.

---

[٣٢] - سنن أبي داود ٤ / ١٠ فعل ذلك صلى الله عليه وسلم لثابت بن قيس .

[٣٣] - مسند أحمد ٣ / ٤٩٧ ، وانظر سلسلة الأحاديث الصحيحة١ / ١٠٨ برقم ٣٧٩ .

[٣٤] - الترمذي ، وانظر صحيح الترمذي ٢ / ٣٠٩ .

٥- نەترسان لە چاوی حەسود و، خۆخەمبارنەکردن بەبیرکردنەوە، ئەمەش لە باشترین دەرمان و چارەسەرەکانە .

٦- ڕووکردنە خوای پاك و بێگەرد بە ئیخلاص و داوای ڕەزامەندی کردنی .

٧- تەوبە و پەشیمانی دەربڕین لە تاوانەکان ، چونکە تاوانەکان دوژمن بەسەر خاوەنەکەیاندا زاڵ دەکەن، ﴿وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ﴾ شورى: ٣٠ واتە: هەر بە بەلاٌیەك كە بەسەرتاندیٌت بە هۆی كردەی دەستی خۆتانە وە لە زۆریشی دەبورێت .

٨- بەخشین و چاکەکاری بە ئەندازەی توانا، بێ گومان ئەمەش کاریگەری سەیرو باشی هەیە لەگێڕانەوەی بەلاو نەهامەتیەکان و زیانی چاوی حەسود .

٩- کوژانەوەی گڕی کەسی حەسود و خراپە کارو ئازاردەر بە چاکە کردن بەرامبەری، بەوجۆرێك هەرکات خراپە و ئازار و دەست درێژی ئەو بەرامبەرت زیادی کرد تۆش چاکە و ئامۆژگاری و بەزەییەت بۆ ئەو لە بەرامبەردا زیاد بکات ، ئەمەش تەنها کەسانێك دەتوانێت ئەنجامی بدەن خاوەنی پلەو پایەی باڵابن لای خوا گەورە.

١٠-یەکلابونوە بە تەوحید و ئیخلاص بۆزاتی (الله)، پەروەدگاری جیهانیان و کاربەجێ، ئەو خوایەی کەهیچ شتێك زیان و قازانج ناگەیەنێت تەنها بەویست و مۆڵەتی ئەو نەبێت، وە هەرخۆی جڵەوی کارەکان و کۆکەرەوەی هۆکارو ئەنجامەکانە، چونکە تەوحید و یەکتاپەرەستی ئەو قەلاٌ مەزن و بەهێزەی خوای پەروەردگارە ئەوەی پەنای بۆ بەرێت لە پارێزراوان دەبێت بەویستی خوا .

## سێیەم : چارەسەری توشهاتوو بەجنۆکە

چارەی ئەو کەسەی کە جنۆکە دەچێتە لەشیەوە، یان توشی دەبێت و لە هۆش خۆی دەچێت دوو جۆرە:

**یەکەمیان** : **چارەسەر پێش توشبوون** :

خۆپاراستن بە : پارێزگاری لەسەرجەم فەرزو واجبەکان و دوورکەوتەوە لەسەرجەم حەرامەکان ، وە پەشیمانی لە هەموو گوناهەکان ،وە خۆپارێزی بە نزا ویردەکان و پەنا بردنە شەرعیەکان .

**دووەمیان** : **چارەسەر لەپاش توشبونی** .

ئەمەش بە خوێندنی قورئان و ویردەکان لەلایەن موسوڵمانێك کەدڵ و زوبانی پێکەوە جۆشبێت، وە بەدڵ ئاگای لە مانای ئەو دوعاچارە بێت کە دەیخوێنێت بۆ نەخۆشەکە.گەورەترین چارەسەریش خوێندنی سورەتی (الفاتحة)[٣٥] و ( اية الكرسي ) ،وە دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی (البقرة)،وە سورەتی (إخلاص) ،وە هەر دوو سورەتی (الناس ) و (الفلق ) لەگەڵ فووکردن بە لە هۆشخۆچووەکەدا، وە دوپاتکردنەوەی ئەمە (سێ جار)یان زیاتر، یان هەر ئایەتێکی تر لە قورئانی پیرۆز ، چونکە قورئان هەموو شیفایە بۆ دەردی دڵان، وە شیفا و هیدایەت و ڕەحمەتە بۆ ئیمانداران [٣٦].

وە دووعاچارەکان بۆ ئەم نەخۆشیە هەمان ووعاچارەی سیحرن کە لەبڕگەی (ب و ج) دا هاتووە.

ئەم چارەسەرەش کاتێ کارادەبێت کە دوو خاڵی تێدا بەدیهاتبێت .

---

[٣٥] - سنن أبي داود٤ / ١٣-١٤ ، وأحمد ٥ / ٢١٠ ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم ٢٠٢٨ .

[٣٦] - مسند الإمام أحمد ١٧ / ١٨٣ .

**یەکەم** :**لە لایەنی توشبووەوە** .بە بەهێزی دەروون و ڕاستگۆی لە ڕووکردنە خوا و، پەنابردن بەڕاستی بۆخوای بالآدەست ،لەگەڵ جۆشبون و هاوتابونی دڵ و زوبانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەم دووعایانە .

**دووەم** : **لە لایەنی چارەسەرکارەوە**. بە هەمان شێوە چونکە سیلاح بەهێزو بازووی بەکارهێنەریەتی.

گەر بانگ بەگوێی توشبوەکەدا بدات باشترە چونکە دەبێتە مایەی هەڵهاتنی شەیتان(٣٧) .

---

(٣٧) - البخاري برقم ٥٧٤ .

# چوارەم :چارەسەری نەخۆشییەی دەروونیەكان
## (الامراض النفسية)

**گەورەترین و باشترین چارە بۆ نەخۆشیەك درەوونیەكان و دڵتەنگی بە كورتی ئەمانەن:**

**١- بونی تەوحید لە بەندایەتی و هیدایەتی خوا بۆ بەندە . چۆنكە شیرك و گومڕایی لەگەورە ترین هۆكاری غەمۆكی و دڵتەنگیە.**

**٢- ڕوناكی ئیمانێكی ڕاست و ساغ كە خوا دەیخاتە دڵی بەندەوە لەگەڵ كردەوەی چاكە.**

**٣- عیلمێكی سود بەخش ، چونكە هەتا زانستی بەندە فراوان بێت سینە و دڵی كراوەتر دەبێت .**

**٤- پەشیمانی و گەڕانەوە لە تاوانەكان ، وە خۆشویستن و ڕوی دڵكردنە خواو، تام و چێژ بینین لە عیبادەتی .**

**٥- بەردەوامی زیكرو یادی خوا لە هەموو حاڵەت و جێیەكاندا .چونكە زیرو یادی خواكاریگەری سەیرو بەرچاوی هەیە لە بەخشینی خۆشی و شادی بەدڵان و ڕەواندنەوەی غەم و پەژارەكانی .**

**٦- چاكە كردن و ڕێزنواندن و سودگەیاندن بەخەڵكی بەئەندازەی توانا لەسەرجەم بوارەكاندا ،چونكە كەسی چاكەكار و بەڕێز هەردەم سینە فراوانتر و دەرەن گوشادتر و بەختەوەرترە .**

**٧- بوێری وئازایەتی چونكە كەسی ئازا سینە فراوان و دڵشادە.**

**٨- دەركردنی ئەو سیفەتە و خووە بەدانەی لە دڵدا دروست دەبن و دەبنە هۆی حەسرەت و دڵتەنگی خاوەنەكەی وەك : ئیرەیی ، ڕق و كینە ، غەش و خیانەت، چونكە پرسیاریان لە پێغەمبەری خواوە ﷺ كردووە لە بارەی**

باشترین کەسەوە ، فەرموویەتی : ((كُلُّ مَخْمُومِ الْقَلْبِ صَدُوقِ اللِّسَانِ)) [٣٨]
واتە"( هەموو کەسێکی دڵ مەخموم و زوبان ڕاست ) وتیان: زوبان ڕاست دەزانین ئەی" مخموم القلب" کێ یە ؟ فەرمووی : (( بریتی یە لە دڵێکی پارێزگاری پاك ، کە تاوانی داینەگرتبێت ، وە زوڵم و غەش و ئیرەیی تیانەبێت )) .

٩- وازهێنان لە زیادە سەیرکردن و قسەکردن و گوێگرتن و خەو و خواردن ، چونکە وازهێنان لە زیادەڕەوی لەمانەدا هۆکاری سینە فراوانی و دڵشادی و ڕەوانەوەی غەم و پەژارەکانە .

١٠- سەرقاڵبون بە کارێك لەکارەکان یان زانستێك لە زانستە بەسوودەکان ، چونکە دە بێتە مایەی نەمانی دڵە ڕاوکێی و قەلەق لە دڵەکاندا .

١١- گرنگیدان بەفەرمان و ئەرکەکانی ئەمڕۆ و بایەخ نەدان بەوەی کە لە داهاتوودا دێتە پێشەوە ، وە خەفەت نەخواردن بۆ کاتی ڕابردوو ، چونکە بەندەی خوا پێویستە هەوڵ بۆ شتانێك بدات کە سوود و بەرژەوەندی دونیا و دواڕۆژی تێدا بێت ، وەداوای بەجێهاتنی مەرامەکان و هاوکاری بۆکارەکانی هەر لەخودای باڵادەست بکات ، ئەمەش دەبێتە مایەی بەهێزی دڵەکان لەبەرامبەر غەم و پەژارەکاندا .

١٢- سەیرکردنی کەسانێك کە لە نازو نیعمەتە خواییەکاندا لە خوار خۆتەوەن ، وەچاونەبڕینە کەسانێك کە لە ماڵ و شوێنەوارەکانی و لەشساغی و پاشکۆکانیدا لە سەروتۆوەن .

١٣- لەبیرکردنی ئەو گرفت و نارخۆشییانەی لەڕابردوودا بەسەریدا هاتون و ناتوناێت لێیان دەرباز بێت، بە هیچ شێوەیەك بیریان لێنەکاتەوە.

---

[٣٨] - أخرجه ابن ماجه برقم ٤٢١٦ ، وانظر صحيح ابن ماجه ٢ / ٤١١ .

١٤-گەر نەهامەتییەك ڕوی لە بەندە کرد با هەو لَی سوککردنی بدات لەسەر دەرونی، ئەویش بە لەپێشچاو گرتنی خراپترینی ئەگەرەکانی ئەو نەهامەتییە، وە بە ئەندازەی تونان هەوڵی لێدەربازبوونی بدات .

١٥-بە هێزی دڵ و ڕانەچڵەکینی و وەلاّمنەدانەوەی ئەوخەیاڵ وگومانانەی بە هۆی خراپی بیر کردنەوە دروست دەبن، وە تورە نەبوون ، ئەگەر دانەنان بۆ بچڕانی خۆشیەکان و سەر هەڵدانی نەهامەتییەکان، بەڵکە بە حاڵ و باڵی بە خوا بسپێریێت ،لەگەڵ ئەنجامدانی هۆکارە سود بەخشەکان و داوای پارێزراوی و رەحمتت لە خوای گەورە .

١٦-پەیوەستبونی دڵ بە خوا ،وە پەنا پێگرتن وگومانی باشبردن بە زاتی موبارەکی، چونکە کەسی پشبەستە بەخوا گومان و غەمەکان کاری تێ ناکەن .

١٧-کەسی ژیر دەزانێت کە خۆشی ژیان و دروستی بەندە بە بەختەوەری و ئارامی دڵە وە،وە ئەو ژیانەش زۆر کورتە ، بۆیە شیاو نییە بە هۆی گومان و غەمە لێڵەکانەوە کورتتر بکرێتەوە .

١٨-گەر توشی ناخۆشیەك بوو با بەراوردی بکات لەگەڵ ئەو نیعەمەت و چاکە دینی و دونیایانەی پێی بەخشراوە لە بەرامبەر ئەو ناخۆشییانەی ڕووی لێکردووە، ئەو کات گەورەیی و مەزنی ئەو نیعمەتانەی بۆ ئاشکرا دەبێت کە تێیدا دەژی ، وە بەهەمان شێوە بەراوردبکات لە نێوان ئەو زیانەی دەترسێت توشی بێت لەگەڵ ئەو ئەگەرە زۆرانەی بۆ ڕزگار بوون و سەلامەتی لە پێشیەتی ، ئیدی بواری سەرکەوتنی ئەگەرە لاوازەکە بەسەر ئەگەرە زۆر بەهێزە کاندا نامێنێت ، بەمەش ترس و غەمی دەرەوێتەوە و نامێنێت .

١٩-بزانێت کە ئازاری خەڵکی زیانی پێناگەیەنێت ، بەتایبەت لە ووتە خراپ و ناشیرینەکان، بەڵکە لە راستیدا زیان بە خاوەنەکانیان دەگەیەنن، بۆیە

پێویست ناکات بیری پێوە سەر قاڵ بکات هەتا نەبنە مایەی دلگرانی و غەمباری بۆی .

٢٠- هزرو بیرکردنەوە بۆ شتانێك بەکار بێنێت کە سود و قازانجی لەبەر ژەوەندی دین و دونیایدا بێت .

٢١- با بەندە داوای سوپاس پێزانین نەکات لە بەرامبەر چاکەیەك کە ئەنجامی دەدات تەنها لە خوا نەبێت، وە بزانێت ئەو چاکانەی ئەنجامی دەدات مامەڵەیەکە لەگەڵ خوادا و ئیدی چاوەڕێی سوپاسی بەرامبەر نەکات ﴿إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنْكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا﴾ الانسان:٩. یانی: ئێمە لە پێناو رەزامەندی خوادا خواردنتا دەدەینێ ، بۆیە پێویستمان بەسوپاس و پێزانینی ئێوە نییە . وە مامەڵە کردن لە گەڵ ماڵ و منداڵدا بەم هەستە پێویسترە.

٢٢- هەردەم کردەوە باش و بەسودەکان لە پێشچاو بگرێت وکار بۆ بەجێهێنانیان بکات و، رو لە کردە بەدوو خراپ و زیان بەخشەکان وەرگێڕێت، وە بیری پێیانەوە قاڵنەکات .

٢٣- یەکلاکردنەوەی ئەو ئەرك و کارانەی ئێستە لەبەردەستدایە ،وە ئامادەکاری بۆ داهاتوو، هەتا بە هێزو توانی بیرو بازوو ڕووبەڕووی ئەرکەکانی داهاتوو بێتەوە .

٢٤- لەکارە باش و زانستە بەسودەکان باشترین وگرنگترینیان هەڵبژێردرێت، بەتایبەت ئەوانەی زیاتر ئارەزومەندیەتی، وە بۆ ئەمەش داوای کۆمەك و یارمەتی لە خوا بکات و، پاشان ڕاوێژی لەسەر بکات گەر بەرژەوەندەی تێیدا بینیەوە و بڕیاری لەسەردا با پشت بە خوا ببسەتێت بۆ ئەنجامدانی.

٢٥- باسکردنی نیعمەتە پەنهان و ئاشکراکانی زاتی الله بەسەر بەندەوە. چونکە هەست کردن بەو نیعمەتانە و باسکردنیان زاتی الله دەیکاتە مایەی

**ڕەواندنەوەی غەم وپەژارەکان و هاندانی بەندە لەسەر حەمدوو سوپاس گوزاری کردن .**

٢٦-**مامەڵە کردن لەگەڵ خێزان و هاوەڵان و هەموو ئەوانەی پەیوەندیت لەگەڵیان هەیە لەکاتێکدا هەڵەو کەم و کورپییەکیان لێدەبینیت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو چاکانەی هەیانە و،بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتر. بە تێبینی کردنی ئەم هەستە هاوەڵایەتی بەردەوام دەبێت و دڵەکان فراوان وشاد دەبن .**( لاَ يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا رَضِىَ مِنْهَا آخَرَ )[٣٩] **واتە: با هیچ پیاوێکی ئیماندار پشت لە خێزانەکەی نەکات چونکە گەر لە ئاکارێکی زویر بێت لە ئاکارەکانی تری ڕازی دەبێت.**

٢٧-**دووعا و پاڕانەوە لە خوا بۆ باشکردنی هەموو حاڵ و کارو بارەکانی، لە گەورەترینی ئەو دوعایانەش:** (( اللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِى دِينِىَ الَّذِى هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِى وَأَصْلِحْ لِى دُنْيَاىَ الَّتِى فِيهَا مَعَاشِى وَأَصْلِحْ لِى آخِرَتِى الَّتِى فِيهَا مَعَادِى وَاجْعَلِ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِى فِى كُلِّ خَيْرٍ وَاجْعَلِ الْمَوْتَ رَاحَةً لِى مِنْ كُلِّ شَرٍّ))[٤٠].

**واتە: ئەی خوایە دینم چاك و پارێزراو بکەی کە مایەی پاراستنی کارەکانمە، وە دوونیام کە ژیانمی پێوە بەندە، وە دوارۆژم کە جێگەی گەڕانەوەمە، وە ژیانم بۆ بکەرە مایەی زیاد کردنی هەموو خێرەکان ،وە مردنم بکە مایەی ڕزگار بوون لە هەموو خراپەیەك .**

وە هەروەها : ((اللَّهُمَّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو فَلاَ تَكِلْنِى إِلَى نَفْسِى طَرْفَةَ عَيْنٍ وَأَصْلِحْ لِى شَأْنِى كُلَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ))[٤١].

---

(٣٩) - مسلم ٢ / ١٠٩١ .

(٤٠) - مسلم ٤ / ٢٠٨٧ .

(٤١) - أبو داود ٤ / ٣٢٤ ، وأحمد ٥ / ٤٢ .

**واتە: ئەی خوایە هیوام ڕەحم و بەزەییتە ، بۆیە بە ئەندازەی چاو لێکنانێت مەمدەرە دەست نەفسم، وە هەموو کارەکانم بۆ ساز و چاك بكە ، هیچ پەرەستراوێك بە هەق نیە تەنها تۆ نەبیت .**

٢٨. **جەنگ و جیهاد لە پێناوی خوادا وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:**
((جَاهِدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَإِنَّ الْجِهَادَ بَابٌ مِنْ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ عَظِيمٌ يُنَجِّي اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى بِهِ مِنْ الْهَمِّ وَالْغَمِّ)) [٤٢]. **واتە: جیهاد بکەن لە پێناوی خودا چونکە جیهادکردن دەرگایەکە لە دەرگاکانی بەهەشت ، زاتی الله تعالی دەیکاتە مایەی ڕەواندنەوەی غەم و پەژارەی دڵەکان .**

**ئەم ڕێگەو هۆکارانە ڕێگە چارەی بەسودن بۆنەخۆشیە دەرونیەکان، وەباشترین چارەسەری قەلەقی و دڵەڕاوکێین ، بۆ ئەوانەی تێیدەفکرن و بە ئیخلاص و ڕاستگۆی کاری پێدەگەن، وهەندێك لە زانایان چارەسەری زۆرێك حاڵەت و نەخۆشیە دەروونیەکانیان بەم ڕێگانە کردووە خوای گەورە بە هۆیانەوە سودی گەورەی پێگەیاندوون .**

[٤٢] - أحمد ٥ / ٣١٤٠ ، والحاكم وصححه و وافقه الذهبي ٢ / ٧٥ .

# بەشی پێنجەم: چارەسەری زام و برین

پێغەمبەری خوا ﷺ گەرکەسێك ئازاری هەبوایە یان برین و زامێکی پێوە بوایە پەنجەی بەم شێوەیە لێدەکرد ، سوفیان پەنجەی شایەتومانی دەخستە زەویەوە و پاشان بەرزی دەکردەوە و دەیوت :

« بِاسْمِ اللَّهِ تُرْبَةُ أَرْضِنَا بِرِيقَةِ بَعْضِنَا لِيُشْفَى بِهِ سَقِيمُنَا بِإِذْنِ رَبِّنَا »(٤٣). واتە :

( بەناوی خوا خۆڵی زەویەکەمان ، بەلیکی هەندێکمان ، شیفای دەردەدارانمان دەدات ، بەویستی پەروەردگارمان ) .

واتای فەرموودەکە :لیکی دەمی بە پەنجەی شایەتومان هەڵدەگرێت و پاشان دەیخاتە سەرخۆڵەکە تا هەندێ خۆڵی پێوە دەنوسێ پاشان جێگە برینەکە یان دەردەکەی پێ دەماڵێت و لەو کاتەدا ئەو ووتانە دەڵێت(٤٤) .

# شەشەم: چارەسەری بەڵا و موصیبەت

١) ﴿ مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ * لِكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴾ الحديد:٢٢_٢٣ .

واتە : هیچ بەڵایەکتان بەسەر نایەت نە لە زەویدا نە لە فسی خۆتان مەگەر پێش ئەوەی بەدیبێنێت لە (لوح المحفوظ) دا تۆمارمان کردووە بەڕاستی ئەوەش بۆ خوا شتێکی ئاسانە .

(٤٣) – البخاري مع الفتح ١٠ / ٢٠٦ ، ومسلم ٤ / ١٧٢٤ برقم٢١٩٤.

(٤٤) – انظرشرح النووي على صحيح مسلم ١٤ / ١٨٤ وفتح الباري١٠ / ٢٠٨ و زاد المعاد ٤ / ١٨٦-١٨٧ .

٢) ﴿ مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَمَنْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴾ التغابن: ١١.

**واتە: هەرچی بەڵاو و موسیبەتێك دێت بەسەرتانا هەموو بە ویستی و ئیرادەی خوای کارزانە، ئەوەی ئیمان بە خوا بێنێت ڕێنمونی و هیدایەتی دڵی دەکات ، وئارامی پێدەبەخشێت و خواش بە هەموو شتەکان زانا و ئاگادارە .**

٣) ((مَا مِنْ عَبْدٍ تُصِيبُهُ مُصِيبَةٌ فَيَقُولُ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ اللَّهُمَّ أْجُرْنِي فِي مُصِيبَتِي وَأَخْلِفْ لِي خَيْرًا مِنْهَا إِلاَّ أَجَرَهُ اللَّهُ فِي مُصِيبَتِهِ وَأَخْلَفَ لَهُ خَيْرًا مِنْهَا))[٤٥]

**واتە هەربەندەیەك بەلایەکی توشبێت و بڵێت :** (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ) **ئێمە لە لایەن خواوەین و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە ، ئەی خوایە پاداشتی کارەساتەکەم بدەرەوە ،و بە باشتر لە وە جێگەیم بۆ پڕ بکەرەوە .ئیلا خوای گەورە پاداشتی موسیبەتەکەی دەداتەوە، وە بە باشتر لەوەی لە دەستی چووە بۆی قەرەبو دەکاتەوە .**

٤) ((إذا مات ولد العبد قال الله لملائكته : قبضتم ولد عبدي ؟ فيقولون نعم ، فيقول : قبضتم ثمرة فؤاده ؟ فيقولون : نعم ، فيقول : ماذا قال عبدي ؟ فيقولون :حمدك واسترجع ، فيقول الله : ابنوا لعبدي بيتا في الجنة وسموه بيت الحمد))[٤٦].

**واتە : کاتێك منداڵی بەندەیەك دەمرێت خوا بەفریشتەکان دەفەرموێت: گیانی منداڵی بەندەکەمتان کێشا دەڵێن : بەڵێ .دەفەرموێت: بەندەکەم چی وت : دەڵێن: سوپاسی کردی و وتی:** (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ) **زاتی الله دەفەرموێت" لەبەهەشتاماڵێك بۆ بەندەکەم دروست بکەن و ناوی لێ بنێن ماڵی سوپاسگوزاری .**

[٤٥] – مسلم ٢ / ٦٣٣ .

[٤٦] – الترمذي ، وانظر : صحيح الترمذي ١ / ٢٩٨ .

٥) **خوای گەورە دەفەرمویت:**(يَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى مَا لِعَبْدِي الْمُؤْمِنِ عِنْدِي جَزَاءٌ إِذَا قَبَضْتُ صَفِيَّهُ مِنْ أَهْلِ الدُّنْيَا ثُمَّ احْتَسَبَهُ إِلَّا الْجَنَّةُ) (٤٧).

**واتە : بەندەی ئیماندرام هیچ پاداشتێکی لای من نیە لە کاتێکدا گیانی خۆشەویست و هەڵبژاردەکەی لە خەڵکی دونیا دەکێشم تەنها بەهەشت نەبێت .**

٦) **پێغەمبەری خوا ﷺ بە پیاوێکی وت : کە منداڵەکەی مردبوو:** (أَلا تُحِبُّ أَنْ لَا تَأْتِيَ بَابًا مِنْ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ إِلَّا وَجَدْتَهُ يَنْتَظِرُكَ) (٤٨).

**واتە : ئایا پێت خۆش نیە کە ڕوو لەهەر دەرگایەك لە دەرگاکانی بەهەشت بکەیت ئیلا بینیت لەوێ چاوەڕێت بکات .**

٧) **خوای گەورە دەفەرمویت:** (إِذَا ابْتَلَيْتُ عَبْدِي بِحَبِيبَتَيْهِ فَصَبَرَ عَوَّضْتُهُ مِنْهُمَا الْجَنَّةَ يُرِيدُ عَيْنَيْهِ)(٤٩).

**واتە: گەر بەندەکەم تاقیکردەوە بە لێسەندنەوەی چاوەکانی ، ئەویش لەبەرامبەردا ئارامگربوو ئەوە چاوەکانی بە بەهەشت بۆ قەرە بوو دەکەمەوە .**

٨) (ما مِنْ مُسْلِمٍ يُصِيبُهُ أَذًى مَرَضٌ فَمَا سِوَاهُ إِلَّا حَطَّ اللَّهُ لَهُ سَيِّئَاتِهِ كَمَا تَحُطُّ الشَّجَرَةُ وَرَقَهَا)(٥٠).

**واتە :هیچ موسوڵمانێك توشی ئازارێك نابێت لە نەخۆشی یان هەر شتێك ئیلا خوای گەورە بە هۆیەوە گوناهەکانی هەڵدەوەرێنێت وەك چۆن درەخت گەڵاکانی هەڵدەوەرێنێ .**

٩) (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُشَاكُ شَوْكَةً فَمَا فَوْقَهَا إِلاَّ كُتِبَتْ لَهُ بِهَا دَرَجَةٌوَمُحِيَتْ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةٌ) ٥١

(٤٧) - البخاري مع الفتح ١١ / ٢٤٢ .

(٤٨) - أحمد والنسائي وسنده . على شرط الصحيح وصححه الحاكم وابن حبان وانظر فتح الباري ١١ / ٢٤٣ .

(٤٩) - البخاري مع الفتح ١٠ / ١١٦ وما بين المعكوفين من سنن الترمذي انظر صحيح الترمذي ٢ / ٢٨٦ .

(٥٠) - البخاري مع الفتح ١٠ / ١٢٠ ومسلم ٤ / ١٩٩١ .

**واتە : هەر موسوڵمانێك دڕکێکی پیادا بچێت یان لەوە زیاتر ، ئیللا بە هۆیەوە پلەیەکی لە چاکە بۆ دەنوسرێت و خراپەیەکی لێ دەسڕێتەوە .**

١٠)(مَا يُصِيبُ الْمُؤْمِنَ مِنْ وَصَبٍ وَلاَ نَصَبٍ وَلاَ سَقَمٍ وَلاَ حَزَنٍ حَتَّى الْهَمِّ يُهَمُّهُ إِلاَّ كُفِّرَ بِهِ مِنْ سَيِّئَاتِهِ )[٥٢] .

**واتە: ئیماندار توشی ئازار و ماندوو بوون و نەخۆشی و پەژارەی نابێت و تەنانەت ئەو غەمەشی دەیخوات ئیلا دەبێتە مایەی سڕینەوەی گوناهەکانی .**

١١) (إِنَّ عِظَمَ الْجَزَاءِ مَعَ عِظَمِ الْبَلاَءِ وَإِنَّ اللَّهَ إِذَا أَحَبَّ قَوْمًا ابْتَلاَهُمْ فَمَنْ رَضِيَ فَلَهُ الرِّضَا وَمَنْ سَخِطَ فَلَهُ السَّخَطُ )[٥٣].

**واتە : بێگومان گەورەیی پاداشت لەگەڵ گەورەیی تاقیکردنەوەدایە وە خوای گەورە خەڵکێکی خۆشبوێت تاقیان دەکاتەوە ئەوەی ڕازی بوو ڕەزامەندی بۆی هەیە ئەوەشی تورە و ناڕازی بێت تورەبوونی بۆ هەیە .**

١٢) (فَمَا يَبْرَحُ الْبَلاَءُ بِالْعَبْدِ حَتَّى يَتْرُكَهُ يَمْشِي عَلَى الْأَرْضِ مَا عَلَيْهِ خَطِيئَةٌ)[٥٤].

**واتە : بەردەوام بەلاو و ناخۆشی ڕوو لە بەند دەکات هەتا ئەوکاتەی لە کۆڵیدەبێتەوە بەسەر زەویدا دەڕوات هیچ گوناهی بەسەرەوە نەماوە .**

---

[٥٢] - مسلم ٤ / ١٩٩٣ .

[٥٣] - الترمذي وابن ماجه وانظر صحيح الترمذي ٢ / ٢٨٦ .

[٥٤] - الترمذي وابن ماجه وانظر صحيح الترمذي ٢ / ٢٨٦ .

# حەوتەم : چارەسەری غەمۆکی و دڵتەنگی (الهم والحزن)

١. **هیچ بەندەیەك تووشی خەم وپەژارەیەك نابێت و بڵێت:** (اللَّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ وَابْنُ عَبْدِكَ وَابْنُ أَمَتِكَ نَاصِيَتِي بِيَدِكَ مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ أَوْ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي وَنُورَ صَدْرِي وَجِلَاءَ حُزْنِي وَذَهَابَ هَمِّي)(٥٥).

**ئیللا خوای گەورە غەم و پەژارەکەی دەرەوێنێتەوە و بۆ یدەگۆڕێت بە دڵخۆشی و ئاسودەیی.**

**واتە : ئەی خوایە من بەندەی تۆم و کوڕی بەندەکەتم ، کوڕی کۆیلەکەتم ، ناوچەوانم بەدەست تۆیە ، فرمان و بڕیارت بەسەرمدا جێ بەجێیە ، بڕیاردانت بەسەرمدا دادپەروەرانەیە ، داوات لێدەکەم بە هەموو ئەو ناوانەی کە هی تۆیە ، خۆتت پێ ناوناوە یان لە کتێبەکەتدا ناردووتە خوارەوە، یان فێری یەکێك لە دروستکراوەکانت کردووە ، یان لە عیلمی غەیبدا لا یخۆت هێشتوتەوە و تەنها خۆت دەیزانی ئەی خوایە قورئان بکەیتە بەهاری دڵ و ڕوناکی سینەم ، وەڕەوێنەرەوەی غەم و پەژارە و دڵتەنگیم .**

٢. **وتنی :** (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ وَالْعَجْزِ وَالْكَسَلِ وَالْبُخْلِ وَالْجُبْنِ وَضَلَعِ الدَّيْنِ وَغَلَبَةِ الرِّجَالِ)(٥٦).

**واتە: ئەی خوایە من پەنا بە تۆ دەگرم لە خەم وپەژارە ، وەلە دەستەوسان و بوون و تەمبەڵی و ترسنۆکی، وە لە کەڵەکەبونی قەرزو قۆڵە و بون بەژێر باری قەرزارییەوە ، وە لە زاڵبونی دوژمنان .**

---

(٥٥) - أحمد ١ / ٣٩١ وصححه الألباني .

(٥٦) - البخاري ٧ / ١٥٨ كان الرسول – صلى الله عليه وسلم – يكثر من هذا الدعاء ، انظر البخاري مع الفتح ١١ / ١٧٣ .

# هەشتەم: چارەسەری بارگرانی و پەژارەی

**بەوتنی :**

١). ( لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ الْعَظِيمُ الْحَلِيمُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ السَّمَوَاتِ وَرَبُّ الْأَرْضِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ)(٥٧).

**واتە : هیچ پەرەستراوێك بەهەق نیە جگە لە زاتی الله كە گەورە و مەزن و بە حیلم و ئارامە ، هیچ پەرەستراوێك بەهەق نیە جگە لەپەروەردگاری خاوەنی عەرشی گەورە هیچ پەرەستراوێك بەهەق نیە جگە لە پەروەردگاری خاوەنی ئاسمانەكان و زەوی پەروەردگاری عەرشی زۆر بەڕێز .**

٢). ( اللَّهُمَّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو فَلاَ تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ وَأَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ)(٥٨).

**واتە : ئەی خوایە هیوام ڕەحم و سۆزی تۆیە، بۆیە هەرگیز بەئەندازەی چاو لێكنانێك مەمدەرە دەست نەفسم، وە هەموو كارو بارەكانم بۆ چاك سازبكە، هیچ پەرەستراوێك بەهەق نیە جگە لەتۆ .**

٣). ( لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنْ الظَّالِمِينَ)(٥٩).

**واتە :واتە هیچ پەرەستراوێك بەهەق نیە جگە لە تۆ، پاك و بێگەردی هەر بۆ تۆیە، بەڕاستی من لەستەمكارانم كە ستەمم لە خۆم كردووە .**

٤). (اللَّهُ اللَّهُ رَبِّي لاَ أُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا)(٦٠).

**واتە : الله الله یە پەروەردگارم هیچ هاوبەشێكی بۆ بڕیار نادەم .**

---

(٥٧) - البخاري ٧ / ١٥٤ ومسلم ٤ / ٢٠٩٢ .

(٥٨) - أبو داود ٤ / ٣٢٤ وأحمد ٥ / ٤٢ وحسنة الألباني وعبد القادر الأرنؤوط .

(٥٩) - الترمذي ٥ / ٥٢٩ والحاكم وصححه ووافقه الذهبي ١ / ٥٠٥ وانظر صحيح الترمذي ٣ / ١٦٨ . **ئەمە نزاو پاڕانەوەی یونس پێغەمبەر**(عليه السّلام) **بوو كە لە سكی حوتەكەدا كردی، هیچ موسڵمانێك نییە كە بیڵێ ئیللا وەڵام دەدرێتەوە.**

(٦٠) - أخرجه أبو داود ٢ / ٨٧ وانظر صحيح ابن ماجه ٢ / ٣٣٥ وانظر صحيح الترمذي ٤ / ١٩٦ .

## نۆیەم : دوعاچارەی نەخۆش بۆ خۆی

**نەخۆشەكە دەسەت دەخاتە سەر ئەو شوێنەی ئازاری هەیە لە جەستەیدا و سێ جار دەڵێت:** ( بسم الله )، **وە حەوت جار دەڵێت:** (أَعُوذُ بِعِزَّةِ اللَّهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ )[٦١].

**واتە : پەنا بە قووەت وتوانای زاتی الله دەگرم لە خراپەی ئەو ئازارەی هەستی پێدەكەم و خۆمی لێدەپارێزم .**

## دەیەم:دوعا چارە بۆ نەخۆش لە كاتی سەردانیدا

(( مَا مِنْ عَبْدٍ مُسْلِمٍ يَعُودُ مَرِيضًا لَمْ يَحْضُرْ أَجَلُهُ فَيَقُولُ سَبْعَ مَرَّاتٍ أَسْأَلُ اللَّهَ الْعَظِيمَ رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ أَنْ يَشْفِيَكَ إِلَّا عُوفِيَ ))[٦٢].

**واتە : هەر بەندەیەكی موسوڵمان سەردانی نەخۆشێك بكات نەگەشتبێتە گیانەلاَ حەوت جار بڵێ: داوا كارم لە خوای مەزن، پەروەردگاری عەرشی گەورە شیفات بدات ئیلا چاك دەبێتەوە .**

## یانزەیەم: چارەسەری دڵە ڕاوكێ و داچڵەكین لە خەو

**بڵێ :** ((أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ غَضَبِهِ وَعِقَابِهِ وَشَرِّ عِبَادِهِ وَمِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ وَأَنْ يَحْضُرُونِ))[٦٣].

**واتە: پەنا بە ووتە تەواوەكانی زاتی (الله) دەگرم لە خەشم و سزای ، وە خراپەی بەندەكانی، وە لە خەمزو شێتی شەیتانەكان، وە فریودانیان لەكاتی سەرەمەرگدا.**

---

[٦١] – مسلم ٤ / ١٧٢٨ .

[٦٢] – أخرجه الترمذي وأبو داود وانظر صحيح الترمذي ٢ / ٢١٠ وصحيح الجامع ٥ / ١٨٠ .

[٦٣] –أبو داود والترمذي ، وانظر صحيح الترمذي ٣ / ١٧١ .

## دوانزەیەم :چارەسەری ( تـــا )

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویت:((الْحُمَّى مِنْ فَيْحِ جَهَنَّمَ فَابْرُدُوهَا بِالْمَاءِ))[٦٤].

واتە :تا هەناسەو هالاوی جەهەننەمە بە ئاو ساردی بکەنەوە .

## سیانزەیەم: چارەسەری گەزین و پێوەدان

١- خوێندنی سورەتی (فاتیحە) لەگەڵ کۆکردنەوەی تفی ناودەم و پاشان کردنە سەر شوێنی گەزراو یان پێوەدراوە .

٢- بە ئاو شوێنی گەزراو یان پێوەدراو دەماڵێت لەگەڵ خوێندنی سورەتی: (الکافرون ) و(الفلق ) و (الناس) بەسەریدا.

## چواردەیەم : چارەسەری تورەبوون

ئەویش بە دوو ڕێگە دەبێت :

**ڕێگای یەکەم**: خۆپارێزی ئەمەش بە دوور کەوتنەوە لە هۆکارەکانی تورەبوون دێتەدی، وەك هۆکارەکانی: خۆ بەگەورە زانین، خۆپەسەندی، شانازی کردن، زیادە ڕەوی نەشیاو، گاڵتە و گەپی بێ هۆ... هاوشێوەی ئەمانە .

**ڕێگای دووەم** : چارەسەر لە کاتی تورە بووندا

ئەمەش بە ئەنجامدانی ئەم چوار خاڵە :

١- پەنا گرتن بە خوا لە شەیتانی نەفرەت لێکراو بەوتنی: (أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ)

٢- دەست نوێژ هەڵگرتن .

٣- گۆڕینی ئەو حاڵەی پێشتر کەسی تورە بوو تێیدا بووە بە دانیشتن یان ڕاکشان یان جێهێشتنی ئەو شوێنە، یان قسە نەکردن ، یان هەر بارێکی تر.

---

[٦٤] البخاري مع الفتح ١٠ / ١٧٤ ومسلم ٤ / ١٧٣٣ .

٤- وەبیرخۆ هێنانەوەی ئەو دەقانەی لە قورئان وسوننەتدا لەبارەی پاداشتی ڕقخواردنەوە ، یان سەر ئەنجامی توڕە بوونەوە هاتووە لە سەر شۆڕی و زەلیلی و نابوتی.

# پانزەیەم: چارەسەر بەڕەشکە (حبة السوداء)

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویێت: ((إِنَّ فِي الْحَبَّةِ السَّوْدَاءِ شِفَاءً مِنْ كُلِّ دَاءٍ إِلاَّ السَّامَ))[٦٥].

واتە : بێ گومان لە ڕەشکەدا چارە سەر و شیفا هەیە بۆ هەموو دەردەکان جگە لە سام. ئیبن و شیهاب دەڵێت : سام :واتە مردن.

وە لە ڕەشکەدا سودو و قازانجی زۆری هەیە فەرموودەکە دەفەرموێت: (چارەسەرە بۆ هەموو دەردەکان ). ئەمەش وەك ئەو فەرمودەی خوایە کە دەفەرموێت :( تدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِأَمْرِ رَبِّهَا) احقاف:٢٥. کەواتە لێرەدا مەبەست بە (هەمودەردەکان) لە فەرمودەکەدا ئەودەردانەیە کە شایەنی چارەسەرن[٦٦].

# شانزەیەم : چارەسەر بە هەنگوین

١- خوای گەورە لە بارەی هەنگەوە کە سورەتێکی لە قورئاندا بەناوەوە ناوە دەفەرموێت: ﴿يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾النحل:٦٩ .

واتە : لەناو سکیان گیراوەیەك دەردەچێت کە ڕەنگەکانی جیاوازە شیفای تێدایە بۆ خەڵکی ،بێ گومان لەمەدا بەڵگەی ڕوون هەیە بۆ کەسانێك بیر دەکەنەوە.

---

(٦٥) – البخاري مع الفتح ١٠ / ١٤٣ ، ومسلم ١٧٣٥ .

(٦٦) – زاد المعاد ٤ / ٢٩٧ ،

٢- **وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:**( الشِّفَاءُ فِي ثَلاَثَةٍ فِي شَرْطَةِ مِحْجَمٍ أَوْ شَرْبَةِ عَسَلٍ أَوْ كَيَّةٍ بِنَارٍ وَأَنَا أَنْهَى أُمَّتِي عَنْ الْكَيِّ)(٦٧).

**واتە: شیفا لە سێ شتدایە: خواردنەوەی هەنگوین ، یان بڕین بە مەبەستی کەڵەشاخگرتن ،یان داخکردن بە ئاگر، وەمن ڕێگری دەکەم لە داخکردن .**

# حەڤدەیەم: چارەسەر بە ئاوی زەمزەم

١)- **پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی ئاوی زەمزەمەوە دەفەرموێت:** (إِنَّهَا مُبَارَكَةٌ إِنَّهَا طَعَامُ طُعْمٍ وَشِفَاءُ سُقْمٍ)(٦٨).

**واتە ئاوێکی بە فەڕو موبارەکە خۆراکی خواردنە یانی ئەوەی دەیخواتەوە تێریدەکات وەك خواردن، وە شیفای دەردەکانە .**

**وە جابر لە پێغەمبەری خواوەﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:** ( مَاءُ زَمْزَمَ لِمَا شُرِبَ لَهُ)(٦٩). **واتە: ئاوی زەمزەم بۆ ئەو نیاز و مورادەیەکە بۆی دەخورێتەوە .**

٢)- **وە پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوی زەمزەمی لە چەرم و گۆزەدا هەڵدەگرت و دەیکرد بەسەر نەخۆشەکاندا وە دەرخواردی ئەدان**(٧٠).

**ئیمام (ابن القیم) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت : (من و ئەو کەسانەی تریش بە تاقیکردنەوە بۆمان دەرکەوتووە کە ئاوی زەمزەم بە مەبەستی چارەسەر بەکارهێنانی شوێنەواری سەرسوڕهێنەر و کاریگەری هەیە، وە بۆ چارەسەری چەند نەخۆشیەك بەکارمهێناوە بە ویستی خوا چاك بوومەتەوە)** (٧١).

---

(٦٧) – البخاري مع الفتح ١٠ / ١٣٧ ، وانظر فوائد العسل في زاد المعاد ٤ / ٥٠ –٦٢ .

(٦٨) – مسلم ٤ / ١٩٢٢. وغيره .

(٦٩) – أخرجه ابن ماجه وغيره ، وانظر : صحيح ابن ماجه ٢ / ١٨٣ ، وإرواء الغليل ٤ / ٣٢٠ .

(٧٠) – الترمذي والبيهقي ٥ / ٢٠٢ ، وانظر صحيح الترمذي ١ / ٢٨٤ ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة للألباني ٢ / ٥٧٢ برقم ٨٨٣ ، وزاد المعاد ٤ / ٣٩٢ .

(٧١) - زاد المعاد ٤ / ٣٩٣ و ١٧٨.

# هەژدەیەم : چارەسەری دەردو نەخۆشیەکانی دڵ

**دڵەکان سێ جۆرن:**

**یەکەم** : دڵێکی ساغ و دروست : ئەویش ئەو دڵەیە کە بەندە لە ڕۆژی قیامەتدا ڕزگاری نابێت گەر بەم دڵەوە نەچێتەوە لای زاتی الله وەك دەفەرموێت:﴿يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ * إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾الشعراء:٨٨-٨٩.

واتە :ڕۆژێکە ماڵ و منداڵ وسود و قازانج ناگەیەنن ئیلا ئەوە نەبێت کە بەدڵێکی ساغەوە دەچێتەوە لای خوا .

دڵی ساغیش ئەو دڵەیە کە ڕزگاری بوبێت لە هەموو ئارەزوویەك (الشهوات) پێچەوانەی فرمان و قەدەغە کراوەکانی خوا بێت، وە هەموو گومانێك (الشبهات) پێچەوانەی هەواڵ و دەقەشەرعییەکان بێت. وەڕزگار بووبێ لە پەرەستش و بەندایەتی بۆ غەیری خوا ، وە لە شوێنکەوتەی و گەڕانەوە بۆلای غەیری پێغەمبەری خوا ﷺ ، وە بەشێوەیەکی گشتی دڵی ساغ و تەواو ئەو دڵەیە کە جێگای شیرکی بۆ خوا تێدا نەبێت لە هەمور ڕووەکانەوە ، بەڵکو بەندایەتی ساغ ودروستی بە تەنها بۆ خوا تێدابێت لە: ویست وخۆشەویستی و پشت بەستن و گەڕانەوە و ترسان و هیوا و نیازی خوا بوون لە کارەکان ، بەجۆرێك خۆشەویستی تەنها لەبەر زاتی الله دەبێت، وەڕق و تووڕە بوونی هەر لەبەر زاتی الله دەبێت .

وە بەخشینی هەر لەبەر خوایە، وە دەستگرتنەوەشی هەر بۆ ڕازی خوایە ، هەموو ویست و نیازی هەر لەبەر خوایە، وە خۆشەویستی هەموو هەر بۆ خوایە، وە موراد ونیازی هەر بۆ ئەوە، وە لاشەی بۆ ئەوە، وەکارو فرمانی هەر بۆ ئەوە. وە نوستن و هەستانی هەر بۆ ئەوە، وە گفتوگۆ لەگەڵ کردنی یان گوفتگۆ کردن لەبارەی خواوە خۆشتر و بەتامترە بەلایەوە لە هەموو قسەو گفتوگۆیەك. وە بیرکردنەوەکانی لە

خولیای ڕەزامەندی ئەو دەسوڕێتەوە، وە لە بازنەی خۆشویستراوەکانی ئەودان[٧٢].

دواکار و خوازیاری ئەو جۆرەدڵەین لە زاتی الله.

**دووەم** : دڵێکی مردوو: ئەم جۆرەیان پێچەوانەی یەکەمە .ئەوەش ئەو دڵەیە کە خوای خۆی نانسێت، وە نایپەرەستێت، بە گوێڕایەڵی بۆ فرمانەکانی و ئەنجامدانی ئەوەی ئەو پێیخۆشەو ڕازی لەسەرە، بەڵکو ئەو لەگەڵ خۆشی و ئارەزووەکانی خۆیەتی گەر بێتە مایەی خەشم و توڕەیی پەروەردگاریشی، وە بەندایەتی و پەرستنی بۆ غەیری خوایە لە : خۆشەویستی و ترس و هیوا و ڕەزامەندی و ڕقلێبوون و بە گەورە و مەزن کردن و سەربۆنەویکردن . وە توڕە بوون و خۆشویستنی لە پێناو ئارەزووەکانیدایە، وە بەخشین و دەستگرتنەوەی بۆ نەفس ئارەزوویەتی.هەربۆیە ئارەزوو لە پێشیەتی، وە حەزوو شەهوەتی پێشەنگیەتی، وە نەزانین جڵەوکێشیەتی، وە بێ ئاگای سوار بونیەتی[٧٣]. پەنادەگرین بە خوا لەم جۆرە دڵە .

**سێ یەم** : دڵێکی نەخۆش: ئەو دڵەیە کە دەژیێت بەڵام بە نەخۆشیەوە. دوو ماددەی تێدایەی ساتێك کۆمەك ویارمەتین بۆ ئەمیان وساتەکەی تر بۆ ئەوی تریان، هەتا سەرەنجام مانەوە بۆ ئەوەیانە کە سەردەکەوێت بەسەریدا .خۆشەویستی ئیمان بە خوابوون وئیخلاص و پشت بەستن بە خوای تێدایە کە ئەمەش ماددەی ژیانەوەیەتی، وە خۆشەویستی ئارەزووەکان و سوربوو لەسەر بەدەست هێنانیان ، وە ئیرەیی و خۆ بەگەورە زانین و خۆپەسەندی و نیفاق و ڕییا و ڕژدی وبەخیلی تێدایە، وەهەروەها حەزی پەلە و پایە و خراپەکاری لە

---

(٧٢) – انظر : إغاثة اللهفان ١ / ٧–٧٣ .

(٧٣) – انظر : إغاثة اللهفان ١ / ٩ .

**سەرزەوی بە بونی دەسەلاَت تێدایە .ئەمەش ماددەی تیاچوون و پەك خستنیەتی**[٧٤] .

**وە بێگومان قورئانی پیرۆز چارەسەری دڵ لە سەرجەم نەخۆشیەکانی لە خۆی گرتووە و ئاماژەی پێداوە . خوای گەورە دەفەرموێت:**﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُمْ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾. **واتە: ئەی خەڵکینە لە لایەن خواوە پەندو ئامۆژگاریکارێکی گەورەتان بۆ هاتووە کە قورئانە ،وە شیفا و چارەسەرە بۆ سەرجەم ئەو دەردوو نەخۆشییانەی لە سینەدان،وە هیدایەت و بەزەیشە بۆ ئیمانداران .**

**وە دەفەرموێت :** ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴾**.واتە : قورئان دەنێرینە خوارەە کە مایەی شیفاو رەحمەت و بەزەییە بۆ ئیمانداران .**

# نەخۆشیەکانی دڵ دوو جۆرە :

**جۆری یەکەم** : **خاوەنەکەی ڕاستەوخۆ هەست بەئازاری ناکات . ئەویش نەخۆشی نەزانی و دوودڵی و گومانەکانە** (الجهل والشك والشبهات) **ئەمەش گەورە ترینی ئەو دوو جۆرەیە لەڕوی ئازارەوە. بەلاَم بە هۆی خراپی دڵەکەوە هەستی پێ ناکرێت .**

**جۆری دووەم** : **نەخۆشیەکی بە ئازار. واتە راستەوخۆ ئازار بە خاوەنەکەی دەگەیەنێت وەك : دڵتەنگی و غەم و خەفەت و پەژارەی و توڕەیی . ئەم نەخۆشیە هەندێ جار بەدرەمانی سروشتی چارەسەر دەبێت ئەویش بەنەمانی هۆکارەکانی ،وە شتانێکی تریش**[٧٥] .

(٧٤) – انظر : إغاثة اللهفان ١ / ٩ .

(٧٥) – انظر : إغاثة اللهفان ١ / ٤٤ .

**وە چارەسەری دڵیش لە نەخۆشیەکانی بە چوار ڕێگە دەبێت** :

**یەکەم** : بە قورئانی پیرۆز، چونکە قورئان شیفای دڵەکانە لەشك و گومان ، وە پاککەرەوەی دڵەکانە لە شیرك و پیسی کوفر و نەخۆشییەکانی گومان وئارەزوو . وە هیدایەت وڕوناکیە بۆ ئەوەی هەقی ناسیوەو کاری پێکدرووە ،وە ڕەحمەتە بۆ ئیمانداران بۆ ئەو خێر و پاداشتەی بە هۆیەوە توشیان دەبێت لە دونیادا یان لە قییامەتدا ﴿ أَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِنْهَا ﴾الانعام :١٢٢

واتە : ئایا ئەوانەی مردبوون ئێمە زیندوومان کردوونەتەوە، وە ڕوناکیەکمان پێ بەخشیون تا بە هۆیەوە ڕێگە بکەن لەناو خەڵکیدا وەك ئەوانەوان لە نێو تاریکیدان و لێی دەرناچن .

**دووەم**: دڵ پێویستی بە سێ شت هەیە :

أ- ئەوەی توانا و هێزی دەپارێزێت. ئەوەش بە ئیمان و کردەوە چاکەکان ، و ئەنجامدانی بەندایەتی و بە جێهێنانی ئەرك و واجبەکانی سەرشانی دێتەدی.

ب- پارێزکاری لە زیانەکان. ئەویش بەدوورکەوتنەوە لە سەرجەم تاوانەکان وهەموو جۆرە سەر پێچیەکان دێتە دی.

ت- دوورخستنەوە و پاککردنەوەی لەسەرجەم ماددە ئازار بەخشەکان. ئەویش بە تەوبەکردن و داوای لێخۆشبوون لە خوا.

**سێ یەم** :چارەسەری نەخۆشی دڵ بە هۆی زاڵبونی نەفس و ئارەزوو بەسەریدا. دوو چارەسەری هەیە : ئەویش لێپرسینەوە و پێچەوانە بونەوەیەتی .

لێپرسینەوەشی دووجۆرە:

أ- جۆرێکیان پێش کردار. **ئەویش چوار** ئەگەری هەیە:

١) ئایا ئەو کارە لە توانایدایە ؟.

٢) ئایا ئەو کارە کردنی باشترە لە نەکردنی؟.

٣) ئایا ئەو کارە مەبەست پێی ڕەزامەندی خوایە ؟.

٤) ئایا ئەو کارە کۆمەك ویارمەتی دەکرێت بۆ ئەنجامدانی؟ گەر کارەکە پێویستی بە یارمەتیدەر هەبوو.گەر وەڵامی بۆ ئەم پرسیارانە هەبوو با هەنگاوی بۆ بنێت، گەرنا وازی لیٚ بێنێت .

ب- جۆرەکەی تری لە پاشکردار. ئەویش سیٚ جۆرە :

١) سەرزەنشتکردنی نەفسی لەسەر ئەو فرمانانەی کەمتەرخەمی تێدا کردوون لە مافی خوای پەروەردگار، یان وەك پێویست ئەنجامی نەداون. مافەکانی خوای گەورە وەك : ئیخلاص و ئامۆژگاری و شوێنکەوتن و دەرکەوتنی شوێنەواری چاکەکاری و شوێنەواری فەزڵ و منەتی خوا بە سەریەوە ، وە هەستکردن بەکەمتەرخەمی لە پاش هەمووئەمانە .

٢) سەر زەنشت کردنی نەفسی لەسەر هەموو ئەو کارانەی نەکردنی باشتر بووە بۆی لە کردنی .

٣) سەرزەنشت کردنی نەفسی لەسەر نەکردنی کارێکی ڕێگەپێدراو (المباح) یان کارێك کەبەردەوام بووە لەسەری، ئایا مەبەستی بەم نەکردنە ڕەزامەندی خواو ڕۆژی دوای بووە هەتا بە هۆیەوە سودمەند بێت؟. یان مەبەست پێی دونیا بووە ؟.

بەگشتی ئەمانە ئەوەدەگەیەنن کەپێویستە سەرزەنشتی نەفسی خۆی بکات. یەکەم لەسەر واجبەکان پاشان تەواو یان بکات گەر کەمو کوڕیان تێدابوو، پاشان سەرزەنشتی نەفسی خۆی بکات لەسەر حەرامەکان، گەرزانی شتێکی لەوحەرامانە ئەنجامداوە بافریای خۆی بکەوێت بەتەوبە لێکردن و داوای لێخۆشبوون، وە لەسەر ئەوەی ئەندامەکانی جەستەی ئەنجامیانداوە،یان لەسەر غافڵبون و بیٚ ئاگابونی[٧٦] .

---

[٧٦] - إغاثة اللهفان ١ / ١٣٦ .

**چوارەم: چارەسەری نەخۆشی دڵ لە زاڵبوونی شەیتان بەسەریدا.**

**شەیتان دووژمنی ئاشکرای ئادەمیزادە، ڕزگاربوون لێی بەوەدەبێت کەخوای گەورە دیاری کردوە ئەوەش پەناگرتنە بەخوا لەخراپەی بەوتنی:**(أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ). **وە پێغەمبەری خوا ﷺ پەنای بەخوا گرتووە لەشەڕو خراپەی نەفس و شەیتان بۆیە دەفەرموێت بە ئەبوبەکربلێ:** (قُلِ اللَّهُمَّ فَاطِرَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ رَبَّ كُلِّ شَيْءٍ وَمَلِيكَهُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي وَمِنْ شَرِّ الشَّيْطَانِ وَشِرْكِهِ وَأَنْ أَقْتَرِفَ عَلَى نَفْسِي سُوءًا أَوْ أَجُرَّهُ إِلَى مُسْلِمٍ». قَالَ:« قُلْهَا إِذَا أَصْبَحْتَ وَإِذَا أَمْسَيْتَ وَإِذَا أَخَذْتَ مَضْجَعَكَ)[٧٧].

**واتە : بڵێ ئەی خوایە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی زانا و ئاگادار بە پەناهان وئاشکرا و، پەروەردگاری خاوەنی هەموو شت، شاهیدی ئەدەم کە هیچ پەرەستراوێك بەهەق نیە جگە لە تۆ، پەنات پێدەگرم لە شەڕی نەفسم، وە لە شەڕی شەیتان و شیرك و هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا ،کەخراپەیەك بەسەر نەفسی خۆم بهێنم یان بیئالێنم لە مسوڵمانێکەوە.فەرموی: ئەمانە بڵێ کاتێك ئێوارەت کردەوە یان بەیانی یان چویتە سەرجێگەی نوستن.**

**وە بوونی ئیخلاص لە دڵداو پەناگرتن بەخوا و پشت بەستن پێی بەرگری لە زاڵبوون و دەسەلاتی شەیتان دەکات بەسەر ئادەمیزاددا.**

وَصَلى اللهُ وَسَلَّم عَلى عَبْده وَرَسوله مُحَمَّدٍ وَعَلى آلهِ وَأَصْحابِهِ أَجْمَعين
وِمَنِ تبَّعَهُمْ بإحْسانٍ إلى يَومِ الدِّينِ

[٧٧] – الترمذي وأبو داود ، وانظر : صحيح الترمذي ٣ / ١٤٢ . وانظر : إغاثة اللهفان ١ / ١٤٥– ١٦٢ .

﴿ و إذا سألَكَ عِبادي عَنّي فإنّي قَريبٌ أُجيبُ دَعوةَ الدّاعِي إذا دَعانِ ﴾

# بەشی

# نزانامە
# لە
# قورئان و سوننە

# ﴿ نــزانامە لە قورئان و سوننەتدا ﴾

﴿رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنْفُسَنَا وَإِنْ لَمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴾ الأعراف: ٢٣ .

**واتە:( پەروەردگاریمە ستەممان لەخۆمان كرد، گەر لێمان نەبوری وبەزەیت پێماندا نەیەتەوە بێ گومان لە خەسارۆمەندان دەبین ).**

﴿ رَبِّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْأَلَكَ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ وَإِلَّا تَغْفِرْ لِي وَتَرْحَمْنِي أَكُنْ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ هود: ٤٧ .

**واتە:( پەروەركارم پەناتپێدەگرم كەداوای شتێكت لێبكەم زانیاریم لەبارەیەوە نە بێت ، وە گەر تۆ بە لوتف و بەزەی خۆت لەگەڵم نەكەیت لەخەسارۆمەندان دەبم ).**

﴿رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِمَنْ دَخَلَ بَيْتِيَ مُؤْمِنًا وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ﴾ نوح:٢٨ .

**واتە:( پەروەركارم لەمن و دایك وباوكم خۆشببە ، وە لەو ئیماندارانەی دێنەماڵم و سەرجەم پیاوان و ئافرەتانی ئیماندارخۆشببە).**

﴿ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنْتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ وَتُبْ عَلَيْنَا إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ﴾ البقرة: ١٢٧ ، ١٢٨ .

**واتە: ( پەروەردگاریمە ئەم كارەمان لێ وەربگرە بەڕاستی هەر تۆی بیسەر و زانا، وەلێمان خۆشبەو پەشیمانیمان لێ قبوڵ بفەرموو چونكە بەڕاستی هەرتۆی لێبوردە و بە بەزەی).**

﴿ رَبِّ اجْعَلْنِي مُقِيمَ الصَّلَاةِ وَمِنْ ذُرِّيَّتِي رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَاءِ ﴾ إبراهيم: ٤٠ .

**واتە: ( پەروەركارم من و نەوەكانم لەوانە بگێڕە كە بەدروستی و تەواوی نوێژ بەجێدێنن ، پەروەردگاریمە نزاو پاڕانەوەم قبوڵ بفەرمووو ).**

﴿ رَبَّنَا اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ الْحِسَابُ ﴾ إبراهيم: ٤١ .

**واتە: ( پەروەردگاریمە لە من و دایك و باوکم و هەموو ئیمانداران خۆش ببە لەو ڕۆژەی حیساب ولێکۆڵینەوە لە بەندەکانت دەکەیت).**

﴿ رَبِّ هَبْ لِي حُكْمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ وَاجْعَلْ لِي لِسَانَ صِدْقٍ فِي الْآخِرِينَ وَاجْعَلْنِي مِنْ وَرَثَةِ جَنَّةِ النَّعِيمِ * وَلَا تُخْزِنِي يَوْمَ يُبْعَثُونَ ﴾ الشعراء : ٨٣– ٨٥ ، ٨٧ .

**واتە: ( پەروەردگارم دانای و تێگەیشتنی دروستم پێ ببەخشەو بمگەیەنە بە پیاو چاکان، وە شۆرەتی باش و یادی خێرم بخەرە سەر زاری نەوەکانی پاش خۆم، وە بمگێڕی لە میراتگرانی بەهەشتی پڕ نازو نیعمەت ).**

﴿ رَبِّ هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ﴾ الصافات : ١٠٠ .

**واتە: ( پەروەردگارم نەوەیەکم لە چاکەکاران پێ ببەخشە).**

﴿ رَبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ ﴾ الممتحنة : ٤ .

**واتە: ( پەروەردگاریمە بەتەنها پشتمان بەتۆبەستتوە، هەر بۆلای تۆش گەڕاوینەتەوە، وە سەرەنجامیشمان هەر بۆلای تۆیە).**

﴿رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِلَّذِينَ كَفَرُوا وَاغْفِرْ لَنَا رَبَّنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ الممتحنة: ٥.

**واتە: ( پەروەردگاریمە نەمانکەیتە فیتنەو تاقیکردنەوەی کافران کە لە دینەکەمان وەرمانگێڕن، لێمان خۆشببە پەروەردگاریمە بەڕاستی هەر تۆی دەسەڵاتداری کارزان ).**

﴿ رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَى وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحًا تَرْضَاهُ وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ الصَّالِحِينَ﴾ النمل:١٩.

**واته: (پەروەردگارم کۆمەك و ڕاهێنەرم بە لەسەر سوپازگوزاری ئەو نازو نیعمەتانە ی بەسەر من و دایك و باکمدا ڕشتوتە ، وەکاری چاك ئەنجامبدەم کەمایەی ڕزامەندی تۆبێت، وە بە میهرەبانی خۆت بمخیتە ڕیزی بەندە چاکە کارانت ).**

﴿ رَبِّ هَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ ﴾ آل عمران : ٣٨ .

**واته: ( پەروەردگارم لەلایەن خۆتەوە نەوەیەکی چاك و پاکم پێ ببەخشە بەڕاستی تۆ بیسەری نزا و پاڕانەوەکانی).**

﴿ رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ ﴾ الأنبياء : ٨٩ .

**واته: ( پەروەردگارم بە تەنیا و بێ واریس مەهێڵەرەوە ،وە تۆ چاکترینی واریسانی بۆمن و هەمو مردووان).**

﴿ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّيكُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ ﴾ الأنبياء : ٨٧ .

**واته: ( هیچ پەرەستراوێك بەهەق نیە جگە لە تۆ، پاك و بێگەردی هەر بۆتیە، بەڕاستی من لەستەمکارانم کە ستەمم لە خۆم کردووە ).**

﴿ رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي * وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِنْ لِسَانِي * يَفْقَهُوا قَوْلِي ﴾ طه : ٢٥-٢٨ .

**واته: ( پەروەردگارم دڵ و سینەم گوشادوو شاد بکە، وە فرمان و کارەکانم بۆ ڕەخسا و ئاسان بکە، گرێی زمانم بکەرەوە و زما پاراوم بکە تا لە وتەکانم بگەن و لێم حاڵی بن ).**

﴿ رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي فَاغْفِرْ لِي ﴾ القصص : ١٦ .

**واته: ( پەروەردگارم من ستەمم لە نەفسی خۆم کرد ساتۆش لێم ببورە و بمبەخشە ).**

﴿ رَبَّنَا آمَنَّا بِمَا أَنْزَلْتَ وَاتَّبَعْنَا الرَّسُولَ فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ ﴾ آل عمران : **٥٣** .

**واتە: ( پەروەردگاریمە ئیمانمان هێنا بەو پەیامەی نازڵتکردوە ،وە شوێن پێغەمبەرەکەت کەوتین، سا تۆش لەوانەمان بژمێرە کە شاهیدی یەکتاپەرستی تۆ و ڕاستی پێغەمبەرەکەتیان داوە) .**

﴿ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ * وَنَجِّنَا بِرَحْمَتِكَ مِنَ الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ ﴾. یونس : ٨٥ ، ٨٦

**واتە:( پەروەردگاریمە نەمانکەیتە فیتنەو تاقیکردنەوەی ستەم کاران کە لە دینەکەمان وەرمانگێڕن، وە بەڕەحم بەزەی خۆت ڕزگارمانکە لە دەستەی کافران) .**

﴿ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِي أَمْرِنَا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ ﴾ ال عمران :١٤٧.

**واتە:(پەروەردگاریمە لەگوناه و تاوانەکانمان خۆشبە وە درێغی و زیادەڕەوی لەکارەکانمان بپۆشە، وە پێ چەسپاومان بکە و سەرخەرمان بە بەسەر دەستەی کافراندا ).**

﴿ رَبَّنَا آتِنَا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا﴾ الكهف : ١٠ .

**واتە:( پەروەردگاریمە لەلایەن خۆتەوە ڕەحم ومیهری تایبەتمان پێبکە ،وە چاوکراوە وکارسازیمان بۆ بکە لەم کارەماندا).**

﴿ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا ﴾ طه : ١١٤ .

**واتە:( پەروەردگارم عیلم زانیاریم زیاد بکە) .**

﴿ رَبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ * وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَنْ يَحْضُرُونِ ﴾ المؤمنون : ٩٧ ، ٩٨

**واتە:( پەروەردگارم پەنات پێدەگرم لە خەمزو شێتی شەیتانەکان وە پەناتپێدەگرم پەروەردگارم لە فریودانیان لەکاتی سەرەمەرگدا).**

﴿ رَبِّ اغْفِرْ وَارْحَمْ وَأَنْتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ ﴾ المؤمنون : ١١٨ .

**واته:( پەروەردگارم بمبەخشە و بەزەیت پێمدا بێتەوە بەراستی هەرتۆی باشترینی لێبوردە و بەخشندان).**

﴿ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴾ البقرة : ٢٠١ .

**واته:( پەروەردگاریمە هەم لە دوونیادا خێرو چاکەمان بە نسیبکەی هەم لە قیامەتدا توشی خێروخۆشیمان بکەی ،وە لە سزای ئاگریش بمانپارێزی).**

﴿ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ ﴾.

**واته:(گوێبیستی فرمانەکان بوین وگوێڕایەڵ و ملکەچین بۆی ، دەسا تۆش لێمان خۆش ببە ئەی پەروەردگاریمە).**

﴿ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنْتَ مَوْلَانَا فَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ﴾ البقرة : ٢٨٥ .

**واته:( ئەی پەروەردگاریمە گەر فرمانێکمان لەبیر کرد یان تێیدا بەهەڵە چوین لێمان مەگرە، ئەی پەروەردگاریمە ئەرك و فرمانێکی گران لەسەر شانمان دامەنێ وەك ئەوانەی نەتەوەکانی پێش ئێمەت پێ تاقیکردەوە ، پەروەردگاریمە ئەرکێك مەدە بەسەرماندا توانای هەڵگرتنیمان نەبێت چاوپۆشیمان لێبکە وبەزەیت پێماندا بێتەوە ، هەرتۆی پشت و پەنامان ،دەسا سەرمانخە بەسەر دەستەی کافراندا ) .**

﴿رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنْتَ الْوَهَّابُ ﴾آل عمران : ٨ .

**واته:( ئەی پەروەردگاریمە پاش ڕێنمونیکردنمان بە نوری هیدایەت دڵەکانمان لەو ڕێیەلامەدە ،وە لە ڕەحم و بەخششی خۆت بێ بەشمان نەکەی بەڕاستی بەخشندەی تۆ بێ شومارە ).**

﴿ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ * رَبَّنَا إِنَّكَ مَنْ تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ * رَبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلْإِيمَانِ أَنْ آمِنُوا بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا * وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الْأَبْرَارِ * رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدْتَنَا عَلَى رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ الْمِيعَادَ ﴾ آل عمران : ١٩١- ١٩٤ .

**واتە:( ئەی پەروەردگاریمە ئەم بونوەرو دروستکراوانەت بێ هودە و بێ ئامانج دروست نەکردووە، پاك و بێگەردی بو ̌تۆ ،دەسا تۆش لە سزای ئاگر بمانپارێزە ، ئەی پەروەردگاریمە ئەوەی تۆ بیخەیتە ئاگرەوە ئەوە بێگومان ریسوات کردووە ، وە بۆ ستەمکاران هیچ پشتیوان و رزگارکەرێك نی یە لە قییامەتدا ، ئەی پەروەردگاریمە ئێمە گوێ بیستی بانگخوازێك بوین کەبانگەوازی خەڵکی دەکرد کە ئیمان بە خوای خۆتان بێنن ئێمەش ئیمانمان هێنا، ئەی پەروەردگاریمە سا لەگوناهەکانمان بمان بەخشە ، وە تاوانەکانمان لەسەر هەڵگرە وە لەگەڵ چاکەکاران بمان مرێنە.ئەی پەروەردگاریمە ئەوەی لەسەر زاری پێغەمبەرەکانت بەڵێنت پێداوین پێمان ببەخشە وە لەرۆژی قییامەتدا شەرمەزارو سەرشۆڕمان مەکە بێ گومان تۆ پەیمان وگفتەکانی خۆت بەجێ دێنیت ).**

﴿ رَبَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَأَنْتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ ﴾ المؤمنون : ١٠٩ .

**واتە:( ئەی پەروەردگاریمە ئێمە ئیمانمان هێنا دەسا تۆش لێمان خۆش ببە و ڕەحم و بزەیت پێماندا بێتەوە چونکە تۆ لەهەمووان بەمیهر و بە بەزەی تریت).**

﴿ رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا *إِنَّهَا سَاءَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا ﴾ الفرقان : ٦٥، ٦٦

**واتە:( پەروەردگاریمە سزای جەهەننەممان لێ لادە چونکە بەڕاستی سزاکەی لەکۆڵ نابێتەوە ،وە بێ گومان جەهەننەم جێگەو شوێنێکی خراپ و ناهەموارە)**

﴿ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا * قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴾الفرقان: ٧٤.

**واتە:( پەروەردگاریمە لە هاوسەر و نەوەکانمان مایەی ڕوناکی دیدەو سۆمای چاوەکانمان پێببەخشە).**

﴿ رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَى وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحًا تَرْضَاهُ وَأَصْلِحْ لِي فِي ذُرِّيَّتِي إِنِّي تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّي مِنَ الْمُسْلِمِينَ ﴾ الأحقاف: ١٥ .

**واته:( پەروەردگارم ڕامم بێنە کەشوکرانە بژێیری ئەو چاکەو نیعمەتتەت بکەم کە بەسەرمنتتاداوە وەکاری چاکە بکەم لەپێناوی ڕەزامەندی تۆدا وە نەوەکانم سەر راستو ساڵح بکە بەڕاستی من بۆلای تۆ گەڕاومەتەوە وە من لە موسوڵمانانی گەردن کەچم ).**

﴿ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ ﴾ الحشر: ١٠ .

**واته:( پەروەردگاریمە لە ئێمە و هەموو ئەو برایانەمان کە لە پێش ئێمەدا ئیمانیان هێناوە خۆشببە ، وە هیچ رق بوغزێك لەدڵماندا مەهێڵە بەرامبەر ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، پەروەردگاریمە بەراستی تەنها تۆی بەسۆزی میهرەبان).**

﴿ رَبَّنَا أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَاغْفِرْ لَنَا * إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ التحريم: ٨ .

**واته:( پەروەردگاریمە ئەم ڕوناکی ونورەمان بۆ تەواو بەردەوام بکە وە لێمان خۆشببە ، بەڕاستی تۆ دەسەڵات و توانایت بەسەر هەموو شتێیکداهەیە ).**

﴿ رَبَّنَا إِنَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴾ آل عمران: ١٦ .

**واته:( پەروەردگاریمە ئێمە ئیمانمان هێنا دەسا تۆش لێمان خۆش ببە و لە سزای ئاگر پارێزراومانکە).**

﴿ رَبَّنَا آمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ ﴾ المائدة : ٨٣ .

**واته:( پەروەردگاریمە ئێمە ئیمانمان هێنا سا تۆش لە ریزی شاهیداندان تۆمارمان کە).**

﴿ رَبِّ اجْعَلْ هَذَا الْبَلَدَ آمِنًا وَاجْنُبْنِي وَبَنِيَّ أَنْ نَعْبُدَ الْأَصْنَامَ ﴾ إبراهيم : ٣٥ .

واتە:( پەروەردگارم خێر و ئاشتی بەسەر ئەم شارەدا بڕێژە، وە خۆم و نەوەکانم لەبت و پەرستش بۆ غەیری خۆت بپارێزە ).

﴿ رَبِّ إِنِّي لِمَا أَنْزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ ﴾ القصص : ٢٤ .

واتە:( پەروەردگارم بەڕاستی من ئاتاج و هەژاری هەر بەخشش و خێرێکم لە لایەن تۆوە نازڵبێت بۆم ).

﴿ رَبِّ انْصُرْنِي عَلَى الْقَوْمِ الْمُفْسِدِينَ﴾ العنكبوت: ٣٠ .

واتە:( پەروەردگارم پشتیوان و سەر خەرمبە بە سەر دەستەی خراپەکار و بەدکاراندا).

﴿ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴾ الأعراف : ٤٧ .

واتە:( پەروەردگاریمە مەمانخەرە ریزی دەستەی ستەمکارن).

﴿ حَسْبِيَ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ ﴾ التوبة : ١٢٩ .

واتە:( تەنها زاتی پەروەردگارم بەسە کە پشتیوانم بێت و هیچ پەرستراوێك بەهەق نییە شیاوی پەرستن بێت جگە زاتی (الله)تەنها پشت بەو دەبەستم و هەر ئەویشە خاوەنی عەرشی مەزن و گەورە ).

﴿ عَسَى رَبِّي أَنْ يَهْدِيَنِي سَوَاءَ السَّبِيلِ ﴾ القصص: ٢٢ .

واتە:( ئومێدەوارم پەروەردگارم ڕێنمنیم بکات بۆ سەر ڕاستەڕێی هیدایەت ).

﴿ رَبِّ نَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴾ القصص: ٢١.

**واته:( پەروەردگارم لەدەستەی زاڵم و ستەمکاران ڕزگارم بکە).**

( لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ الْعَظِيمُ الْحَلِيمُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ السَّمَوَاتِ وَرَبُّ الْأَرْضِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ ).

**واته : هیچ پەرەستراوێك بەهەق نیە جگە لە زاتی الله کە گەورە و مەزن و بە حیلم و ئارامە ، هیچ پەرەستراوێك بەهەق نیە جگە لەپەروەردگاری خاوەنی عەرشی گەورە هیچ پەرەستراویچك بەهەق نیە جگە لە پەروەردگاری خاوەنی ئاسمانەکان و زەوی پەروەردگاری عەرشی زۆر بەڕێز .**

( اللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِي دِينِيَ الَّذِي هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِي وَأَصْلِحْ لِي دُنْيَايَ الَّتِي فِيهَا مَعَاشِي وَأَصْلِحْ لِي آخِرَتِي الَّتِي فِيهَا مَعَادِي وَاجْعَلِ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ وَاجْعَلِ الْمَوْتَ رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شَرٍّ).

**واته: ئەی خوایە دینم ساز و پارێزراو بکەی کە مایەی پاراستنی کارەکانمە، وە دوونیام بۆ ڕام بکە ژیانمی پێوە پیەندە ، وە دوارۆژم کە جێگەی گەڕانەوەمە، وە ژیانم بۆ بکەرە مایەی زیاد کردنی هەموو خێرەکان ،وە مردنم بکە مایەی ڕزگار بوون لە هەموو خراپەیەك .**

( اللَّهُمَّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو فَلاَ تَكِلْنِى إِلَى نَفْسِى طَرْفَةَ عَيْنٍ وَأَصْلِحْ لِى شَأْنِى كُلَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ ) .

**واته: ئەی خوایە هیوام ڕەحم و بەزەییتە ، بۆیە بە ئەندازەی چاو لێکنانێت مەمدەرە دەست نەفسم، وە هەموو کارەکانم بۆ ساز و چاك بکە ، هیچ پەرەستراوێك بە هەق نیە تەنها تۆ نەبیت .**

( اللَّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ وَابْنُ عَبْدِكَ وَابْنُ أَمَتِكَ نَاصِيَتِي بِيَدِكَ مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ أَوْ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي وَنُورَ صَدْرِي وَجِلَاءَ حُزْنِي وَذَهَابَ هَمِّي ).

**واته : ئەی خوایە من بەندەی تۆم و کوڕی بەندەکەتم، کوڕی کۆیلەکەتم، ناوچەوانم بەدەست تۆیە، فرمان و بڕیارت بەسەرمدا جێ بەجێیە، بڕیاردانت بەسەرمدا دادپەروەرانەیە ، داوات لێدەکەم به هەموو ئەو ناوانەی کە هی تۆیە ، خۆتت پێ ناوناوە یان لە کتێبەکەتدا ناردووتە خوارەوە، یان فێری یەکێك لە درزوست کراوەکانت ککردووە ، یان لە عیلمی غەیبدا لا یخۆت هێشتوتەوە و تەنها خۆت دەیزانی کە قورئان بکەیتە بەهاری دڵ و ڕوناکی سینەم ، وەڕەوێنەرەوەی غەم و پەژارە و دڵتەنگیم .**

( اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ وَالْعَجْزِ وَالْكَسَلِ وَالْبُخْلِ وَالْجُبْنِ وَضَلَعِ الدَّيْنِ وَغَلَبَةِ الرِّجَالِ ).

**واته : ئەی خوایە من پەنا بە تۆ دەگرم لە خەم وپەژارەی ، وەلە دەستەوسان و بوون و تەمبەڵی و ترسنۆکی، وە لەپشت چەمانەوە بە هۆی قەرزاریەوە ، وە لە تێشکان و ژێر کەوتنی پیاوانی ئیسلام .**

( أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ ).

**واته : پەنا بە ووتە تەواوەکانی زاتی (الله)دەگرم لە خراپەی دروست کراوەکانی .**

( أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ غَضَبِهِ وَعِقَابِهِ وَشَرِّ عِبَادِهِ وَمِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ وَأَنْ يَحْضُرُونِ ).

**واتە : پەنا بە ووتە تەواوەکانی زاتی (الله)دەگرم لە خەشم و سزای، وە خراپەی بەندەکانی، وە لە خەمزو شێتی شەیتانەکان وە فریودانیان لەکاتی سەرەمەرگدا.**

( أَعُوذُ بِعِزَّةِ اللَّهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ )

**واتە : پەنا بە قووەت وتوانای خوا دەگرم لە خراپەی ئەو ئازارەی هەستی پێدەکەم و خۆمی لێدەپارێزم.**

( اللهمَّ أنتَ رَبِّي لآ إلهَ إلاّ أنتَ خَلَقْتَني وَأنا عَبدُكَ، وَأنا على عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ ما استَطَعْتُ. أعوذُ بِكَ مِنْ شرِّ ماصَنَعْتُ. أبوءُ لَكَ بِنِعمَتِكَ عَلَيَّ وَأبوءُ بَذنبي. فاغفِر لي فإنَّهُ لا يَغفِرُ الذُّنوبَ إلاّ أنتَ ).

**واتە: خوایە تۆ پەروەردگارمی هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە تۆ. بەدیت هێناوم و من بەندەی تۆم و من لەسەر پەیمان و بەڵێنەکەمم کە بەتۆم داوە تا بتوانم . پەنات پێ دەگرم لەخراپەی ئەوەی ئەنجامم داوە لە گوناه . دان ئەنێم بە نیعمەتەکانتدا لەسەرم و دان ئەنێم بە گوناهەکانمدا. ساخوایە لێم خۆش بە ، بە ڕاستی کەس لە گوناه خۆش نابێ جگە لە تۆ.**

( اللهُمّ إنّي أعوذُ بِكَ أن أُشْرِكَ بِكَ وَأنا أعلَمُ. وَأستَغْفِرُكَ لِما لا أعلَمُ ).

**واتە: خوایە پەنات پێ ئەگرم لەوەی کە هاوبەشت بۆدابنێم و ئاگادار بم پێی، وە داوای لێخۆشبوونت لێدەکەم لەوەی کە نایزانم و لێی ئاگادار نیم .**

( اللهُمّ اغفِرْلي. وَارْحَمْني. وَاهدِني. وَعافِني وَارْزُقْني )

**واتە: خوایە لێم خۆش ببەو ڕەحمم پێبکە و ڕێنمایم بکەو بمپارێزە و ڕۆزیم بدە.**

(أللهُمّ اقسِمْ لَنا مِنْ خَشْيَتكَ ما تَحُولُ بهِ بَينَنا وَبَيْنَ مَعاصِيكَ. وَمِنْ طاعَتِكَ ما تُبَلّغُنا بِهِ جَنّتَكَ.وَمِنَ اليَقَينِ ما تُهَوّنُ بِهِ عَلَينا مَصائِبَ الدُّنيا. أللهُمّ مَتّعْنا بأَسْماعِنا وَأبْصارنا وَقُوّاتِنا ما أحيَيْتَنا. وَاجعَلْهُ الوارثَ مِنّا. وَاجعَلْ ثَأْرَنا عَلَى مَنْ ظَلَمَنا وَانْصُرْنا عَلَى مَنْ عادانا.وَلا تَجْعَلْ مُصِيبَتَنا فِي دِينِنا. وَلا تَجْعَلِ الدُّنيا أكبَرَ هَمِّنا وَلا مَبْلَغَ عِلْمِنا. وَلا تُسَلِّط عَلَينا مَنْ لا يَرْحَمُنا )

**واتە: خوایە لەترسی خۆت ئەوەندەمان بەشبەکە دوورمان بخاتەوە لە سەرپێچی کردنت. وە لە گوێ ڕایەڵی خۆت ئەوەندەمان پێ ببەخشە کە بمانگەیەنێتە بەهەشتەکەت. وە لە دڵنیایی ئەوەندەمان پێببەخشە کە بەڵاو موسیبەتەکانی دنیامان لا ئاسان بکات. خوایە کامەرانمان بکە بە بیستن‌و بینین‌و هێزەکانمان تا دەمان ژییەنی و لەدوای خۆمان بە میرات بەجێی بهێڵە بۆ کەس‌وکارو نەوەکانمان. وە ڕق‌و تورەییمان ڕوبکەرە ئەو کەسەی ستەمی لێکردووین‌و سەرمان بخە بەسەر ئەوەدا دوژمنایەتیمان دەکات. وە بەڵاو موسیبەتمان مەخەرە دینەکەمانەوەو دنیا مەکە بە گەورەترین خەفەتمان و مەیکەرە ئەوپەڕی زانستمان‌و خوایە کەسێك دەسەڵاتدار مەکە بەسەرماندا کە ڕەحممان پێ ناکات و بەزەیی نەیەتەوە پێماندا.**

( اللهُمَّ أكفِني بِحَلالِكَ عَن حَرامِكَ. وأغْنِـي بِفَضلِكَ عَمَّنْ سِواكَ )

**واتە: خوایە بە حەڵاڵی خۆت تێرم بکەو بێ نیازم بکە لەحەرامت تا مەجبوری نەبم و بە فەزڵی خۆت دەوڵەمەندو بێ نیازم بکە لە غەیری خۆت.**

**( اللهُمّ لاسَهْلَ إلاّ ماجَعَلتَهُ سَهلاً.وأنتَ تَجعَلُ الحَزْنَ إذا شِئتَ سَهلاً )**

**واتە: خوایە هیچ کارێکی ئاسان نییە مەگەر ئەوەی تۆ ئاسانت کردووە. وە تۆ ئەگەر ویستت لێبێ زبری و ڕەقی و گرانی زەوی ئاسان دەکەیت**

**( اللهُمّ أحييني ما كانَتِ الحَياةُ خَيراً لِي. وَتَوَفَّني إذا كانَتِ الوَفاةُ خيراً لِي )**

**واتە: خوایە بمژێنە هەتا ئەو کاتەی ژیان چاکە بۆم و بممرێنە ئەگەر مردن خێری تێدا بوو بۆم.**

**( أللّهُمَّ اجعَلْ فِي قَلبـي نُوراً، وَفِي لِساني نوراً، وَاجعَلْ فِي سَمعي نُوراً. وَاجعَلْ فِي بَصَري نوراً. وَاجعَلْ مِنْ خَلفي نُوراً. وَمنْ أمامي نُوراً. وَاجعَلْ مِنْ فوقِي نوراً ومِنْ تَحتي نوراً.اللهُمّ أعطِني نوراً )**

**واتە: خوایە نور بخەیتە دڵ و زوبان و بیستن و بینین وپاش و پێش و سەر و خوارەوەم. سا خوایە نورم پێ ببەخشی.**

**( اللهُمّ عافِني في بَدَني. اللهمَّ عافِني في سَمعي. اللهُمَّ عافِني في بَصَري. لآ إلهَ إلا أنتَ. اللهمَّ إنّي أعوذُ بِكَ مِنَ الكُفرِ وَالفقرِ. وأعوذُ بِكَ مِن عَذابِ القَبرِ لآ إلهَ إلا أنتَ)**

**واتە: خوایە لەش و بیستن و بینینم پارێزراو بکە هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لەتۆ. خوایە پەنات پێ ئەگرم لە بێ باوەڕی و هەژاری وە پەنات پێ ئەگرم لە سزای گۆڕ، هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە تۆ.**

**( لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنْ الظَّالِمِينَ )**